دابینكردنی مافە نەتەوایەتی‌یەكانی گەلی كورد
لە چوارچێوەی ئێرانێكی دێموكراتیكی فیدراڵی‌دا

# كوردستان

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٠٨
٥ی رەشەمەی ١٣٨٣
٥ی مارس ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com


## پیرۆزبایی ٨ی مارس

لە بەرەبەری ٨ی مارس، رۆژی هاوپێوەندیی ژنانی جیهان دا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە ژنانی كوردستان، ئێران‌و جیهان دەكەین‌و سەركەوتنی ئەوان‌و هەموو مرۆڤێكی یەكسانیخواز لە خەبات بە دژی جیاوازیدانان‌و نابەرابەری‌دا بە ئاوات دەخوازین. سڵاو دەنێرین بۆ ژنانی ئێران‌و كوردستانی ئێران كە بەكوێرایی رێژیمی كۆنەپەرست‌و دژی ژنی كۆماری ئیسلامی، رێزگرتن لە ٨ی مارسیان ساڵ بە ساڵ پتر هێناوەتە نێو نەریت‌و فەرهەنگی خەباتگێڕانەی خۆیان. بە ئاواتی هەرچی بەرینتر بەڕێوەچوونی رێورەسمەكانی ئەمساڵی ٨ی مارس لە كوردستان‌و ئێران.

"كوردستان"



# كۆبوونەوەیەكی مێژوویی ٧ رێكخراوی سیاسیی نەتەوەكانی ئێران



نوێنەرانی فەرمیی حەوت رێكخراوی سیاسیی نەتەوەكانی ئێران: ١ـ بەرەی یەكگرتووی بەلووچستانی ئێران، ٢ـ بزاڤی فیدراڵ دێموكراتی ئازەربایجان، ٣ـ حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ٤ـ حیزبی خەڵكی بەلووچستان، ٥ـ حیزبی هاوپێوەندیی دێموكراتیكی ئەهواز، ٦ـ رێكخراوی بەرگری لە مافە نەتەوەیی‌یەكانی گەلی توركمەن، ٧ـ كۆمەڵە ـ رێكخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران لە رێكەوتی ٢ی رەشەمەی ١٣٨٣ (بیستی فێوریەی ٢٠٠٥)دا بە مەبەستی هاوئاهەنگكردنی خەباتی هاوبەشی خۆیان دژی رێژیمی تۆتالیتێری داسەپاو بەسەر ئێران، لە كۆبوونەوەیەكی مێژوویی‌دا لە لەندەن، دوای باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بە پرسە گرنگ‌و بنەڕەتی‌یەكانی داهاتووو ئێستای ئێران‌و، بە مەبەستی بردنەسەری هەرچی زیاتری خەباتی هاوبەشی نەتەوەكانی ئێران بە مەبەستی گەیشتن بە ئازادی‌و دێموكراسی‌و دابینكردنی مافەكانیان لە چوارچێوەی سیستمێكی فیدراڵ ـ دێموكراتیك دا، گەیشتنە رێككەوتنێكی بنەڕەتی. لەو پێوەندی‌یەدا راگەیەندراوێك‌و بەیاننامەیەكیان بڵاو كردۆتەوە كە لە لاپەڕەی ٢ی ئەم ژمارەیە دایە.

## دیدارو كۆبوونەوەكانی سكرتێری گشتیی حیزب لە ئورووپا بەردەوامە



دوای سەفەر بۆ وڵاتانی سویس، ئەڵمان‌و ئیسپانیا، هاوڕێی بەڕێز مستەفا هیجری سكرتێری گشتیی حیزب سەری لە وڵاتانی ئینگلیستان‌و سوئێد دا. لەو دوو وڵاتەش جگە لە كۆبوونەوە لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی، كۆمەڵێك دیدارو چاوپێكەوتنی سیاسی‌و دۆستانەی ئەنجام دان كە راپۆرتی ئەو چالاكیانە هەر لەم ژمارەیەی "كوردستان"دا، خراونە بەرچاوی خوێنەران.

## ئاڵوگۆڕی سیاسیی خێرا لە لوبنان



بڕیارنامەی ١٥٥٩ داوای لە سووریە كرد هێزەكانی خۆی لە لوبنان بەرێتە دەر. هێزە سوپایی‌یەكانی سووریە نزیكەی ٣٠ ساڵە لە لوبنانن.

تیرۆری رەفیق حەریری سەرۆك وەزیری پێشووی لوبنان لە سەرەتای رەشەمە، بوو بە هاندەرێك بۆ وەرێكەوتنی ئاڵوگۆڕی خێرای سیاسی لەم وڵاتەدا. بەدوای دوو حەوتوو خۆپیشاندانی خەڵك وەك ناڕەزایەتی دەربڕین لەم تیرۆرەو، بوونی هێزە سوپایی‌یەكانی سووریە لەم وڵاتە، عومەر كەرامی، سەرۆك وەزیری لوبنان، دەست لە كار كێشانەوەی خۆی‌و دەوڵەتەكەی راگەیاند. "ئەمین لحود"ی سەركۆمار هەروا لەسەركارە. بەڵام سەدان هەزار خۆپیشاندەر لە شەقەماكانی بەیرووت داوای لاچوون‌و، رۆیشتنی هێزە سوپایی‌یەكانی سووریە لە لوبنان دەكەن. خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵكی لوبنان، لە هێندێك بارەوە لە ئاڵوگۆڕەكانی ئەم دواییانەی ئۆكرایین دەچێ. ئەمریكا پێشوازی لە دەست لەكاركێشانەوەی دەوڵەتی عومەر كەرامی كردوە كە لایەنگری سووریەیەو، بە دەرفەتێكی زانیوە بۆ هەڵبژاردنێكی ئازادی بە دوور لە كارتێكەریی سووریە.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە كە رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە مانگی سێپتامبری ساڵی رابردوودا بە دەركردنی بڕیارنامەی ١٥٥٩ داوای لە سووریە كرد هێزەكانی خۆی لە لوبنان بەرێتە دەر. هێزە سوپایی‌یەكانی سووریە نزیكەی ٣٠ ساڵە لە لوبنانن.

## ژمارەی قوربانی‌یەكانی بوومەلەرزەی زەرەند لە ٥٠٠ كەس تێ پەڕی



بەرەبەیانی رۆژی شەمۆ ٤ی رەشەمە، بوومەلەرزەیەك كە توندی‌یەكەی ٦/٤ ریشتێر بوو، دەوروبەری شاری زەرەندی لەرزاند. ئەم ناوچەیە دەكەوێتە باكووری رۆژئاوای شاری مێژوویی بەم كە ساڵی رابردوو بەهۆی بوومەلەرزەیەكی بەهێزەوە وێران بوو. لە ئاكامی بوومەلەرزەی زەرەنددا زیاتر لە ٥٠٠ كەس لە هاونیشتمانان گیانی خۆیان لەدەست داو ژمارەیەكی زۆر زیاتر بریندار بوون. نزیك بە دەهەزار خانووش لە ئاكامی بوومەلەرزەدا زیانیان پێ‌گەیشتوە. هەواڵدەریی ئیرنا، لەو پێوەندی‌یەدا رای گەیاند كە ٥٠ گوند لە ئاكامی ئەو بوومەلەرزەیەدا ٢٠٪ تا ١٠٠٪ وێران بوون.

بە هۆی مژو بارینی بەفرو خراپبوونی رێگاكان لە لایەكەوەو بێ‌سەرەوبەرەیی‌و هاوهەنگاونەبوونی دەزگاو دامەزراوەكانی كۆماری ئیسلامی لە لایەكی دیكەوە، كاری فریاكەوتن بە شلی بەڕێوە چوو. بوومەلەرزە لێدراوان‌و پاشماوەی قوربانی‌یەكان كە شەوانی دوای بوومەلەرزەیان لە بەر بارانەو لە هەوای سارد دا تێپەڕ كرد، ناڕەزایەتییان لە خاوە خاوی كاربەدەستان‌و دەزگاكان‌و كەمبوونی یارمەتی‌یەكان دەربڕی. سەرنج راكێش ئەوەیە كۆماری ئیسلامی، سەرەڕای ناوەڵامدەر بوونی وەزارەتخانەو بنیات‌و دامەزراوەكانی لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ رووداوە سروشتی‌یە گەورەكان دا، داوای یارمەتیی لە وڵاتانی دەرەوە نەكرد.

## كاندیدای سەركۆماری‌و مۆتەكەی پەروەندەی میكونووس

عەلی‌ئەكبەری ویلایەتی، وەزیری دەرەوەی پێشووی رێژیمی ئیسلامی‌و راوێژكاری ئێستای خامەنەیی لە كاروباری نێونەتەوەیی‌دا بە نیازە بۆ پۆستی سەركۆماری لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، خۆی كاندیدا بكا. لەم دوایی‌یانەدا، كاتێك هەواڵنوسێك لێی پرسی: "ئایا هاشمیی رەفسەنجانی پێی گوتوی، ئەگەر تۆ كاندیدا بی، من كاندید نابم"، وڵامی دایەوە بەڵێ. ئەم كاندیدا ئیحتیمالی‌یەی سەركۆماری، "پیشكسوت" بوونی رەفسەنجانیی وەك هۆكاری كشانەوەی خۆی لە كاندیداتۆڕی، ئەگەر رەفسەنجانی كاندیدا بێ، راگەیاند. ویلایەتی لە وەڵامی پرسیارێك دا كە ئاماژە بە دەرچوونی حوكمی گیرانی ناوبراو لەلایەن دادگای میكونووسەوە بوو گوتی: "ئەم پرسیارە هەر لە بنەڕەت ڕا بێ‌پایەیە. من هیچ پێوەندی‌یەكم بە میكونووسەوە نیەو ئەمجۆرە قسانە بە شەڕی رەوانی دەزانم." بەڵام ئەو بۆچوونە لە نێو شارەزایانی سیاسی‌دا بە هێزە كە، ئەگەر ویلایەتی نەوێرێ كاندیدای پۆستی سەركۆماری بێ، پەروەندەی میكونووس، هۆی یەكەمی دەبێ.





## عێراق لە پێشوازی چارەنووسێكی چاوەڕوانكراودا

قادر وریا

خەڵكی عێراق، رۆژی ٣٠ی ژانویەی ئەمساڵ بە بەشداریی بەرینیان لە هەڵبژاردنەكان داو بە دەنگی ئازادیخوازانەی خۆیان، رەنگی چارەنووسی لەمەودوای وڵاتەكەیان رژت‌و بناغەی عێراقی نوێیان دارشت.

ئەگەرچی گفتوگۆو ناكۆكی‌و دانوستان لەسەر چۆنیەتیی دابەشكردنی پۆستە یەكەمەكانی دەسەڵاتی عێراق، هەروا درێژەی هەیەو، لەگەڵ ئەوەش دا كە پارلمانی عێراق هێشتا دەست بەكار نەبووە، بەڵام بە وەبەرچاوگرتنی سەنگ‌و هێزی هەركام لە نەتەوەو ئایین‌و جۆراوجۆری‌یەكانی دیكەی عێراق چ لە پارلمان‌و چ لەسەر عەرزی واقیع دا، هەروەها بە سەرنجدان بەو پێویستیانە كە دەتوانن یەكپارچەیی عێراق‌و جێ‌بوونەوەی ئەو وڵاتە لە كۆمەڵگای جیهانی‌دا دابین‌و دەستەبەر بكەن، دەكرێ لە ئێستاوە نێوەرۆكی یاسای بنەڕەتیی عێراق‌و، هەیكەلی دەسەڵاتی داهاتووی پێشبینی بكەین.

ئایا ئەو پێشنووسەی نوێنەرانی جۆراوجۆری‌یەكانی پێكهێنەری عێراق بۆ قانوونی ئەساسیی داهاتووی عێراق لە ساڵی رابردوودا ئامادەو پەسندیان كرد، پەسند دەكرێتەوە؟ ئەو كێشانەی لەو پێشنووسەدا، وەك گرێ كوێرەیەك مانەوەو، بڕیاری یەكلاكەرەوەیان لەسەر نەدرا، لە لایەن پارلمانی تازەوە بەشێوەیەكی دادپەروەرانە بە جۆرێك كە لایەنی بەڕاستی حەقدار، ناهەقیی لەگەڵ نەكرێ، چارەسەر دەكرێن؟ داخوا قانوونە پەسندكراوەكان‌و بڕیارەكان لەبارەی دابەشینی دەسەڵات‌و سپاردنی پۆستەكان دەتوانن ببنە بناغەیەكی پتەو بۆ پێكەوەژیانی برایانەو دڵخوازانەو بە ئاشتیی دانیشتوانی ئەو وڵاتە؟ ئایا هەوڵ دەدرێ عێراقی نوێ ببێ بەو عێراقە فیدراڵی‌و پارلمانی‌و پلۆراڵەی زیاتر لە ساڵێكە بەڵێنەكەی دراوە؟ مێژووی خوێناوی‌و پڕكارەساتی چەند دەیەی رابردووی عێراق، سەنگ‌و قورسایی هێزە سیاسی‌یەكانی ئەو وڵاتەو بەرژەوەندە راستەقینە، رەواو واقیعبینانەكانی هەم عێراقی‌یەكان، هەم ئامریكاو هاوپەیمانەكانی، پێمان دەڵێن وەڵامێكی گەشبینانەو پۆزەتیف بە یەك یەكی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

عێراقی نوێ نابێ‌و ناتوانێ چارەنووسێكی غەیری هەڵبژاردنی سیستەمێكی فیدراڵی، پارلمان‌و پلۆراڵ هەڵبژێرێ. نابێ‌و ناتوانێ ماف‌و ئازادی‌یەكانی گەلانی پێكهێنەری ئەو وڵاتەو كەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەكان بەڕەسمی نەناسێ‌و، دابین‌و دەستەبەریان نەكا. نابێ‌و ناتوانێ سەردەمێكی نوێ لە ژیانی ئەو وڵاتەدا دەست پێ نەكا. دەسەڵاتی نوێی عێراق نابێ‌و ناتوانێ ئەزموونی دەیان ساڵەی دەسەڵاتە تۆتالیتێر، شۆوێنیست‌و دژی ئینسانی‌یەكانی ناوچەو، بەتایبەتی رێژیمی پێشووی ئەو وڵاتە، لە بەڕێوەبردنی وڵات‌و لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ‌دا دووپات بكاتەوە.

خەڵكی عێراق لە ٣٠ی ژانویەی ئەمساڵدا نیشانیان دا كە تیرۆرو توندوتیژی ناتوانێ ئەوان لە هەوڵدان بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەكەیان‌و بەكارهێنانی دەنگی ئازادانەی خۆیان بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتووی عێراق پاشگەز بكاتەوە. ئەم بەشداری‌یە بەرین‌و ئازایانەی عێراقی‌یەكان لە هەڵبژاردنەكان، ئەویش لە نێو ئەو هەموو هەڕەشەو پەلامارە تیرۆریستییانەدا، لە تامەزرۆیی ئەوان بۆ دێموكراسی‌و ماف‌و ئازادی‌یەكانی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبوو. لەو دڵنیایی‌یەوە سەرچاوەی گرتبوو كە هاتنەدیی دێموكراسی‌و دەستڕاگەیشتن بە ئازادی‌و مافەكانی مرۆڤ، دەتوانن روخساری عێراق‌و روحی عێراقی‌یەكان لە ماوەیەكی كەم دا بگۆڕن‌و، لە وڵاتی سەركوت‌و تیرۆرو كۆمەڵكوژی‌و وەحشەتەوە، لە هاونیشتمانانی بەردەوام سووكایەتی پێكراوەوە، بیانكەن بە وڵاتێكی ئازادو ئاوەدان‌و، بە مرۆڤی سەربەست‌و خاوەن ماف‌و كەسایەتی‌و حورمەت.

لە نێوخۆی عێراق دا، عەقڵیەتی بێگانە لەگەل گیانی ئەم سەردەمەو زێدەخوازی‌و خۆسەپاندنی هێزە نەریتی‌یەكان‌و، لە دەرەوەی عێراقیش بەتایبەتی لە دراوسێ‌یەتیی ئەو وڵاتەدا، نەیارانی جێگربوونی سیستەمێكی دێموكرات‌و فیدراڵی، هەموو هەوڵ‌و تەقەلای خۆیان دەدەن تا پێشی گەیشتنی عێراق بەو چارەنووسە چاوەڕوانكراوە بگرن‌و ببن بە كوسپی سەر رێگای. بەڵام ئەوەی هەموومان دەیبینین‌و هەستی پێ دەكەین، ئەوەیە كە هەم ئیرادەی عێراقی‌یەكان‌و هەم ئیرادەی نێونەتەوەیی بە شتێكی كەمتر لەو چارەنووسە، رازی نابن.

لە دراوسێ‌یەتیی ئێران‌و لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا كە كوردستان‌و ئێرانیان تێ‌دا هەڵكەوتوە، بەختی گەلان‌و چین‌و توێژی هەموو كات بێ‌بەشكراو لە دێموكراسی‌و ماف‌و ئازادی‌یە جۆراوجۆرەكان، وەخەبەر هاتوەو گلۆڵەی دیكتاتۆران‌و زەوتكەرانی ئازادی‌و مافی مرۆڤ كەوتۆتە لێژی. ئاڵوگۆڕەكانی عێراق‌و دەسكەوتەكانی كوردو دانیشتوانی دیكەی ئەم وڵاتە لەو ئاڵوگۆڕانە، خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەكان‌و هێنانەسەركاری سیستەمێكی دێموكراتیك‌و فیدراڵ لە بەشەكانی دیكەی كوردستان‌و لە وڵاتانی دراوسێ‌دا، بەگوڕترو شێلگیرتر دەكەن. گەیشتن بە دێموكراسی‌و ئازادی‌و سیستەمێكی دەسەڵاتدارەتی كە وەڵامدەری مرۆڤ‌و كۆمەڵگەی هەزارەی سێهەم بێ، لە چارەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە نووسراوە، ئەگەر رێژیم‌و دەسەڵاتەكانی ئێستا بۆ خۆشیان رێگا بۆ ئەم چارەنووسە چۆڵ نەكەن، خەڵكی وڵاتانی ناوچە بە خەباتی خۆیان‌و بە پشتیوانیی جیهانی دێموكراسیخواز، لە سەر رێی چارەنووسی حەتمیی خۆیان لایان دەبەن.


وتووێژی عیرفان قانعی فەرد لەگەڵ سكرتێری گشتیی حیزب ٣
دیدارو چاوپێكەوتنەكانی سكرتێری گشتیی حیزب لە ئینگلستان ٤
ناسیۆنالیزمی مەدەنی یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی كورد ٨
بەڕێوەچوونی كۆڕیادی ٣ی رەشەمە ٩
سەرنجێك لە هەوڵە "دیپلوماسی"یەكانی ئەمریكا بەرانبەر بە كۆماری ئیسلامی ١٠


## ناوەندی ژنانی كورد بۆ داكۆكی لە ئاشتی‌و مافی مرۆڤ پێش بە تێكۆشانی گیرا

رۆژی شەمە ٨ی رەشەمەی ١٣٨٣ بەشی "حیفازەتی ئیتلاعات"ی هێزە ئینتیزامی‌یەكان بە ناوەندی ژنانی كورد بۆ داكۆكی لە ئاشتی‌و مافی مرۆڤی راگەیاند كە [سەلاحیەتی] ئەم كانوونە رەت كراوەتەوەو مافی تێكۆشانی نیەو، ئەگەر درێژە بە تێكۆشان بدا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێ. ئەم ناوەندە كە دوكتور روئیا تلووعی‌و نگین شێخولئیسلامی دایان مەزراندوە، تێكۆشان بۆ ئاشتی‌و دیموكراسی‌و پێشگیری لە توندوتیژی بە دژی ژنان‌و كەمینە نەتەوایەتی‌یەكانی كردوە بە ئامانجی خۆی‌و دروشمە سەرەكی‌یەكەی ئەمەیە"مافەكانی ژنان، مافەكانی كەمینە نەتەوایەتی‌یەكان= مافی مرۆڤ" .

ناوەندی ژنانی كورد بۆ داكۆكی لە ئاشتی‌و مافی مرۆڤ وێڕای مەحكوومكردنی ئەم بڕیارە رای گەیاندوە كە تێكۆشانی خۆی لە پێناوی ئاشتی‌و دیموكراسی درێژە دەداو، ئامادەی هەرچەشنە وەڵامدانەوەیەكە و لەم پێوەندی‌یەدا سكاڵای خۆیان بە رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان رادەگەیەنن.

## سمینارێك بۆ باس لە كێشەكانی ژنان لە پێشوازی رۆژی جیهانیی ژنان دا

١٠

# راگەیەندراوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"

خەڵکی خەباتکارو ئازادیخوازی ئێران!

نوێنەرانی فەرمیی حەوت رێکخراوی سیاسیی نەتەوەکانی ئێران لە رێکەوتی ٢ی رەشەممەی ١٣٨٣ (بیستی فێوریەی ٢٠٠٥)دا بە مەبەستی هاوئاهەنگکردنی خەباتی هاوبەشی خۆیان دژی رێژیمی تۆتالیتێری داسەپاو بەسەر ئێراندا، لە کۆبوونەوەیەکی مێژوویی‌دا لە لەندەن، دوای باسو ئاڵوگۆری بیرورِا سەبارەت بە پرسە گرنگو بنەڕەتی‌یەکانی داهاتووو ئێستای ئێرانو، بە مەبەستی بردنەسەری هەرچی زیاتری خەباتی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێران بە ئامانجی گەیشتن بە ئازادیو دێموکراسیو دابینکردنی مافەکانیان لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵ ـ دێموکراتیکدا، گەیشتنە رێککەوتنێکی بنەڕەتی.

داوای ئێمە لە هەموو خەڵك، حیزبە سیاسی‌یەکانو ئەو رووناکبیرو ئازادیخوازانەی کە تێدەکۆشن بۆ رزگاریی وڵاتەکەیان لە چنگی سەرەڕۆیی زاڵ بەسەر ئێرانو، خوازیاری ئازادیو دێموکراسین، ئەوەیە کە لەم پێناوەدا یارمەتیمان بدەن تا بە کاری هاوبەش بتوانین ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیك بە مافی وەك یەك بۆ هەموو هاووڵاتیانو نەتەوەکان، بنیات بنێین.

هەروەها داوامان لە هەموو هێزە دێموکراتیکەکانو بنیاتەکانی بەرەڤانی لە ئازادیو دێموکراسیو رێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا ئەوەیە کە: یارمەتیدەرمان بن لەم خەباتە هەقخوازانەیەدا تا فەریادی هاوبەشمان بە دژی ستەمو بۆ ئازادی، تێکەڵ بە یەکدی بێ.

ئەو رێکخراوانەی کە ئەم راگەیەندراوەیان ئیمزا کردوە، بریتین لە:

١ـ بەرەی یەکگرتووی بەلووچستانی ئێران
٢ــ بزاڤی فیدراڵ دێموکراتی ئازەربایجان
٣ــ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٤ـ حیزبی خەڵکی بەلووچستان
٥ـ حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز
٦ــ رێکخراوی بەرگری لە مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی تورکمەن
٧ـ کۆمەڵە ـ رێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

❊❊❊

# بەیاننامەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

هەموو خەڵكو هەموو نەتەوەکانی ئێران، خاوەنی ئێرانن، حەقێك کە ئێستا زۆرینەی ئەوانی لێ بێبەش کراوە.

ئێمە هەست بەو ستەمە نەتەوەیی‌و هاڵاواردنانە دەکەین کە لەوان کراوە، و هەر بۆیەشە سەری رێز دادەنەوێنین بۆ ئەو فیداکاریو ئازارانەی کە رۆڵەکانی ئەم خاكو ئاوە بە مەبەستی دابینکردنی دادپەروەریو ئازادی لە ئێران دا چێشتویانن.

ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین کە رەوایی سیاسیی هەر دەسەڵاتداری‌یەك، تەنیا لە ئیرادەی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێو کەواتە لە ئێرانی فرە نەتەوەش دا، وەها رەوایی‌یەك لە ئیرادەی نەتەوە جۆراوجۆرەکانو لە پاراستنی مافی بەرامبەر بۆ هەموان دا خۆ دەنوێنێ.

لە بەر ئەوەی بە بێ بەشداریی هەموو نەتەوەکان لە بەرێوەبردنی وڵاتو بەرێوەبردنی کاروباری ئەو ناوچانەی کە تێیدا نیشتەجێن و بە بێ رەخساندنی دەرفەتی وەکیەك بۆ هەموان، ئەگەری گەیشتن بە ئازادی‌یە زەوتکراوەکانو ئاشتی‌و پێشکەوتنی واقیعی ئەستەم دێتە بەرچاو. هەر بۆیە ئێمە لە سەر ئەو باوەڕین کە دامەزراندنی حکومەتێکی فیدراڵ لە سەر بنەمای نەتەوەیی ـ جوغرافیایی، تەنیا میکانیزمی سیاسیی کارایە بۆ دەرکەوتنی ئیرادەی سیاسیی هەموو نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد، دێمۆکراتیكو یەکگرتوودا. ئێمە



رێکخراوەکانی نەتەوە ئێرانی‌یەکان لە ٢٠ فێورییەی ٢٠٠٥دا لە " کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ "دا لە دەوری‌یەك کۆبووینەتەوەو لە سەر ئەو بنەمایە دەستی یەکێتیمان خستۆتە نێو دەستی یەکەوەو ئەم رێسا بنەڕەتییانەی خوارەوەمان وەك کۆمەڵێ رێسای هاوبەش کردۆتە بەرنامەی کاری خۆمانو تا لەو رێگایەوە هاوکاریی یەکدی بکەینو چالاکییەکانمان یەك بخەین:

١ــ کۆماری ئیسلامی، حکوومەتێکی تۆتالیتێرەو دژی ئازادیو مافەکانی خەڵکی ئێرانە،هەربۆیە، رووخاندنی ئەو رێژیمە مەرجی یەکەمی دامەزراندنی حکوومەتێکی فیدراڵو دێموکراتیکە لە ئێران دا.

٢ــ ئێمە هاوکات کە باوەڕێکی قووڵمان بە ئیرادەی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان بە پێی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان هەیە، خوازیاری دامەزراندنی حکوومەتێکی فیدراڵین لە ئێران دا لە سەر بنەمای نەتەوەیی ـ جوغرافیایی لە چوارچێوەی ئێران دا.

٣ـ جودایی تەواوی ئایین لە دەوڵەت.

٤ــ هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی جینسی، و دابینکردنی مافی بەرابەری ژنان لەگەڵ پیاوان دا لە هەموو بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌یەکانو ...دا.

٥ـ دابینکردنی ئازادیی ئەندیشەو رادەربڕینو پێکهێنانی رێکخراوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانو گەرەنتی‌کردنی بەرابەریی یاسایی هەموو هاووڵاتییان لە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی یاسادا.

٦ــ دابینکردنی دادپەروەریی ئابووریو کۆمەڵایەتی‌و بردنەسەری ئاستی ژیانی هاووڵاتییان لە رووی چۆنایەتی‌یەوە.

٧ــ چەسپاندنی پەیوەندیی ئاشتیخوازانە لەگەڵ هەموو وڵاتاندا، لەسەر بنەمای رێزگرتنی دوولایەنە، رێزگرتن لە پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانو چارەسەرکردنی مشتومڕەکان بە کەڵکوەرگرتن لە مێتۆدی ئاشتیخوازانەو یاسا جیهانی‌یەکان.

٨ــ خەبات دژی تێرۆریزمو چەکە کۆکوژەکان لە ناوچەداو هاوکاریی نێونەتەوەیی دژی ئەو دیاردەیەو پشتیوانی لە چارەسەریی ئاشتیخوازانەی ناکۆکی‌یە ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان.

ئێمە بانگهێشتی ئەو رێکخراوو کەسایەتی‌یە سیاسییانە دەکەین کە باوەڕیان بە بەندەکانی ئەم بەرنامەیە هەیە، تا پەیوەست بن بەم کۆنگرەیەوەو یارمەتیمان بدەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم ئەرکە پڕ بایەخە.

ئەو رێکخراوانەی کە ئەم بەیاننامەیەیان ئیمزا کردوە، بریتین لە:

١ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢ــ بەرەی یەکگرتووی خەڵکی بەلووچستان
٣ـ کۆمەڵە ـ رێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٤ـ بزاڤی فیدراڵ دێموکراتی ئازەربایجان
٥ـ حیزبی خەڵکی بەلووچستان
٦ـ حیزبی هاوپێوەندیی دێمۆکراتیکی ئەهواز
٧ــ رێکخراوی بەرگری لە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی تورکمەن

❊❊❊



ژاك شیراك



تونی بلێر



جۆرج بووش



گێرهارد شرۆیدێر

# کاردانەوەی سەفەرەکەی بووش

## لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی ئوروو پایی سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێران

**عەولا بەهرامی**

## رێبەرانی جیهان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئێران نابێ دەستی بە چەکی ناوکی رابگا

سەردانە پێنج رۆژی‌یەکەی (٢٠ تا ٢٤ فێوریە) بووش سەرکۆماریی ئەمریکا بۆ ئورووپا، لەگەڵ ئەوەی لە هەلومەرجێکی هەستیاری سیاسیی نێونەتەوەیی‌دا ئەنجام درا، کۆمەڵێك مەبەستی ئاشکرای هەبوو کە هەرکامەیان گرنگیی تایبەتیان هەیە، کە دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەیان پێ‌بکەین.

ــ ئاسایی کردنەوەی پێوەندی‌یە سیاسی‌یەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ئەو بەری ئوقیانووسی ئەتلانتیك کە بە هۆی دژایەتیی هەرکام لەو وڵاتە گرنگەکانی ئاڵمان، فەڕانسەو رووسیە سەبارەت بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق پێك هاتبوو.

ــ راکێشانی هاوکاریی وڵاتانی ئەندامی ناتۆو یەکیەتیی ئورووپا بۆ پێکهێنانی سەقامگیریو هێمنایەتی لە عێراقدا.

ـ تۆکمەترکردنی پشتیوانیی وڵاتانی ئورووپایی لە پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل ـ فەلەستین (گەلاڵەی رێگا) بە دوای ئەو گۆڕانکاری‌یانەی لە رێبەرایەتیی فەلەستینی‌یەکان دا پێك هاتون.

ــ گرنگتر لەوانیش دروست کردنی کۆدەنگی سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێران.

بە بڕوای زۆر لە خاوەنڕایانی سیاسی یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی یەکەم سەفەری پرێزێدنت بووش لە خولی دووهەمی سەرکۆماری‌دا بۆ ئورووپا بریتی بوو لە نزیك کردنەوەی بۆچوونی وڵاتانی ئورووپایی‌و لە سەرووشیانەوە وڵاتانی ئاڵمان، فەڕانسەو رووسیە لە بۆچوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پرسی ناوکیی ئێران. ئەوەش راست لە کاتێك دایە کە سێ خول وتووێژی نێوان وڵاتانی بریتانیا، ئاڵمانو فەڕانسە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هیچ ئەنجامێکی ئەتۆی لێ‌نەکەوتۆتەوەو رێبەرانی ئەو رێژیمە هەروا لەسەر درێژەدان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم پێ‌دادەگرن.

لە جەرەیانی دیدارەکانی بووش لەگەڵ هەرکام لە گێرهارد شرویدێر، ژاك شیراكو ویلادیمیر پووتین، هەردوو لا لەسەر ئەوە کۆدەنگ بوون کە ئێران نابێ دەستی بە چەکی ناوکی رابگاو تەنانەت وەك هەواڵدەریی رۆیتێر بڵاوی کردەوە گێرهارد شرۆیدێر سەدری ئەعزەمی ئاڵمان داوای لە وڵاتانی رووسیەو چین کردوە کە "لە حاڵەتێك دا دڵنیا بوون وتووێژ لەگەڵ ئێران ئاکامێکی لێ‌ناکەوێتەوە لایەنگری بکەن لەو گەمارۆیەی رەنگە لە شووڕای هێمنایەتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا بیخاتە سەر ئێران". هەرچەند ئەو وتەیەی شرۆیدێر هاودەنگی‌یەکی تەواو لەگەڵ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەیەنێ کە داوای کردوە ئەگەر ئێران پرۆژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم رانەگرێ داوا دەکا پەروەندەکەی بدرێ بە شووڕای هێمنایەتیی un، بەڵام رێبەرانی ئاڵمانو فەڕانسە وێڕای ئەوە کە هاوڕابوونی خۆیان سەبارت بەوە کە ئێران "نابێ چەکی ناوکیی هەبێ" نیشان دا، لەهەمان کاتیش دا داوایان لەسەرکۆماریی ئەمریکا کرد پشتیوانی لە وتووێژەکانی سێ وڵاتی ئورووپایی لەگەڵ ئێران بکا.

دیارە ئەوە داوایەکە کە پێشتریش لەلایەن ئورووپایی‌یەکانەوە خراوەتە بەردەم ئەمریکایی‌یەکان. بەڵام بووش لە کۆتایی سەفەرەکەی‌دا وەك رۆژنامەی گاردیەن نووسیویەتی بۆ یەکەم جار گوتوویەتی "ئورووپایی‌یەکان دەتوانن لەلایەن ئەمریکاوە لەگەڵ ئێران وتووێژ بکەن". کە ئەوەش وەك ئەو رۆژنامەیە نووسیویەتی رەنگە وەرچەرخانێك بێ لە سیاسەتی کۆشکی سپی‌دا. چونکە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لایەك سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرنامە ناوکی‌یەکانی ئێرانو لەلایەکی دیکەشەوە سەبارەت بە گرنگ نەگرتنی وتووێژەکانی نێوان وڵاتانی ئورووپایی‌و ئێران ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئورووپایی‌یەکان ناکۆکیی هەیە.

دیارە ئەو وتەیەی بووش هەرچەند جۆرێك پشتیوانی کردن لە وتووێژەکانی ئەو سێ وڵاتەیە لەگەڵ ئێران، بەڵام بە واتای نەرمی نواندنی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێران نیە. چونکە بووش لە جەرەیانی وتووێژەکانی لەگەڵ ژاك شیراكو شرویدێردا تەنانەت بەوەش رازی نەبوو کە ئەوەی ئێران هان بدرێ لە پرۆسە ناوکی‌یەکانی بێنێ. هێندێك ئیمتیازی وەك دژایەتی نەکردن لەگەڵ ئەندامەتیی ئێران لە رێکخراوی تیجارەتی جیهانی‌و دەسڕاگەیشتنی ئێران بە تێکنۆلۆژیی هەوایی ناسەربازیی بدرێتێ. ( شایانی باسە ماوەیەك لەوە پێش ئەمریکا بۆ جارێکی دیکەش دژایەتیی خۆی سەبارەت بە ئەندامەتیی ئێران لە رێکخراوی تیجارەتی جیهانی راگەیاند).

لە دیداری بووشو ویلادیمیر پوتینیش‌دا کە دوابەشی سەفەرەکەی بووشی پێك دێناو لە براتیسلاوای پێتەختی سلۆواکی بەڕێوە چوو، وتەی دەسڕانەگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی لە حاڵێکدا لە لایەن بووشو پووتینەوە جەختی لەسەرکرایەوە، کە بڕیار وایە بەم زووانە پرۆتۆکولێك لە نێوان ئێرانو رووسیە لە پێوەندی لەگەڵ دانی سووتەمەنیی ئەتۆمی بە ئێرانو گەڕاندنەوەی پاشماوەی ئەو سووتەمەنی‌یەی رووسیە واژۆ دەکرێ.

شایانی گوتنە دوابەدوای دیدارەکانی بووش لەگەڵ شرویدێرو شیراك حەسەن رووحانی سکرتێری شووڕای بەرزی هێمایەتیی ئێرانو سەرۆکی هەیئەتی ئێرانیی بەشدار لە وتووێژەکانی ئورووپا ـ ئێران سەردانی ناوبراوانی کرد. واوێدەچێ ئامانجی سەرەکیی رووحانی لە لایەك بریتی بێ لە گیان بەخشینەوە بە وتووێژەکانی کە لەو چەند رۆژی دوایی‌دا خولی سێهەمیان کۆتایی هاتو لە لایەکی دیکەشەوە کارکردن بێ بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی شوێنەواری سەردانەکەی بووش لەسەر ئەو وڵاتانەو درێژەی وتووێژەکان.

دەرەنجام:

هەرچەند بووش لە سەردانەکەی بۆ ئورووپا توانی کۆدەنگی‌یەك سەبارەت بە دەسڕانەگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی وەدەست بێنێ، بەڵام ئایا ئەوە لە خۆی‌دا بەو واتایەیە کە ئەم وڵاتانە کە هەر کامیان کۆمەڵێك بەرژەوەندی ئابووریی‌و تیجارییان لەگەڵ ئێران دا هەیە، لە حاڵێکدا کە وتووێژەکانی ئەوانو ئێران بە بنبەست بگا، لە دانی پەروەندی ئەتۆمیی ئێران بە شووڕای هێمنایەتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی دەکەن؟ ئایا رووسیە کە هەم ئەندامی شووڕای هێمنایەتیی‌و هەمیش لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دایە کە تێکنۆلۆژیو سووتەمەنیی ناوکی بە ئێران دەفرۆشنو لەو رێگایەوە کۆمەڵێك بەرژەوەندیی گرنگی ئابووریو تیجاریی هەیە لەوەها حاڵەتێك دا لەگەڵ ئەمریکا هاودەنگ بێ؟

❊❊❊

# بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# وتووێژی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ عیرفان قانعی‌فەرد

**ماوەیەك لەوە پێش بەڕێز عیرفان قانعی‌فەرد، لە پێوەندی لەگەڵ دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کۆمەڵێك بابەتی دیکە، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب بە زمانی فارسی پێك هێنا. ئەمەی خوارەوە دەقی کوردیی ئەم وتووێژەیە. "کوردستان"**

**پ: بە بۆچوونی ئێوە، هەڵبژاردنەکانی عێراق چ کاریگەری‌یەك لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێن؟**

و: بەپێی ئەو نیشانانەی کە دەرکەوتوە، دەرەنجامگەلێکی پۆزەتیڤی زۆری لێ‌دەکەوێتەوە. ئەگەر پێشتر هەندێ کەس وایاندەزانی کە ئەو چالاکی‌یە خۆکوژییانەو ئەو کوشتارانەی کە لە عێراقدا وەڕێ خراون، نیشانەی ئەوەیە کە خەڵك دژی ئەو پرۆسەیەن کە لە عێراقدا دەچێتە پێشەوە، کەواتە بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی لەو دۆخە هەنووکەیی‌یە، لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری ناکەن، بەڵام بەشداری و پێشوازیی خەڵك، سەلماندی کە ئەو پروپاگەندانە چ نین جگە لە تەوەهومی رووت و بۆ هەمووان دەرکەوت کە خەڵك تەبان لەگەڵ پرۆسەی دێموکراسی‌داو خوازیاری ئازادی و دێموکراسین. لە ڕاستی‌دا، پێشوازیی خەڵك لەو هەڵبژاردنانەدا "نا"یەکی مەزن بوو بە تیرۆریستان و بەعسی‌یەکان و هەموو بڕیاردەران و دنەدەرانی ئەو کردەوانە کە بە پشتیوانیی هەندێ لە وڵاتانی ناوچە دژیان کردبووە ئەو وڵاتە، تا ببنە کۆسپێك لە بەرامبەر ڕەوتی ئازادی‌دا. لەم ڕووەوە، من لەسەر ئەوە باوەڕم کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەروەك کۆمەڵگای عێراق، لە ڕەوتی ئازادی و دێموکراسی پێشوازی دەکەن و ئەگەر دەرفەتێك بڕەخسێ کە حکوومەتە تۆتالیتێرو کۆنەپەرستەکان لە نێو بچن یان لاواز بکرێن، خەڵك ئەو ئامادەیی‌یەیان هەیە کە بۆ بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیك کە هەمووان تێی‌دا بەشدار بن، هەنگاو بنێن و تەنانەت لەم پێناوەشدا لە بەختکردنی گیانیشیان تووشی دوودڵی نایەن، هەروەك چۆن خەڵکی عێراق لە پێناوی بەشداری لە هەڵبژاردندا، قوربانی‌یەکی زۆریان بەخشی.

**پ: لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، کوردەکان پلەی دووهەمیان بەدەست هێنا. بە بڕوای ئێوە کوردەکان چ ڕۆڵێکیان دەبێ لە دەستنیشانکردنی سەرۆکایەتی عێراقدا؟**

و: لە پێوەندی لەگەڵ پرسی عێراقدا، تەنیا ئەوە گرنگ نیە کە کام نەتەوە دەنگی زیاتری هێنا یان کام نەتەوە دەنگی کەمتری هێنا. بەڵکوو ئەوەی بەلای حکوومەتی داهاتووی عێراق و هاوپەیمانانەوە گرنگە ئەوەیە کە دوای مێژوویەکی خوێنین لە عێراقدا، ناوچەکە بەرەو ئاسایش و هێمنی بڕوا و دۆخەکە نەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران. بە باوەڕی من، دەبێ کێشەکان بە ڕێککەوتن چارەسەر بکرێن و هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە عێراقدا دەژین، دەبێ مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان دابین بکرێ تا لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشداری بکەن و هێمنی و ئاسایش ڕوو لە وڵاتەکە بکاتەوە. من وای بۆ دەچم کە کوردەکان بتوانن ئەو حکوومەتە فیدراڵی‌یەی کە داوای دەکەن لە ناوچەکانی خۆیاندا سەقامگیری بکەن، هەرچەند لەوانەیە هەموو ئەو شتانەی کە داوای دەکەن، بۆیان دەستەبەر نەبێ. بەڵام بە دڵنیایی‌یەوە ئەگەر دۆخێك نەڕەخسێ کە لە ناوچەکەی خۆیاندا جۆرێك لە خودموختارییان هەبێ و خۆیان ناوچەکەی خۆیان بەڕێوە ببەن ـ هەروەك چۆن لە ساڵی ١٩٩١ەوە وایان کردوە ـ ناوچەکە هێوری و ئارامیی بەخۆیەوە نابینێ. ئەمە ڕاستی‌یەکە کە هێزی هاوپەیمانان و حکوومەتی عێراقیش پێی گەیشتوون و هەربۆیە لە یاسای کاتیی حکوومەتی عێراقدا، شێوە بەڕێوەبەرایەتیی فیدرالیستی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پەسند کراوە. ئەگەر بەو پێیە بڕوا، کوردەکان بە شێوەی دڵخوازانە لە عێراقدا دەمێننەوەو درێژە دەدەن بە ژیانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا تا هاوپێوەندی‌یەکی باش بۆ درێژەدان بە ژیان بونیاد بنرێ.

**پ: واتە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوردەکان لە موزاییکی دەسەڵاتی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاریگەری‌یەکی پۆزەتیڤیان دەبێ؟**

و: بەڵێ، وا بیر دەکەمەوە.

**پ: ئێستا کە شێعەکان لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە، ئایا دەکەونە ژێر کاریگەریی حکوومەتە مەزهەبی‌یەکانی ناوچەکەوە؟ یان وەك کوردەکان، لە گۆشەنیگایەکی ئازادیخوازانەوە دەڕواننە داهاتووی عێراق؟**

و: هەڵبەت، ئەو هێزانەی کە باوەڕیان بە ئیسلام یان مەزهەبەکانی دیکە هەیە، بە دڵنیایی‌یەوە هەوڵ دەدەن و تا بۆیان بکرێ، لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا لە مەزهەب کەڵك وەردەگرن. بەڵام شێعەکانی عێراق لەگەڵ کوردەکان پێوەندیی دۆستانەیان هەیەو گرفتەکانی وڵات بە باشی دەرك دەکەن و دەتوانن لەگەڵ کوردەکان و هێزەکانی دیکەدا بگەنە ڕێککەوتن. لە لایەکی دیکەوە، هێزەکانی شیعە تا ئێستا چەندین جار ڕایانگەیاندوە کە نایانەوێ حکوومەتێکی مەزهەبیی هاوشێوەی ئێران دامەزرێنن، بەڵکوو گوتوویانە کە تەنیا دەبێ یەکێك لە ستوونەکانی یاسادانانی عێراق، ئیسلام بێ. هەربۆیە، وا نازانم کە ئیسلام بەو شێوەیەی کە لە ئێراندا نموونەکەی دەبینرێ، لە داهاتووی حکوومەتی عێراق و یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا ڕەنگ بداتەوە. دەتوانین بڵێین، دێموکراسی‌یەکی موعتەدل لە عێراقدا دێتەکایەوە کە بتوانێ داخوازی‌یەکانی هەموو گرووپەکان دەستەبەر بکا.

**پ: بە سەرنجدان بە گۆڕانکاری‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێوە وەك حیزبێکی کوردستانی کە لە عێراقدا نیشتەجێن، چ بۆچوون و ڕێگایەك دەگرنەپێش؟**

و: ئێمە لە کۆنگرەی سیزدەهەمدا کە لە پووشپەڕی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو، دروشمی فیدرالیزمان بۆ داهاتووی ئێران بەرز کردەوەو هەر ئەو ڕێکارەش پەیڕەو دەکەین کە بە باوەڕی ئێمە ئەو شێوازە باشترین فۆرمی هەنووکەیی بەڕێوەبردنە. بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەکانی ئێران بتوانن بە شێوەیەکی دڵخوازانە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداری بکەن و هەمووان دڵنیا بن کە حکوومەتێکی دیکە، ستەمیان لێ ناکا و مافە دێموکراتیکەکانیان پێشێل ناکا و چیتر لە ژێر ناوی جیایی‌خوازی و مەزهەب و ئەو پڕوپاگەندانەی کە حکوومەتەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی دژی کورد بەکاریان دەهێنا، سەرکوت ناکرێن. ئێمە ئەو ڕێکارە پەیڕەو دەکەین و لەسەر ئەو باوەڕەین کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و نەتەوە بندەستەکانی ئێرانیش دەتوانن وەکوو کوردەکان لە بنیاتنانی ئایەندەی ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن.

**پ: بە سەرنجدان بە ئەگەری هێرشی ئامریکا بۆ ئێران، پێم خۆشە لە بۆچوونی ئێوە ئاگادار بم بە سەرنجدان بەوەی کە دوای هەڵبـژێردرانی سەرلەنوێی جۆرج بۆش، ئێوە پەیامێکی پیرۆزبایی‌تان بۆ نارد، کوردەکان لەو پێوەندی‌یەدا چ کاردانەوەیەکیان دەبێ ببێ؟**

و: گرفتی سەرەکیی ئێمەی کورد لە ئێراندا و هەموو نەتەوە بندەستەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەیە کە بەداخەوە، حکوومەتە دیکتاتۆری‌یەکان لە بەراورد لەگەڵ بزاڤە جەماوەری‌یەکاندا، بەهێزترن و بۆ دامەزراندنی سیستمێکی خەڵك سالار، ئێمە پێویستمان بە هێزی زیاتر هەیە. ئێمە دەبێ یەکگرتوویی‌یەکی زیاترمان هەبێ و دروشمەکانمان لە ڕووی سیاسی‌یەوە، دەبێ لەگەڵ سەردەمدا بگونجێ تا بتوانین خەڵك لە چنگی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕزگار بکەین. هەر ئەندازە کە خەباتی نەتەوەی بندەستی هەر وڵاتێ، بەهێزتر بێ، بەداخەوە حکوومەتە سەرەڕۆکان بە شێوەیەکی توندوتیژتر هەوڵی سەرکوتکردنی دەدەن و لەسەر ڕێگای بزاڤ و خەباتەکەی‌دا، کۆسپی زیاتر پێك دێنن. بۆیە، ئێمە بۆ دامەزراندنی حکوومەتگەلێکی خەڵك سالارانەو دێموکرات و خەڵك پەسەند، پێویستمان بە یارمەتی هەیە. ئێستا ئێمە ئەو مەسەلەیە لە جیهاندا دەبینین کە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی لە سیستمی سیاسیی حکوومەتەکاندا، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەبێ یارمەتیی لایەنی دەرەکیی، ئەستەمە. بۆیە، من ئەوە بە کارێکی لۆژیکی دەزانم کە خەڵکی ناوچەو ئەوانەی کە دەخوازن لە چنگی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕزگاریان بێ، داوای یارمەتی لە هێزە دێموکرات و ئازادیخوازە دەرەکی‌یەکان بکەن بۆ بەهێزکردنی بزاڤی ئازادیخوازانە لە نێوخۆی وڵاتدا. ئێمە لە نامەکەی خۆماندا داوامان لە جۆرج بووش کرد کە یارمەتیدەری بزاڤی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بن و داواش لە وڵاتەکانی دیکە دەکەین کە یارمەتیدەر بن تا حکوومەتێکی خەڵك سالار و دێموکراتیك بونیاد بنرێ تا لە سێبەری ئەو سیستمەدا، خەڵك بە ویستە دێموکراتیکەکانیان شاد بن و جیهانیش لە دەستی تێکدەران و توندوتیژیخوازان و حکوومەتگەلێکی لەم چەشنە ڕزگاری ببێ. ئەمە خواستی ئێمەیەو داوا لە حکوومەتە دێموکراتیکەکان دەکەین کە یارمەتیی هێزە دێموکرات و ئازادبیرەکانی ئێران و خەڵکی دێموکراسیخوازی ئێران بدەن. هەرچەند کە حکوومەتی ئێران لە جاران لاوازترە، بەڵام دەتوانێ بزاڤە جەماوەری‌یەکان سەرکوت بکا. هەروەك هەمووان ئاگادارن، ئێستا لە ئێراندا، نوێخوازان، ڕۆژنامەڤانان و خوێندکاران لە ژێر تێغی توندوتیژی دان. بۆیە ئەگەر هێزە ئازادیخوازە دەرەکی‌یەکان، یارمەتیدەری هێزە ئازادبیرو سەربەخۆکانی نێوخۆی وڵات بن، ئەو ڕووداوە چاوەڕوانکراوە زووتر ڕوودەدا.

[هەرەسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی]

**پ: بەڵام ئایا، وەرگرتنی یارمەتی لە حکوومەتە بیانی‌یەکان، نابێتە هۆی دەخالەتی ئەوان لە نێوخۆی وڵاتدا؟**

و: هەلومەرجی ئێران لە بەراورد لەگەڵ عێراق و ئەفغانستاندا، جیاوازە. بۆیە ئەگەر هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران، بەهێز بکرێن، خەڵك و هێزە جەماوەری‌یەکان دەتوانن حکوومەتی دڵخوازی خۆیان سەقامگیر بکەن.

**پ: بەپێی وتەکانی بەڕێزتان دەردەکەوێ کە کوردەکان خوازیاری جیابوونەوە نین، بەڵکوو ئەوە بەرچەسپێکە کە سەبارەت بە کوردەکان بەکاریان هێناوە؟**

و: بەڵێ! هەڵسەنگاندنەکەتان بە تەواوی ڕاستە. ئەوە حکوومەتە دیکتاتۆری‌یەکانن، کە بزاڤ و جووڵانەوە ئازادیخوازانەکان بە بیانووی جۆراوجۆری وەك جیاییخوازی و پاشکۆی بێگانەو... سەرکوت دەکەن و ئەو حکوومەتانەی کە بەسەر کوردستاندا زاڵ بوون، دژی کوردان لەم بەرچەسپانە کەڵکیان وەرگرتوە. بۆیە، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەگەر کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بتوانن بە مافی وەك یەك لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ڕۆڵ بگێڕن، ویستی جیاییخوازانەیان تێ‌دا پێك نایەت. ئەوە سەرەڕۆیی‌یە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی جیایی‌خوازانە. کوردەکان لە ڕابردووەوە تا ئێستا، دروشمی مانەوەیان لە ئێراندا هەڵگرتوە، بەڵام لە چواچێوەی سیستمێکی دێموکراتیك و ئازاد و خەڵك سالاردا تا کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە مافە دێموکراتیکەکانیان شاد بن. ئێمە لە دوایین کۆنگرەماندا، لەسەر ئەم پرسە پێمان داگرتۆتەوە. ئێمە لەو پێناوەدا خەباتمان کردوە، شەهیدمان داوە و ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕە سوورین.

سەرچاوە: سایتی "اخبار روز"



**هەلومەرجی ئێران لە بەراورد لەگەڵ عێراق و ئەفغانستان‌دا، جیاوازە. بۆیە ئەگەر هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران، بەهێز بکرێن، خەڵك و هێزە جەماوەری‌یەکان دەتوانن حکوومەتی دڵخوازی خۆیان سەقامگیر بکەن**

**به باوەڕی من، دەبێ کێشەکان بە ڕێککەوتن چارەسەر بکرێن و هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە عێراقدا دەژین، دەبێ مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان دابین بکرێ**

**ئێمە لە کۆنگرەی سیزدەهەمدا کە لە پووشپەڕی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو، دروشمی فیدرالیزمان بۆ داهاتووی ئێران بەرز کردەوەو هەر ئەو ڕێکارەش پەیڕەو دەکەین کە بە باوەڕی ئێمە ئەو شێوازە باشترین فۆرمی هەنووکەیی بەڕێوەبردنە**

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە بریتانیا

## دیدار لەگەڵ دەبیری یەکەمی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە بریتانیا



ڕۆژی ١١ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، بەڕێز کاك مستەفا هیجری، لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بریتانیا، چاوی کەوت بە ڕێزدار "ئیتن گۆڵدریچ"، دەبیری یەکەمی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لەندەن، پێتەختی وڵاتی ئینگلستان. سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥دا ئەزموونی دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیکی ١١ مانگەی هەیە، کە ئەو حکوومەتە لە لایەن ڕێژیمی شاوە کەوتە بەر هەڕەشەی توندی نیزامیو سەرکۆمارو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، قازی محەمەد لە لایەن ڕێژیمی ئەوکاتی ئێرانەوە لە سێدارە دراو حیزبی ئێمە پاش هەرەسهێنانی ڕێژیمی پاشایەتی، خەباتی خۆی شێلگیرانەتر درێژە داو خوازیاری دامەزرانی حکوومەتێکی دێموکراتیك لە ئێراندا بوو کە تێیدا مافەکانی گەلی کورد لە فۆرمی خودموختاریدا دەستەبەر بکرێ. بەڵام ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو داوا دێموکراتیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو گەلی کوردی ڕەت کردەوەو گەلەکەمان کەوتە ژێر توندترین شێوەکانی توندوتیژیو سەرکوت لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە. دواتر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان کە بە شوێن ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانەی دۆزی کوردەوە بوو لە لایەن ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر مێزی دیالۆگ تیرۆر کراو چەند ساڵ دواتر دوکتور سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری لێوەشاوەی حیزب لە بێرلین لە لایەن تیرۆریستانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کرا. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرامبەر ئەو هەموو گوشارەدا بەچۆکدا نەهاتو هەنگاوی بۆ پێشەوە ناو ئێستا حیزبەکەمان گەورەترینو بەهێزترینو دێموکرات ترین هێزە لە کوردستانی ئێراندا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆیدا، دروشمی "دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالی"دا هێنایە ئاراوەو بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە لەندەن لەگەڵ چەند ڕێکخراوی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران کۆ دەبینەوە بۆ باسو ڕاوێژ لەسەر پلاتفۆرمێك لەسەر بنەمای "ئێرانێکی دێموکراتیكو فیدراڵ" لەسەر بنەمای فیدرالیزمی جوغرافی ـ نەتەوەیی.

دوای وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب، ڕێزدار "ئیتین گوڵدریج" خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە دەربڕیو دیدو بۆچوونەکانی خۆی لەسەر پرسە پێوەندیدارەکان بە ئاگاداریی بەڕێز هیجری گەیاند.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ دەبیری یەکەمی تورکیە لە ئینگلستان

کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، بەڕێز مستەفا هیجری، چاوی کەوت بە "چان دیزدار"، دەبیری یەکەمی باڵوێزخانەی تورکیە لە وڵاتی ئینگلستان.

سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا تیشکی خستە سەر ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو دوا ئاڵوگۆڕەکانی ئێران بەتایبەتیو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی لەو پێوەندییەدا ڕوون کردەوەو ڕایگەیاند کە ئێمە خوازیاری دامەزرانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵین کە تێیدا هەموو نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیاندا. پاشان ئاواتی خواست کە وڵاتی تورکیە هەنگاوی زیدەتر بۆ چارەسەری کێشەی کوردان لەو وڵاتەدا هەڵهێنێتەوە. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا هەردوولا خۆشحاڵیی خۆیان لەو دیدارە دەربڕیو لەسەر بەردەوامبوونی ئەو چەشنە پەیوەندییانە پێیان داگرتەوە.

## دیدار لەگەڵ جێرمی کۆربین

ڕۆژی ١٠ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕێزدار "جێرمی کۆربین"، ئەندامی پارلمانی بریتانیاو گرووپی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا کۆبوویەوە. سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا سوپاسی "جێرمی کۆربین"ی کرد سەبارەت بە هەوڵو تێکۆشانی سەبارەت بە ڕوونبوونەوەی چارەنووسی شەش تێکۆشەری حیزبەکەمان کە لە ئۆکتۆبری ١٩٩٦دا لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوە درانەوە بە ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا تیشکی خستە سەر پێشێلکرانی توندی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو داخرانی ڕۆژنامە جایبیرەکانو گیرانو ئەشکەنجەدرانی ڕۆژنامەنووسانو نووسەرانو خوێندکارانی ئازادیخوازو بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدام بۆ کەسانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ لە بەناو دادگاکانی ڕێژیمی ئاخوندیدا. لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا بەڕێزیان تیشکی خستە سەر ڕەوشی هەستیارو ئاڵۆزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو ئێرانو کوردستان بەتایبەتی.

## دیدار لەگەڵ ڕێزدار عەلیرەزا نووریزادە



ڕۆژی ١١ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، ڕێزدار کاك مستەفا هیجری، چاوی کەوت بە ڕۆژنامەڤانی بەنێوبانگی ئێران، ڕێزدار "عەلیرەزا نووریزادە". لە چاوپێکەوتنێکی دۆستانەدا، ڕەوشی ئێرانو کوردستانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران کەوتە بەر باسو لێدوانو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ بەڕێز "کیت فەنیس کانسلەری ئیسلینگتۆن" لە پارلمانی بریتانیادا

ڕۆژی ١٠ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارلمانی بریتانیادا هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ "کیت فەنیس کانسلەری ئیسلینگتۆن" پێك هێنا. لەو هەڤپەیڤینەدا، سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر تێکۆشانو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانو دەرەوەی وڵات دواو تیشکی خستە سەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو تیرۆری ڕێبەرانی پایەبەرزی حیزب، بەڕێزان دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی بە پەڵەیەکی ڕەش بە نێو چاوانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەقەڵەم دا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو هەڤپەیڤینەدا، بەڕێز هیجری بە وردی تیشکی خستە سەر کردەوە تێکدەرانەکانی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت لە ئەفغانستانو عێراق. بەڕێزیان لە درێژەی هەڤپەیڤینەکەدا سیاسەتە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە هەر سێ ئاستی نێونەتەوەییو ناوچەییو نێوخۆییدا شی کردەوەو وێڕای ئاماژە بە هەوڵی بێوچانی ڕێژیم بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی ڕایگەیاند "چەندە دەستڕانەگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بۆ ئورووپاو ئەمریکا گرنگە، بەو ڕادەیەو بگرە زیاتریش دابینبوونی ئازادیو دێموکراسی بۆ گەلانی ئێران گرنگو پڕبایەخە". ناوبراو پێی لەسەر ئەو ڕاستییە داگرت کە نێوەڕۆکی ڕێژیم لەگەڵ دێموکراسیو مافی مرۆڤو بەها دێموکراتیکەکان ناتەبایەو بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە لەسەر دەسەڵات، پرۆژەی دێموکراتیزاسیۆن لە ناوچەکەدا لەگەڵ بەربەست بەرەوڕوو دەبێو هەروەها گوتیان کە دەرەنجامێکی پۆزەتیڤ لە وتووێژەکانی ئورووپاو ئێران ناکەوێتەوەو ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە دەبێ ئەو ڕێژیمە هەرەسی پێبهێنرێ. بەڕێز مستەفا هیجری لە درێژەی هەڤپەیڤینەکەدا ئاماژەی بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا کردو گوتی: "گرنگ نیە چ کەسێ ئەو پۆستە بەدەستەوە بگرێ، چونکە بە بوونی وەلی فەقیە کە لە سەرەوەی هەر یاسایەکەوەیە، هیچ بەرنامەیەکی ریفۆرمیستی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ".

سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران ڕایگەیاند، ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەگەر بە شێوەیەکی جیددی هاریکاریی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێران بکرێ، پێویست بە هیچ چەشنە هێرشێکی نیزامی ناکاتو کۆمەڵانی خەڵكو هێزە دێموکراتیکەکان ئەو پۆتانسیەلەیان هەیە کە ئەو ڕێژیمە بڕووخێننو ڕێژیمێکی دێموکراتیك بێننە سەر کار.

## دیدار لەگەڵ ڕێزدار هەژێر تەیمووریان

ڕۆژی ١١ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، کاك مستەفا هیجری، چاوی کەوت بە ڕێزدار هەژێر تەیموریان. لە دانیشتنێکی دۆستانەدا، ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئێرانو کوردستانو هەڵبژاردنەکانی عێراقو ڕۆڵی کورد لە داهاتووی عێراقدا تاوتوێ کراو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## دیدار لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب

ڕۆژی ١٢ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی ئینگلستان پێك هێنا.

ناوبراو لەو کۆبوونەوەیەدا بە وردی تیشکی خستە سەر ڕەوشی ئێرانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کوردستانو سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پاش کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزب شی کردەوەو ئەرکی ئەندامانو لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبەکەمانی لە هەلومەرجی ناسكو هەستیاری ئێستادا دەست نیشان کرد.

## دیدار لەگەڵ سەرۆکی ئیجرایی پارلمانی لۆردەکانی بریتانیا

ڕۆژی ١١ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری لەندەن، چاوی کەوت بە خاتوو "بارۆنێس کۆکس"، سەرۆکی ئیجرایی پارلمانی لۆردەکانی بریتانیا. سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا بە وردی تیشکی خستە سەر ڕەوشی نالەباری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەتایبەتی. بەڕێزیان لە قسەکانیدا ئاماژەی کرد بەو ستەمانە لە ئاستەکانی نەتەوایەتیو مەزهەبیدا لەسەر خەڵکی کوردو ئاماژەشی بەو سیاسەتانە کرد کە بە مەبەستی لاوازکردنی چالاکییە سیاسییەکانی کوردستان لەلایەن ڕێژیمەوە پەیڕەو دەکرێ.

بەڕێز هیجری لە کۆتایی دیدارەکەدا هیوای خواست کە جیهانی ئازادو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا، گوشارێکی زیاتر بخەنە سەر ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرستە تا کۆمەڵانی خەڵك بە شێوەیەکی دەرهەست، هەست بەو پشتیوانییە بکەن.

## دیدار لەگەڵ سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست



ڕۆژی ٢٢ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، هاوڕێ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوی کەوت بە ڕێزدار "لویس ئایالا"، سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست. لەو دیدارەدا ڕەوشی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو خەباتی خەڵکی ئێران بۆ دێموکراسیو هێنانەسەرکاری نیزامێکی دێموکراتیك لە ئێرانو کارو چالاکییەکانی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست کەوتنە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

بەڕێز لویس ئایالا سەفەری کاك مستەفا هیجریی بە سەفەرێکی پڕدەستکەوت لەقەڵەم داو باسی دەرەنجامەکانی سەفەری خۆی بۆ مۆسکۆو چێچێن کردو هیوای خواست گەلی کورد بە مافو ئازادییەکانی خۆی لە ئێراندا شاد ببێ.

## دیدارلەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتیی ئێرانیو کوردستانی

ڕۆژی ١٣ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، کۆمەڵێك کەسایەتیی ئێرانیو کوردستانی بۆ بەخێرهێنانی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی ناوبراویان لە "هوتێل هیلتۆن" کرد. بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا، بۆچوونو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئێرانو کوردستان خستەڕوو و بە گەرمی پێشوازی لەو بەڕێزانە کردو گوێی بۆ ڕاوبۆچوونەکانیان ڕادێرا.

ئەو بەڕێزانە بریتی بوون لە:

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان: بەڕێزان خوشکە شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە بریتانیاو کاك هاوار حاجی، بەرپرسی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە بریتانیا

پارتی دێموکراتی کوردستان: بەڕێزان کاك کامەران ساڵح بەگ، ئەندامی لقو بەرپرسی ناوچەو کاك کەمال ئامێدیو کاك توانا مەحموود سەراج، کارگێڕی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان

ـــ بەڕێز دوکتور عەبدولسەتتار دوشوکی لە "بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان"

ـ دوکتور کامبیز روستا

ـ دوکتور قاسم گران مایە

ـــ بەشێك لە هاوڕێیانی کومیتەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بریتانیا

## دیدار لەگەڵ بەرپرسی پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقاو بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی

ڕۆژی ١٤ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوی کەوت بە بەڕێزان عەبدولسەلام سەیدئەحمەدی، بەرپرسی پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئەفریقاو بەڕێز "دێری ڤێری دیك" لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی.

لەو دیدارەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان بە وردی ڕەوشی نالەباری پەنابەرو ئاوارە کوردە ئێرانییەکانی بە ئاگاداریی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گەیاند.

بەڕێز کاك مستەفا هیجری لەو دیدارەدا تیشکی خستە سەر هەلومەرجی نالەباری پەنابەرانی کوردی ئۆردوگای ئەلتاشو ڕایگەیاند کە ئەو پەنابەرانە لە هەرچەشنە ئیمکاناتێکی ژیان بێبەشنو جیا لەوەش لە ڕەوشێکی ئەمنییەتیی مەترسیداردا ژیان بەسەر دەبەنو تا ئێستا چەند کەس لە دانیشتووانی بێتاوانی ئەو ئۆردووگایە کوژراونو چەند کەسێکیشیان بێسەروشوێن بوون. دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعسی عێراق بەشێك لە دانیشتووانی ئەو ئۆردووگایە لەبەر نەبوونی هێمنیو ئاسایش، هەڵاتوونو خۆیان گەیاندۆتە سنوورەکانی ئۆردۆن ـ عێراقو ژمارەیەکی کەمیان لە لایەن دەوڵەتی سوئێدەوە وەك پەنابەر وەرگیراون، بەڵام ئەوانی دیکە لە ڕەوشێکی نالەبار دانو تەنانەت حکوومەتی ئۆردۆن ڕێگایان پێنادات بچنە خاکی ئەو وڵاتەوە. بڕێکی دیکە لەو پەنابەرە لانەوازانە بە کوێرەوەرییەکی زۆر خۆیان گەیاندۆتە ناوچەی کەلار لە کوردستانی عێراقو ئەوانیش ژیانیان بە سەختی بەڕێوە دەچێت.

سکرتێری گشتیی حیزب هەروەها ڕایگەیاند کە ژمارەیەکی زۆر کوردی ئێرانی کە لە ژێر ستەمی کۆماری ئیسلامیدا ناچار بوون وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵنو خۆیان بگەیەننە وڵاتی تورکیەو لەوێ داوای پەنابەرییان لە وڵاتی سێهەم بکەن، ئێستا لە وڵاتی تورکیەدا لە ڕەوشێکی نالەباردا بەسەر دەبەنو بەشێکی زۆری ئەو ئاوارانە تێکۆشەری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن. بۆیە گەڕاندنەوەی ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانە بۆ ئێران هەڕەشەیەکە لەسەر گیانی ئەو ئاوارانەو تەنانەت لە وڵاتی تورکیەشدا هەڕەشەو مەترسییان لەسەرە. هێندێك لەو بنەماڵانە ماوەیەکی زۆرە وەك پەنابەر لە وڵاتی دیکە وەرگیراون، بەڵام هیچ هەنگاوێك بۆ بەڕێکردنیان هەڵنەگیراوەتەوە.

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا داوای لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی کرد تا هەنگاوێکی کردەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەرانو ئاوارەکانی کوردی ئێرانی هەڵهێننەوە.

## دیدار لەگەڵ بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی کرێکاری ئینگلستان

ڕۆژی ١٥ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، ڕێزدار مستەفا هیجری، چاوی کەوت بە خاتوو "ریچێل کۆبۆرن"، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکاری بریتانیا.

سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا تیشکی خستە سەر ڕەوشی ئێرانو کوردستانو ڕایگەیاند کە سیاسەتەکانی ئورووپاو ئینگلستان لە پازدە ساڵی ڕابردووەوە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێشڤەچوونی بەخۆیەوە نەبینیوەو دیالۆگی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا نەیتوانیوە ئاڵوگۆڕ لەو سیستەمە دواکەوتوویەدا دا پێك بێنێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی ئاشکرا دەست دەخاتە کاروباری وڵاتانی ناوچەکەو پشتیوانیی سەرەکیی ئەو گرووپانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چالاکیی خۆکوژی بەڕێوە دەبەن.

بەڕێزیان هەروەها گوتیان ئێستا کورد گەورەترین نەتەوەی بندەستە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە نیشتمانەکەی دابەش کراوەو کورد مافی خۆیەتی کە بڕیار بۆ چارەنووسی خۆی لە هەر شکڵو شێوازێکدا بدا.

## دیدار لەگەڵ بەڕێز دوکتور مەحموود عوسمان

ڕۆژی ١٥ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، کاك مستەفا هیجری، چاوی کەوت بە بەڕێز دوکتور مەحموود عوسمان، کەسایەتیی ناسراوی کورد. لە دیدارێکی دۆستانەدا ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو عێراقو کوردستان بەتایبەت هەڵبژاردنە مێژووییەکەی عێراقو کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی ئەو هەڵبژاردنە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتە بەرباسو لێدوانو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## دیدار لەگەڵ ڕێزدار ستان نیونز، دۆستی لەمێژینەی شەهیدی ڕێبەر کاك دوکتور قاسملوو

ڕۆژی ١٦ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، بەڕێز مستەفا هیجری، چاوی کەوت بە ڕێزدار "ستان نیونز"، دۆستی لەمێژینەی ڕێبەری هەرگیزنەمری حیزبو گەل کاك دوکتور

←

# کۆبوونەوەی بەرینی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە سوئید



کومیتەی سوئێد: لە درێژەی سەردانەکەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ دەرەوەی ولات، بەڕێزیان سەردانی وڵاتی سوئێد کردو لە لایەن کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە پێشوازیی لێ کرا.

کاك مستەفاهیجری کە لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە مەئموریەتی پێدراوە بێتە دەرەوەی ولات، لە بەرنامەیەکی چڕو داڕێژراودا سەردانی چەند وڵاتی ئورووپایی کردوەو لە میانەی ئەم گەشتەدا دەیان چاوپێکەوتنی پڕدەسکەوتی لەگەڵ حیزبو نوێنەرایەتیی ڕێکخراوە حکوومەتی‌یەکانو ڕۆژنامەو رادیۆ تلویزیۆنەکان ئەنجام داوە و دەنگی گەلی کورد و سیاسەتی ح.د.ك ئێرانی بە بیروڕای گشتیو کاربەدەستانی حکوومەتیو کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکان ڕاگەیاند.

لە وڵاتی سوئێدیش‌دا سکرتێری گشتیی حیزب درێژەی بە چالاکییەکانی دا. دیدار لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە وڵاتی سوئێد خالێکی پلانی سکرتێری حیزب بوو کە لە رۆژی ٢٦-٠٢-٢٠٠٥دا بەڕێوەچووە.

ئەو کۆبوونەوەیە بە بەشداریی ڕێژەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب پێك هات و پاش دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی هەمووکات زیندووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە سوئێد هاوڕێیان کاك مستەفاو کاك شاهۆ حوسێنی بەخێرهاتن کران.

پاشان بەڕێز مستەفا هیجری وێڕای سوپاس لە زەحمەتی هاوڕێیانی حیزبی، وتارێکی بە پێز و وردی پێشکەش بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد و لەم وتارەدا بە وردی تیشکی هاویشتە سەر ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو ناوچەو کارتێکەریی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە بەدیهاتنی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتو هەڵوێستو تاکتیکەکانی حیزب.

هاوڕێ هیجری لەوبارەوە رای‌گەیاند کە ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەدا بەرچاون، لە کوردستاندا هۆشیاریو هەستی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی ستاندووەو حیزبی ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا، عەقلیەتێکی نوێو گونجاو کە وەڵامدەرەوەی ئەو ڕەوتە بێ، بە پێویست زانی، بۆیە کۆنگرەی سێزدەی حیزب بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەو خۆگونجاندنەی هێنایە دی.

لە ژێر ڕووناکیی ئەو لێکدانەوەدا بەڕێزیان ئاماژەی بە پێویستیی نوێبوونەوە لە حیزبدا کردو ئەم پێویستی‌یەی لە دوو خاڵی سەرەکی‌دا دەستنیشان کردو ڕای‌گەیاند کە پێویستە تێکۆشانو وزەو خەباتی حیزب لە پێناو خزمەتکردن بە دوو خاڵە گرینگەدا بێ، واتە:

١ــ ئاڵوگۆڕ لە سیستمی فیکریی حیزبدا بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی جیهانو ناوچەکە.

٢ــ زەمینە سازکردن بۆ پەروەردەکردنی لاوانو هێنانیان بۆ نێو ریزەکانی تەشکیلات.

سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای پێداگرتن لەسەر گرنگیی یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی ژنان، تێکۆشانی حیزبی لەمەر پێکهێنانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکرات لە کوردستان، پڕبایەخو وەك یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەی حیزب نرخاند.

کاك مستەفا لە درێژەی وتەکانی‌دا بە وردی لەسەر خەتو ڕێبازو سیاسەتو ئامانجەکانی حیزب دواو دەستنیشانی کرد کە لەو بارەوە کۆمەڵێك کار کراونو زەمینەی بەشێکی‌تر لە کارەکان پێك هێنراوەو هیوای دەربڕی کە لە داهاتوودا حیزب شاهیدی گرنگیی بەرهەمی ئەو تێکۆشانانە دەبێ.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا بەرێز هیجری وێرای ئەهمییەتدان بە کاری تەبلیغاتی، بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ کوردستان لە سەر ماهوارەی بە دەسکەوتێکی گرنگ زانیو رای‌گەیاند کە ئەو هەنگاوە پیرۆزە بەشێك لە گرفتەکانی حیزبی دێمۆکرات چارەسەر دەکاو لەمەودوا دەنگمان لە پانتایی‌یەکی گەورەدا بڵاو دەبێتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب پاش ئاماژەکردن بە ئاڵوگۆر لە ئاییننامەی کاروباری کومیتەی ناوەندیو ڕێکخستنی ئەو ئاییننامەیە لەگەڵ ئامانجەکانی حیزب، بە راشکاوی ئەندامانی حیزبی لە سوئێد ئاگادار کردەوە کە پێویستە بۆ هەموو بەرنامەکانی حیزبی چوارچێوەیەکمان لە بواری شێوەو کاتی بەڕێوەبردن‌دا دیاریو پاش تێپەربوونی پرۆسەکانو تەواوبوونی کاتی دیاریکراو، لێپرسینەوەو هەلسەنگاندنی وردمان هەبێ.

بەرێزیان پێیان لەسەر ئەو راستی‌یە داگرت کە بۆ وەدەستخستنی بەرهەمی بەکەڵك لە کارەکانماندا چالاکیو هاوکاریی هەموو تەشکیلاتی حیزب، هاوڕێ لەگەڵ راوێژکردن لەگەل دۆستانی حیزبو نیشتمانپەروەرانی دەرەوەی حیزبو کەڵكوەرگرتن لە پسپۆڕیو لێزانیی ئەوان شتێکی ئەساسی‌یەو پێویستە لەبەرچاو بگیردرێ.

بەرێز هیجری لە بەشێکی‌تر لە قسەکانی‌دا، ئەندامانی ئاگادار کردەوە کە زەمینەیەکی لەبار هەیە کە کۆڕوکۆمەڵە سیاسی‌یەکان گوێ لە حیزبو سیاسەتەکانی رابگرن. هەروەها وتی حیزب وێڕای پاراستنی پێوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانی پێشوو، قورسایی مەئموریەتی سکرتێری حیزبی خستۆتە سەر ئەو وڵاتانەی کە راستەوخۆ بوونو کرداریان لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست هەست پێ دەکرێ. هەر بۆیە وڵاتانی ئینگلستان، ئاڵمان، فەرانسەو ئیسپانیا لە ریزی پێشەوەی بەرنامەکان‌دا بوونو لەو بارەوە پێوەندی‌یەکانی بە پڕدەسکەوتو سەرکەوتوو لە قەڵەم داو وتی: "ڕێگە بۆ هێندێ پێوەندی‌تر کە لە داهاتوودا بەرێوە دەچێ، خۆش کراون کە تەواوکەری بەرنامەو ئامانجەکانمانن." هەروەها رای‌گەیاند کە لە دانیشتنەکانی‌دا لە سیاسەتی "دیالۆگی رەخنەگرانە"ی ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا رەخنەی گرتووە بە هێنانەوەی بەڵگە، شکستی ئەو سیاسەتەی پێ راگەیاندوونو هاوکات روانگەو پێشنیاری بەکەڵكو بەجێی ئاراستە کردون.

ناوبراو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە کێشەی رەوەندی کورد لە تاراوگەدا کردو داوای لە ئەندامانی حیزب کرد کە بە وردی جیاوازیی نێوان دوو کولتورو دەرئەنجامەکانی لەبەرچاو بگرنو خوێندنەوەیەکی دروستو وردیان لەسەر واقیع هەبێ، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی نامۆیی‌دا پێویستە خۆیان بگونجێننو نەهێلن شیرازەی بنەماڵەو پەروەردەکردنی منالەکانیان تێك بچێو دەست بۆ کردەوەی دەمارگرژانە بەرن.

سەبارەت بە بارودۆخی کوردە ئاوارەکانی رۆمادیو ئەلتاش، سنووری عێراقو ئوردۆنو هەروەها تورکیەش رای‌گەیاند کە حیزب بەپەرۆشەو هەمووکات هەولی چارەسەری ئەو وەزعەی داوەو لەو پێوەندی‌یەدا لەگەڵ ناوەندەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی ئاوارەکانو مافی مرۆڤ قسەی کردوەو مەسەلەی ئەو خوشكو برایانەی خستۆتە بەرچاوو هەروەها بەڵێنی‌دا کە لە چاوپێکەوتنەکانی دیکەشی‌دا ئەو مەسەلەیە باس دەکا و تێکۆشان بۆ چارەسەری وەزعی ئەو هاووڵاتییانە بە ئەرکی نیشتمانیو ئینسانیی خۆی دەزانێ.

پاش تەواوبوونی قسەکانی سکرتێری حیزب کە زۆر بابەتی تەشکیلاتیو نێوخۆیی حیزبی لەخۆ گرتبوو، نۆرە گەیشتە بەشی پرسیار و پێشنیارو رەخنەی ئەندامانی حیزب، لەو بەشەدا کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێیانی حیزبی دڵسۆزانەو بەرپرسانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێكو دێمۆکراتیك ڕوو لە سکرتێری حیزب، قسەکانی خۆیان پێشکەش کرد.

لە بەشی وەڵامدانەوەدا بە وردی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، سکرتێری حیزبەکەمان زۆر دێمۆکراتانە باوەشی بۆ رەخنەکان کردەوەو سوور بوو لەسەر ئەوە کە دەبێو پێویستە حیزب کەشێکی وەها پێك بێنێ کە هەموومان بتوانین رەخنە لە یەکتر بگرینو یەکگرتوو بەگژ دوژمنانماندا بچینەوەو گوتی: "ئەوە فەرهەنگی حیزبی دێمۆکراتەو دەبێ هەوڵ بدەین بێتەوە سەر رەوالی خۆی."

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا بەرێز کاك مستەفا هیجری رای‌گەیاند کە بۆ سەقامگیرکردنی کاری بە کۆمەڵو دانی بوارو سەلاحییەت بە تاکی حیزب بۆ گەشەکردنی تواناکانو فێربوون لە ئەزمونو هەڵەکان تێدەکۆشێو، داوای لە هەموو ئەندامان کرد ئەو کاتەی کە جیاوازیی بیروبۆچوونەکان خەریکن ببنە کێشە، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ یاساو پرینسیپەکانی دێمۆکراسیو کەڵکیان لێ وەرگرن. لەو بارەوە سکرتێری حیزب ئاماژەی بە دێمۆکراسیو هاوکات نەزمو یاساکانی سوئێد کرد کە زامنی بەردەوامیی ئازادیو ئەو دێمۆکراسیەن.

ئەو کۆبوونەوەیە نیزیك بە ٧ ساعەتی خایاندو لە کەشوهەوایەکی دێمۆکراتیكو پڕ لە وەفاداری‌دا کۆتایی پێ‌هات.

❊❊❊

قاسملوو و لەو دیدارەدا یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە بەرز ڕاگیرا. لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب تیشکی خستە سەر رەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێرانو کوردستانو هەڵوێستو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئاگاداریی بەڕێزیان گەیاند. بەڕێز "ستان نیونز" جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆیو حیزبەکەی لە بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردەوەو پاشان کاك مستەفا هیجری سوپاسی هەڵوێستی مرۆڤانەی بەڕێزیانی کرد.

## دیدار لەگەڵ "کۆلین پیکتهەل"، ئەندامی پارلمانو سکرتێری جاك ئیسترۆ، وەزیری دەرەوەی بریتانیا

رۆژی ٢١ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوی کەوت بە ڕێزدار "کۆلین پیکتهەل"، ئەندامی پارلمانی بریتانیاو سکرتێری جاك ئیسترۆ، وەزیری دەرەوەی بریتانیا. لەو دیدارەدا بەڕێز مستەفا هیجری باسێکی پوختی لەسەر ڕەوشی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو پرۆسەی ئاشتیی عەرەب ـ ئیسرائیلو ئێرانو کوردستانو تیرۆریزمی نێودەوڵەتیو ڕۆڵی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە پرۆسەی دێموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێشکەش کردو سەبارەت بە ئەگەری هێرشی نیزامیی ئەمریکا بۆ ئێران، سکرتێری گشتیی حیزب رای‌گەیاند کە ئەگەر یارمەتی‌یەکی جیددی بە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات لە ئێراندا بکرێ، پێویست بە هێرشی نیزامی ناکاتو هێزە دێموکراتیکەکان بە هاریکاریی گەلانی مافخوازی ئێران ئەو پۆتانسیەلەیان هەیە کە هەرەس بەو ڕێژیمە دژگەلی‌یە بێننو سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالی لە ئێراندا بچەسپێنن. هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا گوتی: ئێمە پێمان وایە کە درێژەکێشانی دیالۆگی ئورووپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا لە بەرژەوەندیی ڕێژیم دایەو دەبێ گوشاری جیددی بخرێتە سەر ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای ئاماژە بە هاوپێوەندیی کوردەکان لە ئێران، عێراق, تورکیەو سوریە، رای‌گەیاند کە چارەنووسی کوردان لە هەر پارچەیەك کار دەکاتە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانو لەو پێوەندی‌یەدا، شادیو خۆشحاڵیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی بە نموونە هێنایەوە لە کاتی چەسپانی فیدرالیزم لە دەستووری کاتیی عێراقدا. بەڕێز هیجری هەروەها ئەو راستی‌یەی خستەڕوو کە هەرچەند رای گشتیی ئورووپا دژی جەنگی عێراق بوو، بەڵام گەلانی بندەستی عێراقو ناوچەکە خۆشحاڵیی خۆیان لە رووخانی یەك لەدوای یەکی دیکتاتۆرەکانی ئەفغانستانو عێراق دەربڕیو بەشداریی بەرچاوی گەلانی عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا نموونەیەکی زیندوو و دەرهەستە.

## بەشداری لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی گەلانی ژێر دەستی ئێراندا

رۆژی ١٩ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریی کرد لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی ١٤ ڕێکخراوی گەلانی بندەستدا. ئەو کۆبوونەوەیە کە لە شاری لەندەنو لە "کیتێرینگتۆن هوتێل هلتۆن" بەڕێوەچوو، چەند گەلاڵە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی گەلانی بندەستی ئێران خرانە ڕوو. لەو کۆبوونەوەیەدا کاك مستەفا هیجری لەسەر ئێرانێکی فیدرال کە تێی‌دا هەموو گەلانی ئێران بە مافو ئازادی‌یەکانیان شاد ببن پێی داگرت. دوای باسو لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی پرسە پێوەندیدارەکان، ١١ ڕێکخراو کە لە باری بۆچوونەوە لێك نزیك بوون راگەیەندراوێکی هاوبەشیان ئیمزا کرد. دوابەدوای ئەو کۆبوونەوەیە ٧ ڕێکخراو کە پێشنیارو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتیان بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو زانی، رۆژی دواتر لەسەر چەند خاڵی هاوبەش ڕێککەوتن.

ئەو ڕێکخراوانە بریتی بوون لە: ١ــ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ٢ـ بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان، ٣ــ بزاڤی فیدرال دێموکراتی ئازەربایجان، ٤ـ حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز، ٥ـ بزاڤی بەرگری لە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی تورکمەن، ٦ـ حیزبی خەڵکی بەلووچستان، ٧ــ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## دیدار لەگەڵ "باب سپینك" نوێنەری مەجلیسی عەوامی ئینگلستان



کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆ، ڕێکەوتی ٢١ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوی کەوت بە ڕێزدار "باب سپینك"، نوێنەری پارلمانی بریتانیا لە حیزبی پارێزگاران. بەڕێز مستەفا هیجری لەو دیدارەدا بە وردی تیشکی خستە سەر دۆزی رەوای گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی‌دا بە ئاگاداریی بەڕێزیان گەیاند. تەوەرەیەکی دیکەی دیدارەکە تەرخان کرا بۆ تاوتوێکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو هەڵبژاردنە مێژوویی‌یەکەی ئەم دواییانەی عێراقو کاریگەریی پۆزەتیڤی ئەو هەڵبژاردنە لە رەوتی دێموکراسیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بەڕێز دوکتور باب ئەو کۆبوونەوەیەی بەرز نرخاندو سوپاسی سکرتێری گشتیی حیزبەکەمانی کرد بۆ ئەو دیدارەو هیوای خواست حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی کورد بە ئامانجە رەواکانیان شاد بن.

## دیدار لەگەڵ ڕێزدار "لۆرد ئێریك ئیڤیبری"

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانیی ڕێکەوتی ١٨ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، بەڕێز مستەفا هیجری، چاوی کەوت بە ڕێزدار لۆرد ئێریك ئیڤیبری، سەرۆکی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا. سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا تیشکی خستە سەر رەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو پێوەندی‌یەدا شی کردەوە. لۆرد ئیڤیبری ئەو دانیشتنەی بەرز نرخاندو پشتیوانیی لێبڕاوانەی خۆی بۆ داخوازەکانی گەلی کوردو گەلانی ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی ـ فیدراڵی دووپات کردەوە. سکرتێری گشتیی حیزبیش سوپاسی هەڵوێستی جوامێرانەی بەڕێزیانی کرد.

## بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی دەزگای B.B.Cی کرد

رۆژی ٢١ی فێوریەی ٢٠٠٥ی زایینی، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی دەزگای راگەیاندنی "بی.بی.سی"ی کردو لە لایەن کارگێڕانی بەشی فارسی ئەو دەزگایەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ‌کرا. لەو دیدارەدا هاوڕێ سکرتێری گشتی وێڕای دیتنی بەشە جیاجیاکانی "بی.بی.سی"، باسێکی سەبارەت بە رەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئێرانو کوردستان پێشکەش کرد. بەڕێزیان لەو دیدارەدا پێشنیاری کردنەوەی بەشی کوردی لە "بی.بی.سی"دا پێشکەش بە بەرپرسانی ئەو ناوەندە کردو گوتی ئەو هەنگاوە دەتوانێ کاریگەریی چەندلایەنەی هەبێ بەتایبەت لەم سەردەمە ئاڵۆزو هەستیارەدا.

❊❊❊

## سەردانی هەیئەتی ئیسپانیایی لە تلویزیونی باسکەوە، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

رۆژی ١٣٨٣/١٢/٦، هەیئەتێکی ئیسپانیایی لە تلویزیونی باسکی ئەو وڵاتەوە کە بریتی بوون لە بەڕێزان فێرمینایۆ کاستاو ئۆسکار ئێپێلێد ژولداین، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. ئەم هەیئەتە لە لایەن بەڕێزان، کاك محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیو کاك محەممەد حەسەنپوور، جێگری کومیتەی ناوەندی لە کومیسیۆنی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشوازیی لێ‌کرا.

هەیئەتی ئیسپانیایی وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاك محەممەدنەزیف قادری، سەبارەت بە رەوشی سیاسیی ئێرانو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو شوێنەواری ئەو ئاڵوگۆڕانە لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران پێك هێنا.

هەروەها لەو وتووێژەدا سیاسەتی پشتیوانیکردنی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆریزمو یارمەتیدانی ڕێژیم بە تاقمە تیرۆریستی‌یەکان لە پێناوی دژایەتی‌کردن لەگەڵ رەوتی دێموکراتیزاسیۆنو سەقامگیربوونی ئاسایشو هێمنی لە ناوچەدا بە وردی شی کرایەوە.

بەشێکی دیکەی وتووێژەکە تەرخان کرابوو بۆ لێدوان لەسەر بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیو بەرنامەو بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ڕێژیم.

### بەشێك لە قەسیدەی

# پەیام

مارف ئاغایی

هەوا نییە
دوا هەناسەی سوورەگوڵە.
باران نییە
ئەوە فرمێسکی تێکەڵی منالی سەر پشتی لانک و
پیری سەر لێواری گۆڕە.
بەفر نییە
ئەوە باڵی پەپوولەیە هەڵدەوەرێ.
تەرزە نییە
ئەوە سەری سپی کۆترە
وڵاتی لەشی جێهێشتووە.
شێعر نییە
ئەوە روح و ئەوە گیان و ئەوە لەشی شاعیرێکە
تک تک، تک تک
دەتوێتەوە و هیچ کەسێک هەستی پێ ناکا
لای مرۆڤ هیچ
لای باڵندەش ئابڕوومان چوو
کاتێک حاجیلەی میوانی پەنا قەڵای هەولێرمان
کوشت
لای زیندوو هیچ
لای کۆچکردووش ئابڕوومان چوو
کاتێک پەیکەری "حاجی" مان
دا بەر گوللە
لای خەڵک هیچ
لەلای خۆشمان ئابڕوومان چوو
کاتێک بەدەستی خوێناوی
خۆمان پێشانی یەکەمین ئاوێنە دا
لای ئەمرۆ هیچ
لای سبەینێش ئابڕوومان چوو
کاتێک نیشتمان دا شەهید
قەدری ژیانی نەزانی و
خۆی بە کوشت دا
ئەم ئاسمانە بۆ هێندە بێ باڵندەیە
نەکا فڕین لەم وڵاتە کۆچی کردبێ
ئەم باغە بۆ هیچ گوڵێکی لێ ناپشکوێ
نەکا بەهار ئەو وڵاتەی جێ هێشتبێ
ئەوە چەند ساڵە ئەم وڵاتە لەجێی باران
خۆڵی بەسەردا باریوە
ئەی ئەم شارە بۆ ئەوەندە تۆزاوییە؟
ئەم شەقامە چەند لەمێژە بریندارە
ئەم کۆڵانە چەند لەمێژە گوێی بۆ سرتەی
کوڕو کیژە دڵدارەکان هەڵنەخستووە
ئێمە بۆ هێندە پێک نامۆین
ئەگەر رۆژێک ئاشتی بێ و بمانپشکنێ بڵێین بۆ
چی؟
چاومان پڕە لە کەڵاک و
دەستمان پڕە لە تاوان و
دڵمان پڕە لە کەمین و
گوێمان پڕە لە رەمزی شەڕ
هەر کەس لە دەروونی خۆیدا رووخاو
سەیرترین کەلاوەی سەر ئەم جیهانەین
حاکمی یەک دەست و یەک لاق
دوژمنی دەست و قاچێکی دیکەمانین
ئێمە سەیرترین حاکم، سەیرترین دوژمنی سەر ئەم
دونیایەین
هەر کەس لە تابووتی لەشی خۆیدا نێژراوە
ئێمە سەیرترین مردووی ئەم جیهانەین
فیفتی هابیل، فیفتی قابیل
ئێمە دوژمنترین برای ئەم دونیایەین.

ئێمە بێکەس و بێپەناین
تازە بادی خۆش مروویش
بە شارەزووردا رانابرێ
تا "نالی" خۆی بە قوربانی تۆزی پێی کا
تازە شێخ ـیش ناچێتە نێو خەونی موریدەکانیەوەو
چاپخانەکەی پیرەمێردیش لەرووی نایە
تاقە یەک وشە بنووسێ.
بمبوورە ئەمشەو برینت دەکولێنمەوە هەڵەبجە گیان
ئەرێ زامی پێنج هەزار شەهیدی یازدەی ئازار
پڕئێش تر بوو
یا یەک کەسی براکوژی؟
ئەرێ دووکەڵی کیمیاوی هەڵمژین ناخۆشتر بوو
یا هەوای ئێستای شارەزوور؟
هەڵوەرینی هەموو چرۆی "باغی میر"و دارهەناری
ئەو سەردەمی ناخۆشتر بوو
یا ژاکانی تاقە یەک گوڵی ئێیتاکە؟
من لە ڕۆوە گوێ بۆ رادیۆکان هەڵناخەم
با هەواڵی شەڕ نەبیسم
هیچ رۆژنامەیەک وەرناگرم
با باسی شەڕ نەخوێنمەوە
چاو لە تەلەڤیزیون ناکەم
با مەیدانی شەڕ نەبینم
من لەم ڕۆوە
دەڕۆمەوە بۆ چەند سەدەی بەر لە ئێستام
بۆ چی نەڕۆم؟
هەر چی گوڵ و پەپوولە و کیژ و جوانییە
دونیا بردی بۆ شێعری خۆی
تەنیا خوێن و شەڕو مەرگ و گریان ماوە بۆ شێعری من

هەور هەموو بارانی ئاسمانی هێنا
گوڵێک نەبوو پێشکەشی کەین
تازە چۆن هەور
باران بۆ ئەم وڵاتە دێنێ؟
شنە هەموو بۆنی خۆشی دونیای هێنا
پەنجەرێکمان نەکردەوە تاوێ تیا بحەسێتەوە
تازە چۆن شنە بۆنی خۆش
بۆ ئێمە بەدیاری دێنێ؟
ئێمە نەبووین لەجێی گەنم فیشەکمان چاند؟
لەجێی کێڵان توپمان لێ دا
لە جێگای ئاو خوێنمان پێدا؟
ئێستا منالانی ئێمە هیچیان نانی گەنم ناخۆن
دەبێ هەویری باڕووتیان بۆ بشێلین
ئێمە مەلین:
بە قەفەسەوە هەڵدەفڕین
مرۆڤین و
بە زنجیرەوە رێ دەبڕین
شاعیرین و
بە چەکەوە گوڵ دەنووسین
شەڕ نەیهێشتووە بە لاوی دڵداری بکەین
رەنگە لە سەردەمی پیری
لە پیریژنێکی جیرانمان، ماچێکی حەرام بفڕێنین
گوللە نەیهێشتووە چریکەی بولبولێکمان گوێ لێ
بێ
رەنگە لە ئاگربەسێک دا بۆ نەواری دەنگی
بولبولێک
گوێ هەڵخەین
دووکەڵ نەیهێشتووە گوڵ بۆن کەین
رەنگە بە ناچاری عەتر

بەسەر گوڵە نایلونیەکاندا بپڕژێنین.
من راگەیانراوێکم دی لێی نووسرابوو:
ئێمە کۆمەڵێک رووناکبیر، بڕیارمان دا حیزبێکی
نوێ
دامەزرێنین، بەڵام تا ئێستا نەکراوە، هیچ رەنگێ
بدۆزینەوە، کە پێش ئێمە حیزبێک نەکردبێتە ئاڵ،
داوا لە
خەڵکی کورد دەکەین، ئەگەر کەسێک
رەنگێکی تازەی پێ
شک دێ پێوەندیمان پێوە بگرێ!
رەش رەش، رەش رەش،
ئەوە رەنگێکی لەبیرچووی ئاڵایەکی هەڵنەدراوە
سوور سوور، سوور سوور
ئەوە چۆمێکی نەسرەوتووی
لە کێوی لەش هەڵبڕاوە.
من لەتەنیشت گۆلی ورمێ
هەست رادەگرم
لەجیاتی گوێ
هەموو جارێ گوللەیەک پێک وەدەنێن، رادەچەنم
کە لەشی یەکترتان پێکا
ترپە لە گیانم هەڵدەستێ
کە دڵۆپێک خوێنتان ڕژا "دڵ وەختە بێ بەئاو و
بەچاوا بکا عبوور"
خوایە تۆ لەگشت شوێنێک هەی
بمانبوورە ئێمە میوانداری چاک نین
فریشتەکان بمانبوورن
بمانبوورن منالانی نوتفەبەستووی شەوانی پڕ ترس و
شەهوەت
بمانبوورن منالانی لە منداڵدانی دایکدا
بمانبوورن منالانی پاکی ئەمرۆو
براکوژانی سبەینێ
ماچی ئەمرۆ و تفی سبەی
بمانبوورن دڵۆپ دڵۆپ خوێنی ڕژاو،
مسقاڵ مسقاڵ
گۆشتی لە ئێسقان جیاوەبووی
لەشی شەهیدی نەناسراو .
خۆ ئێوە دوو وەرزی ساڵ نین
کە زەرد و سەز هەرگیز بە یەکتری ناگەن
رۆژ وشەو نین
نوور و تاریکی نەتوانن پێک هەڵ بکەن
مارو پنگ نین
نا ببورن،
کورد و کوردن
کە ناتوانن، بەبێ مەرگی یەکتر بژین!
هەر کێلە و کێلە و کێل دەڕوێ لە جیاتی گوڵ
من دەترسێم کە گۆڕستان
هەموو خاکمان لێ داگیر کا
هەر خوێنە و خوێنە و خوێن دەڕژێ لە جیاتی ئاو
من دەترسم خوێن رووبارمان لێ داگیر کا
هەر رۆحە و رۆحە و رۆح دەفڕێ لە جیاتی مەل
من دەترسێم کە باڵی رۆح
سێبەر لەسەر ژینمان بکا
ئەم ئێوارە پەپوولە سولەیمانەیەک دەیخوێند:
بۆ ئاگاداری:
حاجیلەیەکی نێو شاری هەولێر شەهید کراوە،
کۆڕێکی
پرسەی بۆ دانراوە. تکایە هەموو مەلانی گەرمێن
بەشداری کەن.
هەر مەلەش، ئاگای لە گیانی خۆی بێ. بولبول بێ
چریکە، کۆتر بێ تەقڵە و کەو بێ قاسپە بێ.
شوێن: هێلانەکەی حاجیلەی شەهید
کات: دوای خەوتنی هەموو خەڵکی شار
ئێمە هێندەمان ئەو خاکە ئازار داوە
تازە خەڵکی وڵاتی دیش وەرمان ناگرن
Wher are you from?
I'm from Kurdistan.
تۆ کووێندرێی؟
کوردستانیم.
من لەچاویدا هەست دەکەم

یەکدابەدوو دەنگی رادیۆکانی بیر دێتەوە
ئەو دەبێتە کاریلەیەکی سەر زەرد و
ئەمن دەبمە گورگی سەر رەش
خۆی لە نیگام دەدزێتەوە!
ئێمە بەتەمای ژیان بووین
گەرچی تووشی مەرگێکی بەسپایی هاتین:
ئەوەندەش بەختەوەر نەبووین
لە کورتە کاتێکدا بمرین
من دەترسێم رۆژێک پیرەمەگروونەکان
سیروان و تانجەڕۆ بکەن بە دوو باڵ و
وەک سیمورغ بەجێمان بێلن
ئەودەم ئێمە بۆ پەناگا و بۆ ئەشکەوت و
بۆ لێقەومان روو لە کوێ کەین؟
دەترسێم رۆژێک دارستان
پەنجە دە پەنجەی هەورەکان بهاڵێنێ و
ئێرە چۆڵ کا،
ئەوەم دەبێ
بۆ میوە و بۆ ژوان و سێبەر
دڵ بە چ شوێنێک خۆش بکەین؟
دەترسێم رۆژێک خوداوەند
فریشتەکانی رابگوێزێ و فەرمان بدا:
نابێ هیچتان لە مەداری ٣٦ دەرەجە نزیک بن
ئەودەم ئێمە بەبێ خودا و بێ فریشتە
چۆن بوێرین بچینەوە بەر ئاوێنە؟
ها خالۆ سپی پۆشەکەم
تۆ چت دەوێ
ئەمشەو لە خەونەکانی من
سڵاو رۆڵە شاعیرەکەم
من ئەو کەسەم بۆ یەکەم جار
وشەی پێشمەرگەم بۆ چەکدار
پێشنیار کرد.
هاتووم، هەتا وشەکەم وەرنەگرمەوە،
ناڕۆمەوە.
ها دایکە پرچ کوستانیەکەم
تۆ بۆ ئاوا غەریبانە
لەبەر دەگای خەونەکانی من وێستاوی؟
من ئەو کەسەم کە یەکەمجار وشەی شەهید
لەسەر رۆڵە کوژراوەکەی من دانرا
هاتووم هەتاکوو ئەم ناوە
لەسەر رۆڵەکەم نەسڕمەوە ناڕۆمەوە.
ئەی ئێوە بۆچی وێستاون هاورێیانم
کۆڕی زکری دەروێشانە ئەمشەو، بەڵام
مانگ هەر تەنیا یەک دەفەیەک و بەشمان ناکا.
هاتووین بچینە سەر سیروان
تا هەر دەروێشەی دەفی خۆی لێ وەربگرێ
ئەی ئێوە بۆ کۆبوونەوە منالەکان؟
ئەمشەو مەیلی پاک بوونەوەی ژێر بارانمان هەیە بەڵام
دڵۆپ دڵۆپەی ژێر تاڤگە
گواهەکان بشۆینەوە.
جارانی زوو،
لەسەر گردی مامەیارە دارێک هەبوو
کە پاییزان گەڵاکانی هەڵدەوەری
پۆل پۆل چۆلەکەی لێ دەڕوا
لەسەر کێوی پیرەمەگروون دوندێک هەبوو
کە هاوینان کچی بەفری، رەدووی رووبارێک
دەکەوت
پۆل پۆل کەوی لەسەر دەنیشت.
لە داوێنی شنروێشدا شاعیرێک بوو
گەر منالێکی پێخواسی چاو پێ کەوتبا
شێعرێکی بۆ دەکرد بە کەوش
گەر دایکێکی رۆڵە کوژراوی دیتبا
شێعرێکی بۆ دەکرد بە کوڕ
گەر وەنەوشە لەژێر تووتڕکا خامۆش با
شێعرێکی بۆ دەکرد بە دەنگ
بەڵام ئێستا لەگشت شوێنێک
هەر شێوەنە و هەر واوەیلا
منی شاعیر، یەک شێعریشم بۆ نانووسرێ
دەزانی بۆ؟
"مەزاجی کوردەواریم تێک چووە، دەروێش عەبدوڵڵا

# میرۆك

**خەبات رەسووڵی / هەولێر**

باپیرم هێشتا زۆر لاو بوو، ئەو کاتە سمێڵی هێشتا گووگرە نەببوو و پربە سیەکانی قەتی لە لێرەوارەکانی کوردستان نەچریکاندبوو. رۆژێك کە نەنکمیان بە هەڵە دەدا بە کەسێك کە باپیرم نەبوو. باپیرم بێ ئەوەی خۆی شلۆێ بکات دەستی دا دەسرۆکەی سەرچۆپی و تا کازیوەی بەیانی هەڵپەری و ئەو کاتەی هەموو داوەت لە ماندوویەتیان خەونووچکە دایگرتبوون. دەستی نەنکمی گرت و بە هەونگاوێك لە چیرۆکەکەی من هاتە دەرێ و هاتە نێو ئەو چیرۆکەوە:

تازە باوکم لەدایك دەبوو کە منیش تۆوەکەم دارێژرا. من ئەوکات دەمزانی دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەم کە باوکم گەورە ببێ و رۆژێك لە شەقامێکی تەر پێی لە سەر تۆێکڵە مۆزێك دانێ و شڵپ بەدەمەوە بکەوێتە خوارێ و دایکم لە پەنجەریەکەوە چاوی لێ بێ، تەنانەت بزەیەکیش نەکات و باوکم سوێند بخوات کە دەبێ ئەو کچە بێنێت کە تەنانەت ئەو کاتەی شۆخترین گەنجی گەرەك بە دمەوە دەکەوێ پێکەنینی نایەت. بەڵام ئەو کاتە کە باوکم پێی لەسەر تۆڵکە مۆزەکە دانا دایکم بیری لە وتەکانی ئەرەستوو دەکردەوە و تێڕامابوو کە بە راستی تۆ بڵێی یەکەم فەیلەسووفەکان لە یونانەوە سەریان هەڵدابێ.

لەدایك بوونی من زۆر بە هەڵکەوت بوو. دایکم لەبیری چووبوو حەبەکانی بخوا و ئەو کاتە باوکم خۆی خزاندە پاڵی، ئەسڵەن بڕوای نەدەکرد کە منداڵی ببێ‌و زۆرتر حەزی دەکرد ماسیەك یان چولەکەیەکی ببێ و داوتریش ئەو کاتەی من گەورە ببووم بە دزی باوکمەوە تفێکی خستە سەر ئەرزی و وتی: ئەو نەبوایە من ئێستا سەربەست بووم. بەڵام ئەو چیرۆکەی من بەتەمام بینوسم نە باسی من و نەباسی باوکمە و نە باسی باپیرمە تا ئێرە تەنیا ویستم قەڵەمەکەم گەرم بکەم و برێك بکەومەوە سەر گەڕی نووسین... نا نا مەترسە باسی بەچکە مراوی ناشیرینیش نیە. ئەسڵەن کێ دەڵێ دەبێ چیرۆکێکی نوێ بێ. من دەڵێم با ئەو چیرۆکە کۆنە نەفەوتێ کە دەڵێ: پاشایەك زۆر زاڵم بوو، خوێنەر گیان پاشا عەمدەن زاڵم بوو و حەزی دەکرد خەڵکەکەی شۆڕش بکەن و وەك لویی شانزەهەم سەری بە گیوتین لێدەن بەڵام تەنیا ئەو بە چاوی خۆی ببینێ کە خەڵك هاتوونە دەرێ. پاشا سوێندی خوارد تەواوی رێگاکان بگرێت تەنیا رێگایەك نەبێ و پاشان پردێکی لێدا و وتی: هەرکەس بیەوێ بێتە ناوشار دەبێ بەسەر ئەو پردەدا بڕواو هەمیشە بانگی وەزیری دەکرد تا بزانێ خەڵك رازین یان نا، وەزیر بە ئەدەبیاتێکی وەزیرانە دەیگووت: بەڵێ بەڵێ سەروەرم خەڵك رازین و پاشا لە داخان چرنوکی لە گونی خۆی دەگرت و لەبەر ماڵی خۆدا چۆکی دادەدا و دەیگوت: خۆدایە من کەی بەدەستی خەڵکەکەم سەردەبڕدرێم؟ پاشان پاشا ئەمری کرد هەرکەس بەوێدا بڕوا شەقێکیشی لێدەن. من ناڵێم بەڵام پاشا خەڵکی کۆکردەوە و بە پێکەنینەوە گوتی: خەڵکی رازین یان نا.. باشە کەم بزە بتگرێ ئەسڵەن لەو چیرۆکەش دەگەرێم بەمن چی خەڵك گوتوویانە پاشا نەفەرێك کەمە خەڵك زیاتر بکە با تێمان هەڵدەن کارمان هەیە و دەبێ بڕۆین.

من ئەوەندە دەزانم کە من و پاشا لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە یەکەوە هاوپۆل بووین و زۆرجار قەڵسەم لێ دەگیرا و لێم دەدا. بۆ ئاگاداریت پاشا زۆر کورێکی جوانکیلە بوو. بەمن چی کوڕان چیان لێ کردووە. بەڵام هەموو کاتێك دایکم گوچکەم بادەدا و دەیگووت: ئاگات لە خۆت بێ. تۆ نازانی دایکم چۆن گوێچکە بادەدات. گوێچکە بادانیش چەند جۆرە. بە خۆشەویستی، بێ خۆشەویستی، تێکەڵاو، دایکم زۆرتر تێکەڵاوی پێخۆش بوو. تەنانەت ئەو کاتەی کە دەچووین بۆ بەستەنی فرۆشیش دایکم مەخلووتی دەخوارد. مەخلووت تێکەڵاوێکە لە بەستەنی و فالوودە. ئای یادی فالوودە بەخێر. فالوودە نیشاستەی لە رەندە دراوە.

لەوەتا لە بیرم دێ فالوودە لە ماڵی ئێمە خوراوە دەڵێن جەدی یەکەمم کە فالوودەی زۆر پێ خۆش بووە ئەمری کردووە حەوزێکی بۆ پڕ کەن لە فالوودە و لەگەڵ خێزانی دایکی دایکی دایکی دایکی دایکی نازانم چەندەی باوکم مەلەی تێدا بکات. بەڵام وادیارە کە پاش چەندجار ویستویەتی شیرجە برواو و نەوێراوە لە خێری مەلە کردن گوزەراوە و گوتویەتی قاپێکی بۆ پڕکەن لە فالوودە و لە پەنا حەوزەکەوە بە تاسەوە هەڵیقوڕاندووە و پاشان کە جوان دەموولچی خاوێن کردۆتەوە، من ناڵێم ئەوە رەوایەتە و وەچە بە وەچەی بنەماڵەی ئێمە دەزانن. هەستاوە و میزی تێکردوە و پاشان بەمن چی ئەو وای کردووە شا.........شا خۆی مۆن دەکات پاشان لەنێو هەژارانی شاردا بەخشیویەتیەوە. ئای کە هەژاری دەردێکی گرانە. تۆ نەتپرسی نەنکتیان بۆ بە زۆری بە مێرد دا کە باپیرت بۆ هەڵگرتنی تا بەیانی سەمای کردووە. کاکی برا نەنکم کچی کابرایەکی هەژار بووە کە دەبێتە باوکی نەنکم و ئاغا ئەو ساڵە باوکی نەنکمی رووتاندۆتەوە و باوکی نەنکم ناچار نەنکمی بە کابرایەك لەجیاتی تەلیسێك جۆ بەخشیوە. وام سەیر مەکە دەڵێی درۆت بۆ دەکەم بەخوا بەراستمە.

## فەردین
## راهێنەری تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەڵات



فەردین ساڵی ۱۳۶۲ لە سنە لەدایك بووە، لە پلییزی ۱۳۷۸دا لە تاران دەست بە پرۆڤەی هەڵپەرکێی کوردی دەکا تا ئێستاش چەندین تیپی وەکوو ژوان، زیرەك کۆمەڵگای کوردەکانی دانیشتووی ناوەند و فێرگەی دامەزرانەوە کە ئێستاش راهێنەری تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەڵاتە. فەردین ساڵی ۱۳۷۸لە فستیڤالی فەجر بەشداری دەکا و پلەی یەکەم بەدەست دێنێ، لە ۱۳۷۹دا پلەی دووهەم و لە ۱۳۸۰دا پلەی سێهەم بەدەست دێنێ. تا ئێستا لە چەندین شوێنی وەك تاران، ئیلام، کرماشان، رامسەر، کامیاران، مەریوان، سنە، هەولێر و سلێمانی و کۆیە پرۆگرامی هەڵپەرکیان پێشکەش کردووە. ئێستاش خەریکی نووسینی کتێبێکە بەناوی "هەڵپەرکێ نەریتێکی کوردەواری".

تیپی هەڵپەرکێ رۆژهەڵات دوایی چالاکیە هونەرییەکانی خۆی لە کوردستانی ئێراندا، رۆژی هەینی ۸۳/۱۱/۲۳ لە هۆلی سلێمانی بۆ کردنەوەی دووهەمین گونگرەی رێکخراوی چالاکی هاموون، جارێکی‌تر هونەری خۆی پێشان بە بەشداربووان کرد و لەلایەن بەشداربووانەوە بەتایبەت سەروکی حکوومەات و چەند کەسێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. بەهیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەڵات.

**بەشداربووان لەو بەرنامەیەدا:**

**فەردین سادقی راهێنەر**
**نادر منبری**
**گوران بابایی**
**ابراهیم رستم زادە**
**رحیم سداقەت**
**رەزا سجودی**
**حمی درخشنان**
**رزگار رەحیمی**
**عبدالله علیپوور**

## کتێبی
# رێنوێنی هونەری مۆدێرن
## (لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا)

**نووسینی:لۆردس سیرلۆت**

**۱۱**

**و: ب. هانا**

راست ساڵێك دوای کوتایی شەری جیهانی یەکەم، سەرەرای بێسەرەوبەریی، داماوی و هەلومەرجی ناڵەباری ئابووریی ئەڵمان، یەکێك لە خۆشەویسترین قوتابخانەکانی سەدەی بیستەم لەو وڵاتەدا بنیات نرا. ئەم قوتابخانەیە، واتە باوهاوس بەرهەمی بیرکردنەوەی والتێر گروپیوسی بیناساز بوو کە قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی لەگەڵ قوتابخانەی بیناسازی تێکەڵ کرد. باوهاوس لە ساڵی ۱۹۱۹ەوە تا ساڵی ۱۹۲٤لە "وایمار" بەردەوام بوو. بەڵام ساڵی ۱۹۲٤، ماموستایانی باوهاوس لەبەر گیروگرفتی ماڵی لەسەرکار وەلانران و قوتابخانەکە داخرا. خولی دووهەمی باوهاوس، ساڵێك دواتر لە "دێساو"، شارێك کە لەبارەی تێکنولوژیەوە لە وایمار پڕبەرهەمتر بوو، دەستی پێ کردەوە. باوهاوس ئەمجارەیان بەزۆر لە ئامانجە بەرزەفرانەکانی گەیشت.

زۆر پرۆژە کە لە ئەژماردن نایەن لەبواری کەلوپەل و پێداویستیی ناوماڵ وەك کاغەز دیواری، قوماشی پەردە و موبل، چرا و کەلوپەلی نێوخۆیی مال لە باوهاوس بەرهەم هێنران. ئەم پرۆژانە بوون بە سەرمەشقی زۆر سنعەتی گۆڕان هونەری‌دا بوو. پێکەوە گونجاوی (تناسب)، هاوسەنگی (توازن)، ریتم، رووناکی و سایە (سێبەر) دەکەوتنە بەرباس و لێکدانەوە. هەروەها هیندێك تاقیکردنەوە بە کەلکوەرگرتن لە ئامراز و مادە و کەلوپەلی جراوجۆرەوە ئەنجام دەدران. خوێندکار، بەم شێوەیە باشتر دەیتوانی کارگەی خۆی هەڵ برێژی کە دەبوایە سێساڵ لە پاشماوەی خوێندنەکەی لەوێ خەریکی خوێندنەوە بێ.

لە باوهاوس خوێندکارێك دوو ماموستای هەبوو. یەکیان پیشەکار ـ پسپۆری فەننی و دووهەم شێوەکاری هونەری تیۆرزان. هەر کارگەیەك چەند گەڵاڵەیەکی بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەلی پێداویستی رۆژانە پێشکێش دەکرد. ئەم گەڵاڵانە بەدەست دەکێشرانەوە، بەڵام هەر خوێندکارێك دەیزانی کە ئەم کەلوپەلانە بە کردەوە چۆن دروست دەکرێن، چونکە سەردانی کارخانە جۆراوجۆرەکان و پتگەیشتن لە پرۆسە پیشەسازییەکان، یەکێك لە ئەرکەکانی بوو. لە هیندێك کاریش دا کرێکارە پیشەسازە هەڵبژاردەکان، هاوکاریی ماموستایانی باوهاوسیان دەکرد. خوێندکار پاش تێپەراندنی خولێکی سێ ساڵی، بۆ وەدەستهێنانی "نامەی فەرمی" کە لەجیاتی "بڕوانامەی پسپۆری"ی ئەو بوو، لە تاقیکردنەوەکان دا بەشدار دەبوو. خوێندکاران بەدوای وەرگرتنی ئەو نامەیەدا، دەیانتوانی خوێندنی خۆیان لە لقی بیناسازیدا لە باوهاوس درێژە پێبدەن و پاش وەرگرتنی دیپلۆم، هەر لەو قوتابخانەیە وانە بڵێنەوە.

سەرەڕای کاروکردەوەی شایانی سەرنجی باوهاوس، گروپیوس، بنیاتنەری ئەم قوتابخانەیە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بوو، بەردەوام رەخنەی لێ دەگیرا. رەخنەگران زۆربەیان سەربە توێژە یەکجار کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵ بوون. ئەوان گروپیوسیان ناچار کرد کە ساڵی ۱۹۲۸ واز لە بەرێوەبەرێتیی قوتابخانە بێنێ.

بیناسازێکی دیکە بەناوی "هانس میر" هاتە جێی گروپیوس. میر قوتابخانەکەی هەتا ساڵی ۱۹۳۰ بەرێوە برد و بەرهەمی کارگەکانی باوهاوسی ئەوەندە زیاد کرد کە بەشێوەیەکی بەرین لە سەرانسەری دنیادا ناسران. لە نێوان ساڵانی ۱۹۳۰ و ۱۹۳۳دا بەرێوەبردنی قوتابخانە کەوتە سەرشانی بیناسازێکی دیکە بەناوی "مێس ڤان دەر رۆهێ". نازیەکان قوتابخانەی باوهاوسیان بە "هێلانەی بولشویکەکان" دەزانی و لە ساڵی ۱۹۳۳ دایان خست. "میس ڤان دەر رۆهێ" لە وتارێکدا کە ساڵی ۱۹۵۳بەبۆنەی ساڵرۆژی لەدایکبوونی والتێر گروپیوس، لە شیکاگو پێشکەشی کرد گوتی: باوهاوس ئەندیشەیەك بوو، هەر بۆیەش تا ئەو رادەیە لە سەرانسەری جیهان دا بڵاو بۆوە وئەم سەرکەوتنەی بەدەست هێنا. ئیدەی باوهاوس لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە زۆر لە هونەرمەندان و ماموستایانی ئەم قوتابخانە بەناوبانگە، پاش شەڕی جیهانیی دووهەم، کۆچیان کردبوو بۆ ئەوێ، گەشەی کرد و پشکوت. گروپیوس بۆخۆی میتۆدەکانی



**والتێر گروپیوس.**
**بینایەکی باوهاوس ۲٦ـ ۱۹۲۵**
**دیساو**

لۆژیکی و عەقلانی بوون بە شێوەکاریی ئەم بینایەوە بە روونی دیارە. فەزا لاکێشەییەکان لەناو خۆوە پێکەوە بەستراون و ئەمەکاریگەریی بەرامبەری سیستمەکانی خوێندن لە باوهاوس دا دەردەخا. ئەم بینایە بەجۆرێك دارێژراوە کە بتوانێ وڵامدەری کردەوەی جیاواز بێ. بەڵام لەسەریەك دەبوایە هەست کردن بە یەکیەتی بەسەریدا زاڵ بێ. هەربۆیە سیستمەکان یا لقەجیاوازەکانی خوێندن هەرکام دەکەونە بلۆکی لێك جیا، هەر لەو کاتەش دا ڕارەوەکانی پێوەندی هەستکردن بە جۆرێك گشتیەتی و یەکگرتوویی دڵخوازانە پێك دێنن.

بە سەرداهاتووی ئەمرۆ. ئەم مەسەلەیە هۆی گرنگی و بایەخێك کە بۆ ئایدیاکانی باوهاوس دادەنرا، تا رادەیەك روون دەکاتەوە. دیارە دەبی لەبیرمان بێ کە هەموو ماموستاکانی باوهاوس بەنۆرەی خۆیان هونەرمەندانی ناسراو و بروا پێکراو بوون. ئەمە پاڵنەر و هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دروستبوونی وێنایەکی نوێ لەبارەی ئەرکخوازی (کارکرد گرایی)یەوە. بوونی ماموستایانی وەك یوهان ئیتێن، ئوسکار شلیمێر، واسیل کاندینسکی، پاول کلی، لاسلو موهولی نادیو و ژوزێف ئالبێرس لە باوهاوس، دەری دەخا کە ئەم قوتابخانەیە لە چۆنایەتیی کارەکەی خۆیدا گەیشتبووە پلەیەکی بەرز.

رەنگە شۆڕشگێرانەترین تیۆرێك کە لە باوهاوس بەرگی کردەوەی پۆشێبێ بێ وەبەرچاو گرتنی ئاکامەکانی لەبواری شێوەکاریی هونەری‌دا، شێوەی رێکخستنی کورسەکانی خوێندن و خولەکانی فێربوون بێ. یوهان ئیتێن خولێکی سەرەتایی شەش مانگەی کردەوە کە ئامانجەکەی پێشکێش کردنی زانستێکی گشتی بە خوێندکار لەبواری بنەما و رێوشوێنەکانی هەر لقێکی باوهاوسی لە ساڵی ۱۹۳۷دا لە زانکۆی هاروارد، بەرێوە برد. "مێس ڤان دەر رۆهێ" ئەو کاتە برەوی بە چەمکەکانی باوهاوس دا، کە لە دامەزراوەی تێکنولۆژیی ئیلینۆیز خەریکی وانە وتنەوە بوو. ژوزێف ئالبیرس خولی سەرەتایی باوهاوسی لە کۆلێژی بلاك ماونتین لە ویلایەکی کارولینای باکووری دامەزراند و "لاسلو ماهولی ـ نادیو" "باوهاوسی نوێ"ی لە شیکاگو بنیات نا.

شێوەکارانی هونەری تا ئێستاش خۆیان بە قەرزداری باوهاوس دەزانن، باوهاوس تاکە شوێن و زەمەنێك بوو بۆ سەرهەڵدانی شێوازێکی تاکەکەسی، شێوازێك کە لەچوارچێوەی ئەرکخوازیی لۆژیکی‌دا هەڵکەوتبوو و هەموو شتێکی لە گرەوی بزووتنەوە ئاوانگاردە سەرتاییەکاندا دەبینی.

# ناسیونالیزمی مەدەنی،

# یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو — بەشی نۆهەم



شاو زاهیدی



کرمیت روزڤێلت

## ١ـ دەسپێکردنەوەی خولێکی نوێی دیکتاتۆری و سەرکوت

کودێتای ٢٨ی گەلاوێژ بە بەشداریی راستەوخۆی مەئمووری پایەبەرزی (cia)ی ئامریکا، کرمیت رۆزڤێلت و یارمەتیی ماددی ئەو وڵاتەو بەهۆی دەستەپاچەیی موسەددیق، رێکخراوی ئەفسەرانی ناسیۆنالیست و کۆمەڵانی خەڵکەوە بە ئاسانی دیکتاتۆریی پەهلەویی سەپاندەوەو موسەددیق دەستگیر کراو درایە دادگاو سپەهبۆد زاهیدی لە باتیی وی بوو بە سەرۆەزیر. هەروەك سەرهەنگ غوڵامڕەزا نەجاتی نووسیویەتی: "دەوڵەتی کودێتا، بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆی، لە پێناو سەرکوتی نەیارانیدا، واتە بەرەی میللی، تاقمە مەزهەبییەکان، پیاوە ئاییینییەکان و حیزبی توودە، سێ رێگای گرتەبەر" تەماع وەبەرنان و رێککەوتن، گڤاش و هەڕەشە، تۆقاندن و سەرکوت. دەوڵەتی زاهیدی بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی، هەموو چەشنە ئامرازێکی لەبەر دەستدا بوو".[١]

بەگشتی رێژیمی حەمەڕەزا شا بۆ زاڵکردنەوەی فەزای سەرەڕۆیی و کپکردنەوەی هەر جۆرە دەنگێکی دژ بەو رێژیمەو ئاغاکانی، بۆ تیرۆرو تۆقاندنی رێبەرانی بەرەی میللی و حیزبەکانی دیکە، دەزگای تۆقێنەری فەرمانداریی نیزامیی وەگەڕ خست کە جینایەتەکانی سەرلەشکر تەیموری بەختیار لەم پێوەندییەدا لە کەس شاراوە نین. لەڕاستیدا سەرجەم ئەو کردەوە سەرکوتکارانانە بۆ هێنانەدیی مەبەست و دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزی ئەوکات و بەتایبەت ئامریکا بوون. بۆیە سروشتی بوو کە رێبەرانی ئامریکا لە پێش هەموو کەسێکەوە خۆشحاڵیی خۆیان لە سەرکەوتنی کودێتاکە دەربڕن و بە زووترین کات بۆ بەهێزکردنی ئەو دیکتاتۆرییە لە بوارەکانی ماددی، نیزامی و ئابوورییەوە تێبکۆشن.

## ٢ـ یارمەتییەکانی ئامریکا بە رێژیم لە پاش کودێتا

ئامریکا پارەیەکی "دە میلیۆن دۆلار"[٢]ی بە یارمەتیی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس بۆ سەرخستنی کودێتاکە تەرخان کردبوو. بۆیە پاش سەرکەوتنی ئۆپێراسیۆنەکەش بە رەمزی "ئاژاکس" خێرا وەخۆ کەوت و هەر چوار رۆژ پاش گەڕانەوەی شا بۆ ئێران، ئایزینهاوێر سەرکۆماری ئامریکا، داواکاریی یارمەتیی خێرای لەلایەن زاهیدییەوە جێبەجێ کرد و "لە رۆژی (٣ی سێپتامبری ١٩٥٤)دا ئیدارەی یارمەتییە دەرەکییەکانی ئامریکا بڕی ٢٣/٤٠٠/٠٠٠ دۆلار یارمەتیی فەننی دایە ئێران".[٣] هەروەها "دوو رۆژ پاشتر (٥ی سێپتامبر) سەرکۆماریی ئامریکا رایگەیاند کە بڕی ٤٥ میلیۆن دۆلار یارمەتیی بێ بەرامبەری بۆ دەوڵەتی زاهیدی داناوە".[٤] ئامریکاییەکان ئەوەندەی پێیان کرا بۆ پتەوکردنی پایەکانی رێژیمی کودێتا تێکۆشان و لەم پێوەندییەدا بە چەشنێك کە بریتانیاییەکانیان وەپاش داو رێگایان پێ نەدان کە نفووزەکەی جارانی خۆیان وەدەست بێننەوەو لەڕاستیدا ئەوان رێژیمی پەهلەوییان لە نیمچە کۆلۆنیی بریتانیاوە کردە نیمچە کۆلۆنیی ئامریکایی. دروستی ئەم ئیددیعایەش لە رێککەوتننامە ئابووری، نیزامی، سیاسییەکانی دواترو بەتایبەت لە ئیمزای رێککەوتننامەی کونسێرسیۆمی نەوتدا دەرکەوت.

## ٣ـ رێککەوتننامەی کونسێرسیۆنی نەوت

ئامریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت، هێربێرت هاور، یارمەتیدەری سەرکۆماری و کارناسی نەوتی بۆ ئەم مەبەستە دیاری کرد. هەیئەتێکی ٢٠ کەسی کە بڕیار بوو لە کونسێرسیۆنی داهاتوودا بەشدار بن، گەیشتە ئێران. ئەندامانی هەیئەتەکەو بەتایبەت ئامریکایی و بریتانیاییەکان بۆ دابینکردنی هەرچی پتری بەشە نەوتی خۆیان، بەردەوام لە بەشە نەوتی ئێرانیان کەم دەکردەوە. یەکەم هەنگاویان لەم پێوەندییەدا هەڵوەشاندنەوەی تێکڕای ئەو پێشنیارانە بوو کە بۆ چارەسەری کێشەی نەوت بە دەوڵەتی موسەددیق کرابوون و جگە لەمانەش، بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرچەشنە دژکردەوەیەکی خەڵکی ئێراندا دوو کاری دیکەشیان کرد: یەکەم" بردنەسەری رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت، دووهەم" نووسینی رێککەوتننامەکە بەشێوەیەکی ئاڵۆزی وا کە کەس هەست بە نێوەرۆکە زاڵمانەکەی نەکا. لە ئاستی نێوخۆشدا شاو کاربەدەستانی رێژیم ئەم رێککەوتنە پڕ شەرمەزارییەیان ئا بەم جۆرە پاساو دایەوە. محەممەد رەزاشا لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "... لە ئاکامدا، پاش وتووێژێکی دوورو درێژ توانیمان لەگەڵ کونسێرسیۆمێکی پێکهاتوو لە حەوت کۆمپانیای نەوت، کە گەورەترین شیرکەتە جیهانییەکان بوون، رێك کەوین. [...] لەو کاتەدا، پرزیدنت ئایزینهاور لە رێگەی نامەیەکەوە، سوپاسی هەوڵەکانی منی لە چارەسەری کێشەیەکدا کرد کە دەوڵەتی موسەددیق پێکی هێنابوو".[٥] زاهێدییش دەڵێ: "بە درێژکردنەوەی رێککەوتننامەکە، لەڕاستیدا سەری ئامریکاییەکان و بریتانیاییەکان گرێ دراوە، چونکە حەوت، هەشت ساڵی دیکە وزەی ناوکی لە دنیادا جێگەی نەوت دەگرێتەوەو سەرچاوەکانی نەوتی ئێران لە کەڵك دەکەون. بەم جۆرە پاش دە ساڵ، هەرچەندە لە کونسێرسیۆم وەربگرین پارەیەکی خۆڕاییە."[٦]



دوکتور موسەددیق لە دادگادا

ئەگەر ئێمە سەرنجی پشکی هەرکام لە لایەنەکان لە رێککەوتننامەی کونسێرسیۆمدا بدەین، بێ نێوەرۆکی و پووچیی قسەکانی شاو زاهیدیمان بۆ دەردەکەون. ئەوان هەروەك مەسعوود بێهنوود دەڵێ: "شاو زاهیدی... بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی وا ئەستەم ١٧ میلیۆن دۆلار بەرتیلیان وەرگرت. ١٠ میلیۆن شا، ٥ میلیۆن زاهیدی و ٢ میلیۆن ئەمینی. یەکەمین وەبەرهێنانی شا لە دەرەوە (پشکەکانی شیرکەتێکی ئاسنڕێی فیلادلفیا) و ویلای بەناوبانگی گوڵی سووری زاهیدی لە "مونترو"ی سوئیس لە رێگای ئەم بەرتیلەوە دابین کرا.[٧] شاو سەرۆەزیر لەڕاستیدا بە پشت بەستن بە زەبرو زەنگ و کپکردنەوەی دەنگی نەیاران و ئاواکردنی مەجلیسێکی گوێڕایەڵ، بە کردەوە ئێرانیان بردە ژێر رکێفی ئامریکاو بریتانیا.

## ٤ـ رەوشی تێکۆشەرانی کورد دوای کودێتا

ئەندامان و لایەنگرە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە هەموو رێگایەك بۆ دەربڕینی دژبەرایەتیی خۆیان لەگەڵ رێژیمی ئۆتۆکرات و دیکتاتۆریی پەهلەویدا کەڵکیان وەرگرت. بەبێ دوودڵی لە سەرجەم هەنگاوەکانی موسەددیق لە چەند ساڵی بەر لە کوودێتادا وەك رێکخستنی راپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان و هاندانی خەڵك بۆ بەشداری لە ریفراندۆمی ساڵی ٣٢و، وەڕێخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری دژی و... بەشدارییان دەکرد. بۆیە بە سەرکوتی دەوڵەتی کوودێتا تێکۆشەرانی دێموکراتیش هەروەك حیزب و رێکخراوو گرووپەکانی دیکە کەوتنە بەر پەلاماری دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی رێژیمی کۆنەپەرستی، چونکە لە ڕاستی خەڵکی کوردستان زۆر بەو ئازادییە راستەقینەیە کە دڵخۆش بوون کە بە هەڵهاتنی شا هاتبووە دی، وەك هێمن دەڵێ: "دووکان و بازاڕ داخران، خەڵك رژانە ناو کووچەو خیابان، بوو بە هۆراکێشان و چەپڵەڕێزان و سەماو هەڵپەڕین، ژن و پیاو، گەورەو بچووك لەم زەماوەندەدا بەشدار بوون. سێ رۆژان دەهۆڵ و زوڕنا و تریقەی پێکەنین و رمبەی هەڵپەڕین... نەبڕایەوە."[٨]

هەر لەم سۆنگەیەوە شتێکی زۆر چاوەڕوانکراو بوو کە تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ خۆپاراستن لە هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم و لە ترسی گیران، کوژران و ئەشکەنجە بەدەستی ئەو هێزانە، بەرەو شارە گەورەکان، گوندەکان و کوردستانی عێراق هەڵێن و هێندێکیش کەوتنە دەستی هێزەکانی رێژیم، لەوانە حسێن فرووهەر، عەبدوڵڵای ئیسحاقی و... .

رێژیمی تۆتالیتاری شا تا دەهات لە ئامریکا نزیك دەبۆوەو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، نیزامی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە زیاتر خۆی بە رۆژئاواوە دەبەستەوەو لە یەکیەتیی سۆڤیەت دوور دەکەوتەوە. تا وای لێهات کە بوو بە پارێزەری راستەقینەی سیاسەتەکانی رۆژئاوا لە ناوچەکەدا، ئەمەش راستییەکی حاشاهەڵنەگربوو. چونکە هەر ئەوان بوون لە پاش هەڵهاتنە سەرشۆڕانەکەی گەڕاندیانەوە ئێران. نزیکبوونەوەی شا لە رۆژئاوا توکمەتربوونی پایەکانی دیکتاتۆریی میلیتاریی شای لێکەوتەوە کە بە توندی بەرەنگاری هەر چەشنە ویست و داخوازییەکی دێموکراتیك و ئازادیخوازانە دەبۆوەو بۆ بنەبڕکردنی هەوڵی دەدا.

حەمەڕەزاشا لەبەر بێبەرنامەیی، سەرلێشێواوی، دووبەرەکی، ناتەبایی، بێئیرادەیی، نەبوونی باوەڕی قووڵی رێبەرانی حیزبە سیاسییەکانی ئێران لەوانە حیزب و رێکخراوەکانی سەر بە بەرەی میللی و رێبەرانیان و هەروەها حیزبی توودە توانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی هەروەك سەردەمی رەزاشا بە تەواوی بسەپێننەوەو پێش بە بەدەزگابوونی ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی لە ئێراندا بگرێ. بۆیە ناکرێ گومان لەوە بکەین کە بەشێکی هەرە زۆر ئەو چارەنووسە رەشەی کە بە زاڵبوونەوەیدووبارەی دیکتاتۆری لە ئێران تووشی نەتەوەکانی ئێران بوو، بەرهەمی هەڵەو هەڵوێستە سیاسییە چەوتەکانی رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەودەم بوو، کە یارمەتییەکی گەورەی بە هێزپێدانی ئیقتیدارگەری کرد. ئەوان لە توانایان نەبوو کە لەو هەلە لەبارە مێژووییەدا بۆ هەتا هەتایە نیزامی دیکتاتۆریی پاشایەتی بپێشنەوەو سیستمێکی هەڵقوڵاو لە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێرانەوە بێننە سەر کارو پێش بە رەوتی چەپگەری و بنئاژووگەری لە ئێراندا بگرن.

سەرچاوەکان:

١ـ بهنود، مسعود، از سید چیا تا بختیار، چاپ هفتم، زمستان ١٣٧٧

٢ـ نجاتی، سرهنگ غلامرچا، تاریخ بیست و پنج سالەی ئێران، چاپ ششم، سال ١٣٧١ ـ تهران

٣ـ سەردەشتی، د. یاسین، کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣

٤ـ ئینتسار، نادر، ئیتنۆنەتەوایەتیی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣

پەراوێزەکان:

١ـ نجاتی، تاریخ بیست و پنج ساله ایران، ص ٧٥

٢ـ بهنود، از سید چیا تا بختیار، ص ٣٧٤

٣ـ بهنود، همان منبع پیش، ص ٣٩٨

٤ـ نجاتی، همان منبع پیش، ص ٧٥

٥ـ نجاتی، همان منبع، ص ٨٩

٦ـ نجاتی، همان منبع، ص ٨٩

٧ـ بهنود، همان منبع، ص ٤٠٥

٨ـ سەردەشتی، کوردستانی ئێران، ل ٢٨٤

❊ ❊ ❊

# کۆڕیادێك لە یادی خۆپیشاندانی ٣ی ڕەشەمەی سنەو شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا

ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ٨ی ڕەشەمە لە یادی ٦ ساڵەی خۆپیشاندانی ٣ی ڕەشەمەی سنەو شارەکانی دیکەی کوردستان کۆڕیادێك بە بەشداریی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندیو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، بەڕێوەبەرایەتیی یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوانو ئەندامانی ئەو یەکیەتییانە لە یەکێك لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو.

بەرنامەکانی کۆڕیادەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆڕیادەکەدا کۆمەڵێك وتار، شێعر، پەخشانو سروود لە لایەن دەستەی ئامادەکاری کۆڕیادەکەو ژمارەیەك لە میوانان پێشکەش کرا.

"هاوپێوەندی‌نەتەوەیی" ناونیشانی بابەتێك بوو کە لە لایەن فەرهاد ئەکبەرییەوە پێشکەش کرا. بەڕێزیان لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر لایەنو هۆکارە پێکهێنەرەکانی هاوپێوەندی نەتەوەیی کوردان لە مێژوودا. بابەتەکەی بەڕێز ئەکبەری ئەو تەوەرانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:

١ـ ئینتیگراسیۆنی نەتەوەیی

٢ـ ئاوڕێك لە سەرهەڵدانی ناسیونالیزم وەك بەرهەمی مۆدێرنیزم، ڕۆشنگەریو عەقڵانیەتی ڕۆژئاوایی

٣ـ مۆدیلە جیاوازەکانی ناسیونالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردیو تایبەتمەندی‌یەکانی

٤ـ هاوپێوەندی نەتەوەیی نێوان پارچەکانی کوردستان

٥ـ ناسیۆنالیزمی پەلاماردەر، شۆڤینیستی، ناعەقڵانیو تۆتالیتاری وڵاتانی داگیرکەری کوردستانو پێشێلکردنی مافو ئازادی نەتەوەیی کورد لە لایەن ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی سەردەستەوە

٦ـ کۆتایی شەڕی ساردو ڕزگاری کورد لە توانەوەو دەستپێکردنی خەباتی مەدەنی لە کوردستانو خۆپیشاندانی شاری سنە لە ٣ی ڕەشەمەدا وەك دەسپێکی هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە شێوازی مۆدێرن دا

٧ـ سەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی وەك یەکێك لە مەرجەکانی سەقامگیریی ئاشتیو دێموکراسی لە ناوچەکەدا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا پەخشانێك لە ژێر ناوی "کرنۆش" لە لایەن ڕەسوولی سوڵتانی (هۆزان)وەو شێعرێك لەلایەن کەماڵی ئیبراهیمی بە ناوی "کارەسات"و هۆنراوەیەك لە ژێرناوی "شێعرەکانی ئێوارە" لەلایەن خەبات ڕەسووڵی‌یەوە پێشکەش کران. لە برگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا هونەرمەندانی دەنگ خۆش بێهرووز لوتفیو ڕزگار ڕەحیمی بە هاوکاریی کۆڕی هونەری سروودێکیان پێشکەش کرد لە ژێر ناوی "شەهید" دواتر عەلی بداغی وتارێکی پێشکەش کرد بە ناوی "٣ی ڕەشەمەو هەڵوێستی حیزبە سیاسی‌یەکان بە تایبەت p.k.kو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، هاوڕێ بداغی لە وتارەکەی‌دا وێڕای پۆلێن کردنی لایەنە جیاجیاکانی پێکهێنەری ڕووداوی ٣ی ڕەشەمەو هەروەها شرۆڤەکردنی دینامیزمی ئەو ڕووداوە، بە وردی تیشکی خستە سەر هەڵوێستی حیزبە سیاسی‌یەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی سەرهەڵدانو گەشەی ئەم حەرەکەتە ئیعترازییانەی کە لە ڕێبەندانو ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧دا سەرتاسەری کوردستانیان گرتبۆوە. بەشێکی دیکەی بابەتەکەی بەڕێزیان خوێندنەوەی واقعی سیاسیی ئەوکاتی کوردستانی گرتبوەخۆو لەودا ئاماژەی بە هەڵوێستی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە قۆناغە جیاجیاکانی پەناخوازیی، گیرانو دەسبەسەریی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان کرابوو.

بەشی دووهەمی بەرنامەکانی پێشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بە مەقامی "قیبلەکەم شاری سنە" لەلایەن بێهرووز لوتفی بە هاوکاریی کۆڕی هونەری دەستی پێکرد. دواتر شەریف فەلاح (هێژا) پەخشانێکی بە ناوی "کوڵی گریانێکی خەست بۆ شارەکەم"ی خوێندەوە. پاشان ڕامبود لوتف پووری وتارەکەی لە ژێر ناوی "خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی ڕاپەڕینی ٣ی ڕەشەمەی شاری سنە" پێشکەش کرد. ناوبراو لە وتارەکەی‌دا سەرەتا باسی لە فاکتەرە کاریگەرەکانی پێکهێنانی بزووتنەوەی کوردی کرد کە ئەو لایەنانەی لەخۆگرتبوو:

ـ نەبوونی پەرەگرتوویی سیاسی لە ئێران بە گشتیو لە کوردستان بە تایبەتی،

ـ ستەمو چەوسانەوەی نەتەوایەتی،

ـ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان (ڕەوشی ناڵەباری ژیانی ئابووری، نەبوونی ئازادیو ئاسایشو . . .)،

ـ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوایەتی،

ـ پەرەئەستاندنی پەروەردەو فێرکردن،

دواتر لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی دا هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر ڕاپەڕینی ٣ی ڕەشەمەی سنە بەم جۆرە خستەڕوو:

١ـ بواری پێکهاتەیی (حەشیمەتی گەنج، ناڕەزایەتیی خەڵك لە حکوومەتو ...)

٢ـ گوشاری پێکهاتەیی (زەختی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتی لەسەر خەڵك)

٣ـ باوەڕی گشتگیر (ساغبوونەوەی خەڵك لە سەر نەرمی هەڵنەگربوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی)

٤ـ فاکتەرە خێرایی بەخشەکان (گیرانی عەبدەڵڵا ئۆجەلان)

٥ـ مۆبیلیزە کردنی خەڵك بۆ ڕاپەڕین

٦ـ کردەوەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (کەڵك وەرگرتنی ڕێژیم لە هێزێکی زۆر بۆ سەرکوتی خەڵك.

لە درێژەی ئەو بڕگەیەی کۆڕیادەکەدا بەڕێز نوورەدین سۆفی‌زادە بابەتێکی لە پێوەندی لەگەڵ کارەساتی ٣ی ڕەشەمە لە شاری سنە خوێندوە.

دوایین بڕگەی بەشی دووهەمی بەرنامەکان ژەنینی شمشاڵ لەلایەن کاك ڕەسووڵی سوڵتانی‌یەوە بوو. بەشی سێهەمی ڕێورەسمەکە لە سەعات ٢/٥ی پاشنیوەڕۆوە بە پەخشانێکی پێشکەشکەری بەرنامە خاتوو شنۆ مێهرپەروەر دەستی پێکرد. بە شوێن ئەودا حامید موڕادی وتارێکی لە ژێر ناوی "ئاوڕێك لەهۆکارە سیاسی‌یەکانی کارەساتی ٣ی ڕەشەمە" پێشکەشی بەشدارانی کۆڕەکە کرد کە تەوەری سەرەکیی باسەکەی بریتی بوو لە: ئاوڕێك لەمەڕ کێشەی نەتەوایەتی لە ڕابردووو ئێستادا، گرینگیی ئەم کێشەیە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌داو قورسایی لەپێکهاتەو قەوارەی دەسەڵاتەکان، هەروەها ڕادەی کاریگەربوونی لەمەڕ چەسپاندنی ئاشتیو دیموکراسیو بە پێچەوانە ڕادەی کاریگەری لە مەڕ بشێویو ئاڵۆزی لە ئاستی جیهانی‌دا. کێشەی نەتەوایەتی کوردو تێپەڕکردنی قۆناغو شێوازە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کوردی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتی‌یەکان.

خستنەبەر باسی هێندێك لایەنی کۆمەڵناسیو سیاسیو بەراوردی لەگەڵ کۆمەڵی کوردستانو پاڵ پێوەنانو لەباربوونی بارودۆخی کوردستان بۆ کەوتنەوەی کارەساتگەلێکی چەشنی ٣ی ڕەشەمەی سنە بە بەڵگەو فاکتەرەوە.

گشتگیر بوونو چوونەسەری ڕۆحی نەتەوایەتیو نیهادینەبوونی لە عەقڵیەتی تاکی کوردی‌دا. دوای وتارەکەی موڕادی، سمایل محەممەدی وەك یەکێك لەو کەسانە کە لە نزیکەوە شایەدی کارەساتەکەی ٣ی ڕەشەمە بووو یەکێك لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکەی شاری سنە بوو بەشێك لە بیرەوەری‌یەکانی ئەو ڕۆژەی خۆی بۆبەشدارانی کۆڕیادەکە گێڕایەوە.

دواتر وتاری ئاراس یارانی کە لە ژێر ناوی "بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ لە نێوان تیئۆریو پراکتیك‌دا" خوێندرایەوە. لە بەشێك لەو بابەتەدا هاتبوو:

"ئەمڕۆکە پتر لە ٥٥ ساڵ بەسەر پەسندکردنی بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤدا تێ‌دەپەڕێ کەچی بەداخەوە جیهان بۆتە مەکۆی زۆرانبازیو پێشێل کردنی مافەکانی گەلانی بن دەستو ئازادیخوازو کۆمەڵگای نێونەتەوەییش لەوپەڕی بێ‌خەیاڵی‌یەوە دەڕوانێتە ئەم پێشێل کارییانەو متەقی نایە. بەڵگەو شاهیدی زیندووی ئەم وتەیە جەنابی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ٣ی ڕەشەمەی ساڵی ٧٧ی شاری سنەو شارەکانە دیکەی کوردستان بەوپەڕی دڕندەییو بەربەرییەتەوە خەڵکی شاری سنەیان دایە بەر دەسرێژو بەرەوبەندیخانە ڕاپێچیان کردن. لە ڕاستی‌دا بە داخەوە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەگمەن دەتوانێ ماف پارێزی ڕاستەقینەی مرۆڤی ستەملێکراوی جیهان بێ. ئەگەر چاوێك بەسەر ڕاپۆرتو هەوڵەکانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییو کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ دا بگێڕین ئەوا بە ئاسانی ڕادەی ڕاستیو چەواشەیی ئەو دروشمانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە."

دواتر شێعرێك لە نێوخۆی وڵاتەوە هاتبوو بە ناوی "کردستان بر چلیپا" لە لایەن ڕامبودی لوتف پووری‌یەوە خوێندرایەوە. پاشان هوشیار ئەحمەدی پەخشانێکی لە ژێر ناوی "هەروەك قەقنەس" پێشکەش کرد.

لە دوا بڕگەی ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز جەلیلی گادانی، ئەندامی لەمێژینەی حیزبو کەسایەتیی سیاسی، وتەیەکی بەپێزی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو یادەداو بەرز نرخاندنی زەحمەتو هەوڵەکانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو کۆڕیادەو گرنگیی یەکگرتوویی‌و تەبایی کوردان پێشکەش کرد.

❊❊❊





فەرهاد ئەکبەری ـ کوردستان



رامبۆد لوتفپووری ـ کوردستان



دیمەنێك لە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە ـ کامێرای کوردستان



شنۆ مێهرپەروەر، پێشکەشکەری بەرنامە ـ کوردستان



حامد مورادی ـ کوردستان



عەلی بداغی ـ کوردستان



شەریف فەلاح ـ کوردستان



ڕەسووڵ سوڵتانی ـ کوردستان

# سەرنجێك لە هەوڵە "دیپلوماسی"یەکانی ئامریکا بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی

عەبباس ئەحمەدی

دیپلۆماتەکانی سێ وڵاتی گەورەی یەکیەتیی ئۆرووپا واتە فەرانسە، ئەڵمان و ئینگلیس لە کۆتایی ڕێبەندانی ئەمساڵ و لە هەلومەرجێکدا دەورێکی دیکە لە وتووێژەکانی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کۆتایی پێهێنا کە وا دەردەکەوێ کە هەوڵە "دیپلوماسی"یەکانی ئەمریکا سێبەریان خستۆتە سەر دانیشتنەکان. "کۆندالیزا ڕایس"، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە گەشتەکەی بۆ ئۆرووپا هەرچەند پشتیوانیی لە هەوڵەکانی یەکیەتی ئۆرووپا کرد، بەڵام ڕایگەیاند کە ئەمریکا لە دەسکەوتی ئورووپاییەکان لە بەرانبەر ڕێژیمی ئێراندا ڕازی نیە. بۆیە لە تەواوی چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتانی ئۆرووپایی باسی ملهۆڕییەکانی کۆماری ئیسلامی کردو هەوڵیدا ئورووپا بۆ گرتنە پێشی سیاسەتێکی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا ڕازی بکا.

سەفەری ڕایس و بووش بۆ ئۆرووپا بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی ئۆرووپایی بە تایبەت فەرانسە و ئەڵمان لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە دەربرینی نیگەرانی لە درێژە کێشانی وتووێژەکانی نێوان سێ وڵاتی ئورووپایی و کۆماری ئیسلامی و کەم بوونەوەی ئەگەری سەرکەوتنی سیاسەتی "دیالوگ خوازی" ئۆرووپا لە بەرامبەر ئێراندا, دەتوانێ نوختە گۆڕانێك بێ لە پێوەندییە جیهانییەکان, بەرانبەر کۆماری ئیسلامی.

سەفەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئرووپا, بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئۆرووپا کە بە هۆی شەڕی عێراق هێندێ ئاڵۆزیی تێدا دروست ببوو, هەروەها بۆ گەیشتن بە سیاسەتێکی "هاوبەش" لە گەڵ ئورووپا بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی, ئەنجام درا. ناوبراو لەم چوارچێوەدا چەند چاوپێکەوتنی گرنگی لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتانی ئۆرووپایی ئەنجام دا کە زۆربەیان سەرکەوتوانە کۆتاییان پێهات. بۆ وێنە پاش دانیشتنی "ڕایس" لەگەڵ هاوتای فەرانسەویی خۆی واتە "میشل بارنیە" لە پاریس و لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەر دوولا بە گەشبینییەوە باسی ئەم دانیشتنەیان کرد و لە سەر بەشداریی بەهێزی هەر دوولا لە موعادیلاتی جیهانیدا جەختیان کرد و تەنانەت "بارنیە" ڕایگەیاند کە ئەمریکا و ئورووپا لە شەڕی دژی تیرۆردا هاوپەیمانن. لە لایەکی دیکەیشەوە ئاڵمان بەڵێنیدا کە لە بنیادنانەوەی عێراق و دێمۆکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یارمەتیی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدا.

ئەم شەپۆلە دیپلۆماسییە لە پلەی یەکەمدا قورسایی خۆی خستە سەر پێوەندییەکانی ئێران و ئورووپا و یەکەم ئاسەواری خۆی لە دانیشتنی نوینەرانی سێ وڵاتی گەورەی ئۆرووپا لە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا پێشاندا. لەم دانیشتنەدا لایەنی کۆماری ئیسلامی دووبارە پێی لە سەر ڕوانگە لە گۆڕان نەهاتووەکانی خۆی سەبارەت ڕانەگرتنی پیتاندنی ئۆرانیوم داگرت. ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە لایەنی ئۆرووپایی خوازیاری پیتاندنی ئۆرانیۆم و پشتیوانی نەکردن لە تیرۆریزم بوو, کە چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا مەسەلەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤیش بە جیددی ببێتە یەکێك لە تەوەری باسەکانی ئۆرووپا و ئێران, چونکە ئورووپا بە پێی "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکوری ئافریقا" پێبەندی دێمۆکراتیزە کردنی ناوچەکەیە.

ئەمریکا و ئۆرووپا لە بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هێندێ ئامانجی هاوبەشیان هەیە کە دەتوانێ لە یەکیان نزیك بکاتەوە, بریتین لە:

١ـ خەبات دژی تیرۆریزم, کە لەم پێوەندییەدا بۆ هیچ لایەکیان شاراوە نیە کە کۆماری ئیسلامی گەورەترین پشتیوانی تیرۆریستانە.

٢ـ هەوڵدان بۆ دێمۆکراتیزە کردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو باکووری ئافریقا. کە کۆماری ئیسلامی نەتەنیا بۆ خۆی سیستمێکی دیکتاتۆرییە بەڵکوو بەربەستێکە لە بەردەم دێمۆکراتیزە کردنی ناوچەکە.

٣ـ هەوڵدان بۆ ئاشتیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل کە لەم پێوەندییەشدا ئێران گەورەترین بەربەستەو هەموو کاتێك ڕۆڵی نیگەتیڤی هەبووە.

هەر ئەم خاڵە هاوبەشانەش وادەکەن کە ڕایس بڵێ:" وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئورووپا لە بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی دیپلۆماسی بۆ ئەوەی ئەم پەیامە بە ئێران بگەیەنن کە تا کاتێك بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی هەوڵ بداو لە تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پشتیوانی بکا و خەڵکی خۆی لە دێمۆکراسی بێبەش بکا ناتوانێ بە تەواوی ببێ بە ئەندامی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی, ئامانجی هاوبەشیان هەیە". بەڵام لە هەمان کاتدا یەکیەتیی ئورووپا و ئامریکا هەریەك، شێوەی تایبەتی خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم بابەتانە هەیە کە سەردانەکەی ڕایس و بووش هەوڵی نزیك کردنەوەی ئەم ڕوانگانەی داوە.

بە سەرنجدان بە پێداگرتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر پیتاندنی ئۆرانیۆم لە لایەك و مەترسییەکانی ئەگەری بەدەستهێنانی چەکی ناوکی لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە, چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا ئورووپا ناچار ببێ دەست لە سیاسەتی " دیالۆگی ڕەخنەگرانە" هەڵبگرێ و بۆ پێشگیری لە مەترسییەکانی بوونی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی ناوکی, لەگەڵ ئامریکا بە مەبەستی بردنی پەروەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ "شووڕای ئەمنییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان" هاودەنگ بێ, ئەمەش لە قسەکانی "یوشکا فیشێر" وەزیری دەرەوەی ئەڵماندا بە ڕوونی باس دەکرێ کە دەڵێ: "ئەگەر ئێران دەست لە پیتاندنی ئۆرانیۆم هەڵ نەگرێ، دەبێ پەروەندی ئەم وڵاتە بڕواتە "شووڕای ئەمنییەت." کە بێگومان ئەمەش گەمارۆی لە دژی کۆماری ئیسلامی لێدەکەوێتەوە. ئەم ترسە لە کردەوەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییشدا دیارە کە هەوڵ دەدەن لە بەرانبەردا جێی پێی چین وەکوو وڵاتێك کە لە شووڕای ئەمنییەتدا مافی ڤیتۆی هەیە لە ئێراندا بکەنەوەو بەم شێوە جێگەی بەتاڵی یەکیەتیی ئورووپا پڕ بکەنەوە کە چەندین ساڵە بە یاری کردن لە گەڵ ئەو هێزەو دانی ئیمتیازی ئابووری هەوڵیان داوە کە گوشارە نێودەوڵەتییەکان تارادەیەك پووچەڵ بکەنەوەو درێژە بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆیان بدەن.

لەم پرۆسەیەدا چاوەڕوان دەکرێ کە ژاپۆنیش پشتیوانی لەم هەڵویستەی ئامریکا و ئۆرووپا بکا. چونکە ئەتۆمی بوونی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامدا بەرەو ئەتۆمی چوونی ناوچەکە یان هەژموونی ئێران بەسەر ناوچەکەداو تەیار کردنی گرووپە تیرۆریستییەکان نە تەنیا لە بەرژەوندیی ئامریکا و ئۆرووپادا نیە بەڵکوو بەرژەوندیی ژاپۆنیش لە مەترسی دەخا کە بەرژەوندییەکی گەورەی لە ناوچەکەدا هەیە. ئەم هۆکارانەش کارێکی وا دەکەن کە "ماشیمۆرا" وەزیری دەرەوەی ژاپۆن ڕابگەیەنێ:" ئەگەر وتووێژەکانی ئۆرووپاو ئێران ڕاوەستێ ئەم وڵاتە سەرمایەکانی خۆی لە ئێران دەکێشێتە دەرێ."

بەڵام چاوەڕوان ناکرێ دوو وڵاتی چین و ڕووسیە بە جیددی پشتیوانی لەم پرۆسەیە بکەن. چونکە چ ڕووسیە وەکوو وڵاتێك کە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران ساز دەکا و چ چین کە لە ماوەیەکی کورتی ڕابردوودا ڕێککەوتننامەیەکی سەد میلیارد دۆلاریی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مۆر کردوە, بەرژەوەندی گەورەی ئابوورییان لە ئێراندا هەیە. تەنانەت ئەم دوو وڵاتە لە بەرنامەدان کە نفووزی خۆیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات نێوەڕاستی گەورەدا پەرە پێبدەن و ئێران وەکوو سەکۆیەك بۆ نفووزی زیاتر و بەدەستهێنانی بەرژەوندییەکانیان لە ناوچەکە چاو لێدەکەن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا چاوەڕوان ناکرێ کە ئەگەر وتویێژەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سێ وڵاتی فەڕانسە و ئەڵمان و ئینگلیس بە ئاکامی گونجاو نەگەیشت و پەروەندەی کۆماری ئیسلامی چووە شووڕای ئەمنییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان, ڕووسیە یان چین لە مافی ڤیتۆی خۆیان بۆ ڕەدکردنەوەی هەر جۆرە بڕیارێك لە پێوەندی لەگەڵ گەمارۆ خستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کەڵك وەرگرن. چونکە ئەگەر ئەم وڵاتانە کارێکی وەها بکەن, ئەمریکا و ئورووپا کارتی یاری بەقوەتیان لە بەردەستدا هەیە, بۆ وێنە چین ئێستا لەگەڵ چەندین گرفت لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا بەرەورووە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە نەبوونی ئازادی لە نێوخۆی وڵات و کێشەی تایوان و کێشە ئاوییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ دراوسێکانی بکەین کە ئەمریکا لە کاتی پێویست و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیدا دەتوانێ وەکوو کارتی "فشار" کەڵکیان لێوەرگرێ. بووش لەم سەفەرەیدا بۆ ئورووپا، ڕەخنەی لە ئەگەری لابردنی گەمارۆی فرۆشی کەرەستەی نیزامی لە سەر چین گرت. هەروەها ڕووسیەش لە هەردوو ئاستی نێوخۆی و دەرەکیدا لەگەڵ چەندین گیروگرفت بەرەوڕووە, وەکوو کێشەی دێمۆکراتیزە کردنی وڵات و کێشەی ئابووری و کێشەی "چچێن". بووش لە چاوپێکەوتنەکەی خۆیدا لەگەڵ "پووتین" باسی دێمۆکراتیزەکردنی ڕووسیەی کردو لەم پێوەندییەدا "فشار"ی خستە سەری. ئەمەش کارێکی وەها دەکا کە پووتین ڕابگەینێ کە لە ئەتۆمی بوونی ئێران ڕازی نیە. بۆیە ئەگەر لە ژێر کاریگەریی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکادا لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە ملهۆڕییەکانی کۆماری ئیسلامی, وتوێژەکانی ئێران و ئۆرووپا کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لە ژێر ناویدا درێژە بە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی بدا, کۆتایی بێ, ئەگەری بەڕێکردنی فایلی کۆماری ئیسلامی بۆ شووڕای ئەمنییەت و گەمارۆ خستنە سەر ئەم ڕێژیمە زۆر بەهێزە.

هەروەك کە چاوەروان دەکرا سەرۆك کۆماری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکاش لە سەردانەکەی خۆیدا درێژەی بە ڕەوتێك دا کە کۆندالیزا ڕایس ڕێگەی بۆ خۆش کردبوو بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپاییو هەروەها گرتنەپێشی سیاسەتێکی هاوبەش لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا. لەم پێوەندییەشدا چەندین چاوپێکەوتنی گرنگی لەگەڵ ڕێبەرانی یەکیەتی ئورووپا ئەنجامداو لە قسەکانی ڕێبەرانی هەردوولا دەردەکەوێ کە یەکیەتیی ئورووپاو ئامریکا لەمەڕ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی نابێ چەکی ناوکی بەدەست بێنێ و ئەگەر درێژە بە ڕەوتی پیتاندنی ئۆرانیۆم بدا پەروەندەکەی بڕواتە شورای ئەمنییەت، یەك دەنگن.

بە ئەگەری چوونی پەروەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو ڕێژیمێك کە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی هەوڵ دەداو پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەکاو، هەروەها مافی مرۆڤ لە نێوخۆدا پێشێل دەکاو لە ئاکامدا گەمارۆدانی ئەم حکومەتە, ڕێگا بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران خۆش دەبێ, چونکە گرنگترین هۆکاری مانەوەی ڕێژیم پشتیوانی نێودەوڵەتیو لە سەرەوەی هەموویان ئورووپایە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا, وڵاتە دێمۆکراتەکانی جیهان دەتوانن پشتیوانی لە جووڵانەوەی دێمۆکراتیکی گەلانی ئێران بکەن بۆ ئەوەی سیستمێکی دێمۆکراتیك و فیدراڵ لە وڵاتەکەیان دامەزرێنن, کە بێگومان ئەمە هەم لە بەرژەوەندیی گەلانی ئێران دایەو هەم لە بەرژەوەندیی تەواوی جیهان دایە.

❊ ❊ ❊



# سمینارێك بۆ باس لە کێشەکانی ژنان لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی ژناندا

کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی پینج شەممە ١٣ی ڕەشەمە لە پێشوازیی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان دا سمینارێکی بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کێشەی ژنان پێك هێنا.

سمینارەکە لە ژێر دروشمی "هەنگاونانی کاریگەرتر بۆ ڕزگاریی ژنان لە ڕێگای چالاکیی فیکریو ڕۆشنبیرییەوە"، کاتژمێر ٩/٥ی پێش نیوەڕۆ لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسی بە بەشداریی سەدان ژنو پیاوی دیموکراتو هۆگری یەکسانی پێك هاتو هەتا کاتژمێر ١٢ی خایاند. لە سەرەتادا خاتوو سوهەیلا قادری بەخێرهاتنی بەشدارانی کردو پێشکەشکەری باسەکانی ناساندو سەردێری باسەکانی ڕاگەیاند. دواتر بەڕێزان قادر وریا، شنۆ مێهرپەروەر، ڕامبود لوتفیپووریو فاتمە عوسمانی باسەکانی خۆیان پێشکەش کرد. هاوڕێ قادر وریا باسەکەی خۆی بۆ مافە ئیسلامیو مافە ئینسانییەکانی ژنان تەرخان کردبوو. لەم باسەیدا ڕوانگەی ئیسلامی سوننەتیو مێژوویی بەرامبەر بە ژنو مافەکانی لە بواری جۆراوجۆردا وەك میراتوەرگرتن، ژیانی هاوبەش، سەرپەرستیی منداڵان، پلەوپایەو بەرپرسایەتیی سیاسی، ئایینیو حقووقی جەزاییو کەیفەری دا، ڕوون کردەوە. پاشان قامکی لەسەر کۆمەڵێك لەو جیاوازییانە دانا کە لەم ڕوانگەیەوە لە نێوان ژنو پیاو دا هەن. دواتر ڕوانینی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ بۆ ژنو ناتەبایی نێوان ئەو دوو ڕوانگەیە مافەکانی ژنانو بناغەی جیاوازییەکانی شی کردەوە.

خاتوو شنۆ مێهرپەروەریش توندوتیژی بە دژی ژنانی کردبوو بە تەوەری سەرەکیی باسەکەی. لەو باسەیدا، وێڕای پێناسەکردنی توندوتیژی، زۆر ڕەفتارو هەڵسوکەوت لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵو نموونە جۆراوجۆرەکانی جیاوازیدانان لە نێوان ژنو پیاوی وەك نموونەی توندوتیژی، دەست نیشان کرد.

"ژنو سیاسەت" سەردێڕی ئەو باسە بوو کە کاك ڕامبود لوتفیپووری پێشکەشی کرد. لەو باسەدا کۆمەڵێك هۆکار ئاماژەیان پێکرا کە بوونەتە هۆی بەشداریی کەمی ژنان لە سیاسەت داو، ئەوانیان بەرەو خۆپاراستن لە هاتن بۆ نێو سیاسەت بردوە. پاشان ئاماژەی بە هێندێك سروشتو تایبەتمەندیی کاری سیاسی لە نێو ژنان دا کرد. لەو پێوەندییەدا کاریگەریی بۆچوونو هەڵوێستی مێردو پێوەندیی بنەماڵەیی لە سەر دەنگدانو بڕیاری ژنانو چەند فاکتەری دیکە ئاماژەی پێکرا.

خاتوو فاتمەی عوسمانی "ژنو ئیدئۆلۆژی"ی کردبوو بە تەوەری باسەکە. ناوبراو لەسەر ڕۆڵی ئیدئۆلۆژی لە هێنانەگۆڕو بەرەوپێشبردنی کێشەی ژن، هەروەها لەسەر تێگەیشتن لە ژن لە چەند ئیدئۆلۆژییەکی جیاواز دا قسەی کرد.

هەروەها یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کەمپی جێژنیکان ڕێوڕەسمێکی بەو بۆنەیەوە لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەبرد. لەو ڕێوڕەسمەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوەندی ٣ بەشداری بوون، سەرەتا بەڕێز عومەر شاداب لەلایەن ناوەندی ٣ی کوردستانەوە وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لە ژنانی کوردستانو سەرانسەری جیهان، چەند وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکێشی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرد. پاشان لەلایەن کچانو کوڕانی هونەرمەند کۆمەڵێك بەرهەمی هونەری (گۆرانی، شانۆ، سروود)و شێعرو پەخشان پێشکێش کران. شایانی باسە کە هونەرمەند سمایل سەردەشتی بە گوتنی کۆمەڵێك گۆرانی کۆڕەکەی گەرمتر کرد.

❊ ❊ ❊



# هەواڵەکانی کوردستان

## کۆچی دوایی دڵسۆزێکی لەمێژینە و بەئەمەکی جووڵانەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات لە ناوچەی سۆمای سەلماس

ماوەیەك لەمەوپێش مامۆستایەکی نیشتمانپەروەرو خەباتگێڕ، بە ناوی مەلامحەممەد ئەنساری، مامۆستای گوندی "سیدانی"، ناوچەی سۆما، لە تەمەنی پیریدا کۆچیدوایی کرد.

شیاوی باسە کە ناوبراو یەکێك لە پاڵپشتانو دڵسۆزانی جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

ئێمەش پرسەو سەرەخۆشیو هاوخەمی خۆمان بەو بۆنەوە لە بنەماڵەی ئەو تێکۆشەرە بەئەمەکەی ڕێگای رزگاریی کوردستانو هەموو ڕێبوارانو ئەویندارانی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد دەکەینو هەروەها هیوادارین کە ڕۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی لەمێژینە و خەباتگێڕی حیزب لە شاری سەردەشت

لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/١١/٢٣، کاك عەبدوڵڵا نەزمی، ناسراو بە "حاجی"، ئەندامی لەمێژینەو تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە ناوچەی سەردەشت کۆچیدوایی کرد.

ناوبراو لە ساڵەکانی ٤٧ـ٤٦دا پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتووەو پاشتر دوای شۆڕشی گەلانی ئێران هاتۆتە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوەو لە "هێزی گیارەنگ"دا سازمان دراوەو ئەرکی حیزبیو نەتەوەیی خۆی بە شێوەیەکی شیاوو ماندوونەناسانە بەڕێوەبردووە.

شایانی باسە کە ناوبراو بە هۆی چوونەسەری تەمەن لەسەر داوای کومیتەشارستانی سەردەشت لە ساڵی ١٣٦٧دا گەڕاوەتەوە نێو بنەماڵەو کەسوکاری خۆی. ئێمەش لێرەدا پرسەو سەرەخۆشیو هاوخەمیی خۆمان بەو بۆنەوە بە بنەماڵەو کەسوکاری ئەو پێشمەرگە دێرینو تێکۆشەرە رادەگەیەنینو ئاواتەخوازین کە ڕۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بێ.

## هێرشی هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم، بۆ سەر ماڵی هاووڵاتییەك لە شاری سنە

، ماوەیەك لەمەوپێش، لە گەڕەکی "١٧ی شەهریوەر"ی شاری سنەدا هێزەکانی ئینتیزامی، دەڕژێنە نێو ماڵی هاووڵاتییەكو یەك میلیۆن تمەن پووڵو ٢ کارتۆن سیگار لەگەڵ خۆیان دەبەن، بەڵام لە پاش ئەوەی کە لە لایەن خەڵکی گەڕەکەکانەوە دەکەونە بەر هێرشو لێدان، هەڵدێن.

پاشان هێزەکانی ئینتیزامیی ڕێژیم، دوای ماوەیەك دەگەڕێنەوەو خاوەنی ماڵەکە دەستگیر دەکەن کە ئێستاش کێشەکە گەیشتۆتە دادگای ڕێژیم.

## سنە ـ زانکۆی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی "ژن"ەوە، سمینارێك لە ژێر ناوی "ژن، ئەدەبیاتو فەرهەنگ" بەڕێوەچوو

لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٢/٩ی هەتاوی، لە زانکۆی کوردستان سمینارێك بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی "ژن" پێك هات.

بابەتی سمینارەکە سەبارەت بە "ژن، ئەدەبیاتو فەرهەنگ" بوو کە کۆمەڵێك لە ڕووناکبیرانو شارەزایانی ئەو بوارە تێیدا بەشدار بوون. هەروەها لەم سمینارەدا لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕۆڵی "ژن" لە بواری فەرهەنگو ئەدەبیاتدا خرایە بەرباسو توێژینەوە.

شایانی باسە کە سمینارەکە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی دەستی پێکردو کاتژمێر ٦ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

## ئامادەباشیی هێزەکانی ڕێژیم لە شاری سنەدا

لە بەرەبەری ٣ی ڕەشەممەدا هەموو هێزەکانی ئینتیزامیو سوپای دژیگەلی لە حاڵەتی ئامادەباشیی بیستوچوار سەعاتەدا بوونو بە تەواوی سیمای شاری سنەیان میلیتاریزە کردبوو. دیارە هۆی سەرەکیی ئەم ئامادەباشییەش نزیکبوونەوەی ساڵیادی ٣ی ڕەشەممەبوو. ترسی ڕێژیم لەوەی کە خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری سنە لە ساڵیادی کوشتاری ٣ی ڕەشەممەی ٧٧دا خۆپیشاندان ساز بکەن.

لەو ماوەیەدا هێزەکانی ڕێژیم لە نێو شاردا نەیاندەهێشت خەڵك لەسەر شەقامە سەرەکییەکان کۆ ببنەوەو بە بیانووی جۆراوجۆر لاوانی ئەو شارەیان دەستگیر دەکرد. هەروەها تەواوی مەرەخەسییەکانی پەرسۆنێلی نیزامی هەڵوەشێنرابۆوەو هەموو هێزە سەرکوتکەرەکانی دژی شۆڕش لە نێو پادگانەکاندا لە حاڵەتی ئامادەباشی تەواودا بوون.

## هەڵکرانی ئاگر لەسەر بەرزاییەکانی گوندی سەڵواتئاوای سنەو کاردانەوەی هێزە دژیگەلییەکان

ماوەیەکە کەس یان کەسانێکی نەناسراو نارنجۆکی دەستیو کۆکتێل ملۆتۆف دەخەنە ماڵی جاشە ناسراوەکانی گوندی سەڵواتئاواوەو، تا ئێستا لەم پێوەندییەدا جاشەکانو هێزەکانی ڕێژیم کارێکیان لەدەست نەهاتووەو ئەو مەسەلەیە لە ناوچەکەدا دەنگی داوەتەوە. هەروەها چەند شەو لەمەوبەر لەسەر یەکێك لە بەرزاییەکانی ئەو گوندەدا ئاگر کرایەوەو کەس نازانێ کە هۆی کرانەوەی ئەو ئاگرە چ بوو پاسگای هێزی ئینتیزامی لەو شەوەدا بە بینینی ئەو ئاگرە، تەقەیان لە شوێنی ئاگرەکە کردو ئەو تەقەکردنە بۆ ماوەی ٢٠ دەقیقە درێژەی هەبوو. بەیانیی ئەو ڕۆژە هێزە دژیگەلییەکانی ڕێژیم نزیکەی ٨ کەسیان لە خەڵکی گوندی سەڵواتئاوا دەستگیر کردو کەشوهەوایەکی نیزامی باڵی بەسەر ئەو گوندەدا کێشاوە. شایانی باسە دوای ئەو ڕووداوانە، کۆنەجاشەکانی ڕێژیم چەكو تەقەمەنییەکی زۆریان پێدراوە.

## ئاڵۆزی لە شاری مەریوان بە هۆی تێکهەڵچوونی نێوان خەڵكو هێزی ئیتلاعاتی ڕێژیم

ڕۆژی هەینی، ١٣٨٣/١٢/١٤، کاتژمێر ٥ی ئێوارە لە شاری مەریوان چوار بەکرێگیراوی ئیتلاعاتی کە یەکێکیان ناسراوەو ناوبانگی "ئەمانی"یە، بە هۆیەکی نادروونەوە هێرش دەکەنە سەر لاوێك بە ناوی "محەممەد گاگلی"و ئیسپری بە سەروچاویدا دەپڕژێنن و هەوڵی سوارکردنی بۆ نێو ماشین دەدەن، خەڵك بە دیتنی ئەم ڕووداوە کاردانەوەی خۆیان پیشان دەدەنو لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دەکەونە دەرگیریو پێکدادانو ئیتلاعاتییەکانیش بۆ ترساندنی خەڵك دەست دەکەن بە تەقەی هەوایی، لە ئاکامی ئەم ڕووداوو پێکدادانەدا شاری مەریوان ئاڵۆز دەبێت کە ئەم ئاڵۆزییە تا کاتژمێر ٨ی شەوو گەیشتنی ئەم هەواڵە هەر درێژەی هەبووە.

## ڕێژیم لە شاری مەریواندا، بە شێوەیەکی بەرین دەستی کردوە بە کۆکردنەوەی ماهوارە

چەند ڕۆژێکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی کردوە بە زەوتکردنی دەزگا ماهوارەییەکانی هاووڵاتیانی ئەم شارەو تا گەیشتنی ئەم هەواڵە زیاتر لە ٢٠٠ دەزگای ماهوارەی بە شێوەیەکی ناشارستانیانە زەوتکردوە. بەپێی هەواڵی گەیشتوو تا ئێستا چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەك لەو پێوەندییەدا لە نێوان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمو خاوەنی ماهوارەکاندا ڕووی داوە.

## ڕێژیم بە هاودەستیی "حاجی ئەحمەد قوربانی" فشار دەخاتە سەر گوندنشینانی "هوویە"

وەك ئاگادارن لە ژمارەی (٤٠٦)ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هەواڵێکی گوندی "هوویە" بڵاوکرابۆوە کە باس لە هێزێکی سوپای پاسداران دەکا کە چوونەتە نێو گوندو خەڵکیان کۆکردۆتەوەو تەبلیغییان بۆ سیاسەتە چەوتەکانیان کردوەو داوایان لە لاوانو خەڵکی گوند کردبوو کە ببنە بەسیجیو کار بۆ ڕێژیم بکەن. بەڵام لاوانو خەڵکی گوند زۆر ئازایانەو بەبێ گوێدان بە قسەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم، لە مزگەوت دێنە دەرێو نارەزایەتیی خۆیان لە هاتنی هێزەکانی ڕێژیم بۆ ئەو گوندە دەردەبڕن.

بەپێی هەواڵێکی دیکە لە گوندی هوویەوە، دوای ئەو ڕووداوە، کۆنەجاشێکی دانیشتوو بە ناوی "حاجی ئەحمەد قوربانی" لە لای بەرپرسانی سوپای پاسداران شکایەتی لە خەڵکی گوندی هوویە کردوەو گوتوویە کە خەڵکی گوندی هوویە هەموویان "ضد انقلاب"نو، نابێ حکوومەت جیرەو کۆپینیان بداتێ. ئەڵبەت ناوبراو دیسان هێزەکانی ڕێژیمی هێناوەتە گوندو هەڕەشەیان لە خەڵك کردووە.

شایانی باسە "حاجی ئەحمەد قوربانی" یەکێك لەو جاشە بەکرێگیراوانەیە کە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا لە خزمەت ئامانجەکانی ڕێژیمدا بووەو هەیەو بە دژی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد بەگشتیو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی هەڵسوکەوتی کردووەو دەکا.

## ڕێژیم لە گوندی "پیرخەیران"ی ناوچەی مەریوان، مۆڵگەیەکی نوێی نیزامی دامەزراند

ڕێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی میلیتاریزەکردنی کوردستانو بە مەبەستی سەرکوتی تێکۆشەرانی کورد، لە گوندی "پیرخەیران"ی ناوچەی مەریوان مۆڵگەیەکی نوێی نیزامیی دامەزراندووەو دەگوترێ ژمارەی هێزەکانی ڕێژیم لەو مۆڵگەیەدا دەگاتە نزیکەی ٧٠ بەکرێگیراو.

## داخرانی مانگنامەی "دەنگی خوێندکار" لە لایەن زانکۆی کوردستانەوە

بە گوێرەی هەواڵێك کە بە دەستمان گەیشتووە، ڕێژیمی دژیگەلیی ئاخوندی لە درێژەی کپ کردنو داخستنی هەر جۆرە دەنگێکی نەخوازراوی خۆیداو لە ئاکامی ترسو تۆقین لە ئازادیی ڕادەربڕین، مانگنامەی "دەنگی خوێندکار"، کە لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی کوردستانەوە دەردەچێت، بە پاساوی ئەوەی کە گوایە وتاری جیاییخوازانە بڵاو دەکاتەوە، پێش بە بڵاوبوونەوەی دەگرێتو دای دەخات.

## ژنێك لە لایەن بەکرێگیراوێکی ڕێژیمەوە لە ناوچەی بێڵەواری کرماشان کوژرا

ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٢/١، ژنێك بە ناوی "شەهین"، خەڵکی گوندی کوڵان، سەر بە ناوچەی بێڵەواری کرماشان، بە هۆکارێکی ناڕوونەوە لەلایەن چەکدارێکی بەکرێگیراوی ڕێژیمەوە بە ناوی "فەردین" دەکوژرێت.

شیاوی باسە کە ماوەیەکە ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی، بە بیانووی نەبوونی ئاسایشو تەناهی، ژمارەیەك لە خەڵکی گوندەکانی ناوچەی بێڵەواری چەکدار کردووەو تەنانەت بەزۆرەملێ هێندێ لە لاوەکانی ئەو ناوچەیەی ناچار کردووە کە چەکی ڕێژیم هەڵبگرن.

ڕێژیم ناوی "بەسیج ملی" لەم کردەوە بێئاکامانەی خۆی ناوەو دەیەوێ بەم سیاسەتە چەوتانەی خۆی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە دژی یەکترو جووڵانەوەی گەلی کورددا بکاتەوە.

جێی ئاماژەپێکردنە کە ناوبراو بە چەکی ڕێژیم ئەو ژنەی کوشتووەو ئێستاش لە بەندیخانەی "دیزل ئاباد"ی کرماشان بەندە کە تا گەیشتنی ئەم هەواڵە حوکمی بۆ دیاری نەکراوە.

## سەلماس ـ گوندی بەروشخاران منداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵ لە لایەن هێزی ئینتیزامیی ڕێژیمەوە بریندار کرا

ڕۆژی هەینی، ١٣٨٣/١١/٣٠ی هەتاوی، کاتژمێر ١١ی شەو لە گوندی بەروشخاران (سەلماس)، منداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵ، خەڵکی گوندی "خانەگ"ی کوردستانی تورکیە، بە ناوی "جەمال" کوڕی سلێمان کە سەرباری کەم تەمەنی بە هۆی دەستکورتیو بۆ دەرهێنانی بژێوی ژیان کاسبی دەکرد، بە دەستی هێزە دژیگەلییەکانی بەناوئینتیزامی (پاسگای بەروشخاران)، بریندار بوو.

ناوبراو لە لایەن خەڵکەوە بۆ تیمارکردنی برینەکەی بەرێی نەخۆشخانەی شاری سەلماس کرا، بەڵام کاربەدەستانی نەخۆشخانە بە گومانی ئەوەی کە ئەو منداڵە لەشەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا بریندار بووە، وەریان نەگرت.

## کوژران و برینداربوونی دەیان کەس لە هاووڵاتیان لە ڕووداوی پێکدادانی دوو ئۆتوبوسدا

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٢/٤، لەسەر ڕێگای نێوان شارەکانی سەلماس ـ ورمێدا دوو ئۆتوبوسی مەدەنی پێکدا دەدەن، کە بەداخەوە ئاکامی ئەو پێکدادانە دەیان کەس کوژراوو برینداری لە سەرنشینانی هەردوو ئۆتوبوسەکە لێدەکەوێتەوە.

## نوسخەی شەفابەخشی بەرپرسی بەندیخانەی سەلماس بۆ بەندکراوەکان!

بە گوێرەی هەواڵێك کە ماوەیەك لەمەوپێش بەدەستمان گەیشتووە، بەرپرسی بەندیخانەی سەلماس لە کۆبوونەوەیەکدا کە بۆ بەندکراوەکانی ئەو بەندیخانەیە دەگرێ بە شێوەیەکی نامرۆڤانەو دژیگەلییانە بۆیان دەدوێو داوا لە بەندکراوەکان دەکا کە کەڵکوەرگرتن لە ماددەی موخەددیر (هێرۆیین) قەدەغەیە، بەڵام دەتوانن لە جێگای هێرۆیین لە "تریاك" کەڵك وەربگرن.

شیاوی گوتنە کە بەندیخانەکانی ڕێژیم ئێستا بە شێوەیەکی بەرین بوونەتە شوێنی بڵاوکردنەوەی ماددە بێهۆشکەرەکانو بە ئێعتیادکێشانی بەندییەکانو بەرپرسانو کارگێڕانی بەندیخانەکانیش، ڕۆڵی سەرەکییان لەم کردەوە نامرۆڤانەیەدا هەیە.

## کوژرانی گروهبانێکی هێزی ئینتیزامیی ڕێژیم لە شاری مەهاباد

ڕۆژی ١٣٨٣/١١/٢٩، کاتژمێر ٢ی سەرلەبەیانی، لە شەقامی فەلەستین لە شاری مەهاباد لە لایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراوەوە، تەقە لە پەیکانێکی هێزی ئینتیزامیی ڕێژیم دەکرێ، کە لە ئاکامی ئەو دەستڕێژییەدا گروهبانێکی هێزی ئینتیزامی دەکوژرێ.

***

## تیرۆرکرانی کاك کەمال شاهین، سەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیکی کورد لە سووریە

شەوی ١٧ لەسەر ١٨ی مانگی ٢ی ٢٠٠٥ی زایینی، کەس یان کەسانێکی تیرۆریستی نەناسراو لە ئۆردووگای باینجان سەر بە پارێزگای سلێمانی، تەقەیان لە بەڕێز کاك کەمال شاهین، سەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیکی کورد لە سووریە کردو لە ئاکامدا بە توندی بریندار بوو و پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانەی شاری سلێمانی بەداخەوە گیانی لەدەست دا.

شایانی باسە کاك کەمال شاهین لە ساڵی ١٩٦٠ی زایینی لە شاری "حەلەب"ی کوردستانی سووریە لەدایك بوو و خوێندنی لە بەشی ئەندازیاریی زانکۆی حەلەب تەواو کرد. ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ریزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K)وە کردو دواتر پارتی یەکیەتیی دێموکراتیکی کوردی سووریەی دامەزراندو تا کاتی شەهیدبوونی وەکوو سەرۆکی ئەو پارتە بۆ وەدەستهێنانی مافو ئازادییە زەوتکراوەکانی گەلی کورد لە کوردستانی سووریە خەباتی دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە توندی ئەو کارە تێرۆریستیە مەحکوومو ریسوا دەکاتو سەرەخۆشیو هاوخەمیی خۆی بۆ ئەندامانو لایەنگرانی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیکی کورد لە سووریەو بنەماڵەی ئەو ڕێبەرە شەهیدە دەردەبڕێو هیوادارە، کە زووترین کات تێرۆریستەکان بناسرێنو بە دەستی عەدالەت بسپێردرێن.

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### شنۆ

شەوی شەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٢/١، کۆمەڵێك کارو چالاکیی تەبلیغیی جۆاوجۆر لە لایەن لایەنگرانو ئەندامانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە شاری شنۆ بەڕێوەچوو.

ئەم چالاکییانە بریتی بوون لە راواندنەوەی بەشێك لە دیوارەکانی سەر چوارڕێیانی کرێکارو بەشێك لە شەقامی سەرەکی شاری شنۆ، بە دروشمی دژی ڕێژیمی ئاخوندیو نووسینی دروشمی نەتەوەییو حیزبی.

هەورەها چەند ڕۆژ پێش ئەم کردەوە تەبلیغییە، دیوارەکانو کۆڵانەکانی مزگەوتی "جامعی شنۆ" بە نووسینی دروشمی حیزبیو نەتەوەیی رازێنرابوونەوە.

### سەلماس

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١١/٢٩، ژمارەیەکی بەرچاو کاری تەبلیغی لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە شێوەیەکی بەرین بەڕێوەچوو. کارو چالاکییەکان زۆرتر بریتی بوون لە، بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبیو وێنەی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووو هەروەها نووسینی دروشمی حیزبیو نەتەوەیی. جێی باسە کە ئەم کارە تەبلیغییانە، کاردانەوەیەکی باشی لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازو قارەمانپەروەری سەلماسەوە بووەو بۆتە هۆی دڵگەرمیو خۆشحاڵیی ئەوان.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغیان تێدا بەڕێوەچوو، بریتین لە:

شەقامەکانی بەناو شوهەداو تەباتەبایی، شەقامی ئەمیرکەبیر، کویی خولیفەگەلی، تەسبیت، ئیسلام ئاباد، دەورووبەری بنکەی سەرەکیی سوپای پاسداران، قوتابخانەی فەنیوحرفەیی.

### "ڕاژان"ی ورمێ

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی ورمێ، کۆمەڵێك کاری تەبلیغیی سەرنجڕاکێشیان بەڕێوەبرد.

کارە تەبلیغییەکان بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی تراکتو نووسراوە حیزبییەکانو نووسینی دروشمی شۆڕشگێرانەو حیزبی.

هەروەها سەرجەم ئەو تراکتو نووسراوانەی کە لە لایەن ڕێژیمەوە بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندانەوە، هەڵواسرابوون هێنرایە خوارەوەو لە باتییان ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستانو ئاڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرز کرانەوە. شایانی باسە کە ئەم چالاکییەی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، بووە جێگای سەرنجو دڵخۆشی خەڵکی ناوچەو دەوروبەری.

### پاوە

چەند ڕۆژ لەمەوپێش لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، کۆمەڵێك کاری تەبلیغی، کە زۆرتر بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی CDیەکانی حیزب، لە گەڕەكو شەقامەکانی شاری پاوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوەچوو، کە لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازو خەباتگێڕی ئەو شارەوە پێشوازییەکی گەرم لەم چالاکییانەی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب کرا.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com e- mail: info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org e- mail: pdkiran@club-internet.fr

www.rdki.com e- mail: rdk_iran@yahoocom


## ٣٠٠٠ زمان لەگەڵ مەترسیی لەنێوچوون بەرەوروون

لە ٣ سەدەی ڕابردوودا ڕەوتی لەنێوچوونی زمانەکان تا هاتوە توندترو ترسێنەرتر بووە، بەجۆرێك کە لە هەر مانگێك دا ٢ زمان لە نێو دەچن. ئەم ڕەوتە زیاتر لە هێندێك ناوچەی وەك ئەمریکاو ئوستڕالیادا هەست پێدەکرێ. نزیکەی ٣٠٠٠ زمان بە جیددی لەگەڵ مەترسیی لەنێوچوون بەرەوروون. بەگوێرەی لێکۆڵینەوە نوێیەکانی زانایان، زۆرایەتیی زمانەکان بەوانەیە کە کەمترین ژمارەی ئاخێڤەرانیان هەیە، ئاخێڤەری هێندێك زمان لە ١٠٠٠٠ کەس کەمترن‌و ژمارەیەك زمان هەن کە کەمتر لە ١٠٠٠ کەس قسەیان پێدەکەن. بەپێی وریاکردنەوەی جیددیی زمانناسان لە بارەی ئەگەری لەنێوچوونی سەدی ٤٠ی زمانەکان لەم سەدەیەدا، ڕێکخراوی نەتەوە ەکگرتووەکان‌و یونسکۆ گەڵاڵەیەکیان بۆ پاراستنی ئەو زمانانە داناوە کە ئێستا هەن. ناودێرکردنی ڕۆژی ٢١ی فێوریە بە ناوی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی، هەنگاوێکە کە بە پێی ئەم گەڵاڵەیە، هاوێژراوە.

بە گوێرەی زانیاریی‌یە نوێیەکانی لێکۆڵەران لە بارەی کاریگەریی زمانی زگماکی لە فێربوونی منداڵان دا، یونسکو کەڵکوەرگرتن لە سیستەمی فێربوون بە چەند زمان وەك ڕەمزی مانەوەی زمانە زگماکیی‌یەکان، پێشنیار دەکاو، داوا لە هەموو وڵاتانی جیهان دەکا ئەم سیستەمە بەکار بێنن. کۆیچیرو ماتسورا بەڕێوەبەری گشتیی یونسکو ساڵی ٢٠٠١ لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی دا گوتی: منداڵان دەبێ لە تەمەنی خوارەوەیان دا بە زمانی زگماکی لە قوتابخانەکان بخوێنن، داواشی کرد هەموو وڵاتانی جیهان بۆ بەدیهێنانی ئەم دروشمە هەنگاو بنێن.

"اخبار امروز"

## به یادی شەهیدانی هەڵەبجە لە سنە ٥٠٠٠ نەمام دەچێنرێ



لە یادی ساڵوەگەڕی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە ١٦ی مارسی ساڵی ١٩٨٨ کە نزیکەی ٥٠٠٠ کەس بوونە قوربانی، ڕێکخراوی "کۆمەڵەی کوردستانی سەوز" کە بارەگاکەی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەست دەکا بە چاندنی ٥٠٠٠ نەمام.

ئەم ڕێکخراوە لە هەنگاوێکی کەم وێنەدا بڕیاری داوە تا ڕۆژی ١٥ی مارس لە سنەو دەوروبەری ٥٠٠٠ نەمام بچێنێ‌و بەم هەنگاوە یادی ئەم کارەساتە بکاتەوە.

سایتی: پەیامنێر

## فەرانسە پێشی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی کاناڵی تەلەویزیۆنیی سەحەری گرت




شووڕای بەرزی بەرنامەکانی ڕادیوو تەلەفزیۆنی‌یەکانی فەرانسە "c.s.a", ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەشەمە بڕیاری قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی کاناڵی تەلەویزیۆنیی سەحەری١ی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەرکرد. ئەم کاناڵە تەلەویزیۆنی‌یە کە بە هۆی مانگی دەسکردی "یوتل سات" بەرنامە بۆ فەرانسەو ئورووپا بڵاودەکاتەوە، بە هۆی بڵاوکردنەوەی سریالەکانی "چاوەشینەکانی زەهرا"و "الشتات"، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك سووکایەتیی بە جوولەکەکان کردوە. لە بڕیاری شووڕای ناوبراودا هاتوە: کاناڵی تەلەویزیۆنیی سەحەری١، لە بەرنامەیەك لە ژێر ناوی "جیهانی ژێر پرسیار" نیشانەی گومانی خستۆتە سەر ڕاستیی ژینۆسایدی جوولەکەکان لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا.

ماڵپەڕی: اخبار روز

## نارەزایەتیی ڕۆژنامەنووسانی عێراق لە کاناڵی تەلەویزیۆنیی ئەلجەزیرە

ماڵپەڕی ئینتێرنێتیی "صوت العراق" ڕۆژی چوارشەممە ٥ی ڕەشەمە نووسی: ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان‌و ڕووناکبیرانی عێراق داواکاری تەحریمی کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی "الجزیرە"و، بەشداری نەکردن لە میزگردەکانی ئەو کاناڵە لە بارەی عێراقەوە بوون. زیاتر لە دوو هەزار فەرهەنگی‌و ڕۆژنامەنووسی عێراقی لە نێوخۆو دەرەوە بە بەشداری لە ڕاپرسی‌یەك دا کە ماڵپەڕی ناوبراو ئەنجامی دا، داوای تەحریمی ئەو کاناڵە تەلەڤزیۆنی‌یەو، داخرانی دەفتەری "الجزیرە" لە عێراقیان کرد. "صوت العراق" ڕای گەیاند کە بە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆو، لایەنگریی "الجزیرە" لە گرووپە تیرۆریستی‌یەکان‌و هاندانی ئەوان بۆ کردەوەی توندوتیژ لە عێراق دا، بەشدارانی ڕاپرسی داوای داخرانی ئەو کاناڵە تەلەڤزیۆنی‌یەو بەشداری نەکردنی عێراقی‌یەکان لە بەرنامەکانی ئەویان دا کردوە.




ماڵپەڕی "صوت العراق" "سامی فەیسەل"ی بەڕێوەبەری بەرنامەی "اتجاەمعاکس"ی ئەم کاناڵەی بە هاوکاری لەگەڵ ڕێژیمی پێشووی عێراق تاوانبار کردو چەند وێنەیەکی ناوبراو لەگەڵ عودەی، کوری سەددام حوسێن بڵاوکردەوە.

## بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستان‌و پێویستی‌یەکی گرنگ

بەرلەماڵاوایی

ع. وریا

لە کوردستانی باشوور،لەم دە دوازدە ساڵەی دوایی دا، سەردەمی زێڕینی چاپەمەنیی کوردی دەستی پێکردوە. بوونی ئازادیی بەربڵاو کە لە هیچکام لە دەوڵەتانی ناوچەو تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا وێنەی نەبووە لە لایەك‌و، لە لایەکی دیکەوە لەسەر کاربوونی دەسەڵات‌و ئیدارەیەکی سەر بە خەڵك‌و دڵسۆزی گەلی کوردستان، لە بواری ڕاگەیاندن‌و بە تایبەت چاپەمەنی‌دا دەسکەوتی جێگای شانازیی لێ کەوتۆتەوە. نەك هەر لە بەردەم دەرچوون‌و بڵاو بوونەوەی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری گۆڤارو ڕۆژنامەدا، کۆسپو لەمپەر دروست نەکراوە، بەڵکوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان ( هەردوو ئیدارە) لە پشتگری‌و یارمەتیدانی ئەو ڕەوتە درێغیان نەکردوە.

هەر لەم ماوەیەدا چەندین دەزگاو ناوەندی تایبەت بە چاپ‌و بڵاوکردنەوەی، دەوڵەتی، حیزبی‌و سەربەخۆ پێك هاتوون کە ساڵانە ژمارەیەکی باش، کتێبی نوێ یان ئەو کتێبە بەنرخانەیان کە لە مێژ بوو چاپ کرابوون‌ونوسخەیان لە بازاردا دەست ناکەوێ، چاپ‌و بڵاو کردۆتەوە. شانبەشانی ئەم سەردەمە زێڕینەی چاپەمەنیی کوردی لە باشووری کوردستان، وەرگێڕان لە زمانەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی برەوی پەیدا کردوە. ئەمەش شتێکی سروشتی‌و چاوەڕوان کراوە. ناکرێ بە دەیان دەزگاو ناوەندی بڵاو کردنەوە هەبن، سەدان گۆڤارو ڕۆژنامەو حەفتەنامەو... دەربچن‌و،ئەم هەموو ڕادیۆو تەلەفیزیۆنە خەریکی بڵاو کردنەوەی بەرنامە بن، بەڵام "وەرگێڕان" بڕەو ورمێن پەیدا نەکا. چونکە لە لایەکەوە بە بێ بابەتی وەرگێڕدراو ئەو هەموو لاپەڕەو بەرنامانە پڕ نابنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە نیازی خوێنەرو کۆمەڵگا وادەکا پەنا بۆ وەرگێڕان ببرێ. بە تایبەتی کە ئێمەی کورد وەك نەتەوەیەکی لە پاشکەوتوویی‌دا ڕاگیراوو، بە درێژایی مێژوو سەرکوتکراو بێبەش کراو نەمانتوانیوەو فریای ئەوە نەکەوتووین کە لە زۆر بواری زانستی‌و فیکری‌و کەلتووری‌دا، سامانێکی دەوڵەمەند بەرهەم بێنین‌و بەشێکی گەورە لە پێویستی‌یەکانی کۆمەڵگای خۆمان دابین بکەین.

دیارە ئەو نەتەوەو کۆمەڵگایانەش کە لە هەموو یا زۆربەی بوارەکانی زانست‌و ڕۆشنبیری‌و ژیان دا پێش کەوتوون، دیسانەکە لە پردێکی پێوەندیی نێوان زمان‌و کەلتوورەکان کە ناوی وەرگێڕانە، بێ منەت نین. هەم بۆ سوود وەرگرتن لەو زانیاری‌و زانست‌و سامانە مەعنەوی‌یانە کە زمانەکانی دیکە ئامرازی دەربڕین‌و ڕاگوێزتنیانن، هەم بۆ ئەوەی کاڵاو مەتاعی خۆیان‌و بەرهەمی جۆراوجۆری بیرو هزرو هونەرو ئەزموونی خۆیان بخەنە بەر دەستی‌میللەتان‌و کۆمەڵگاکانی دیکە، ناچارن دەستەو داوێنی وەرگێڕان بن.

ئەوەی ئێستا لە کوردستان لە بواری وەرگێڕان دا هەیە، ڕەنگە بکرێ ناوی بزووتنەوەی وەرگێڕانی لەسەر دابنێین. چونکە ڕووبەرێکی فراوان لە کاری ڕاگەیاندن‌و چاپ‌و بڵاوکردنەوەو ژمارەیەکی زۆر لە قەڵەم بە دەستانی ئەو بوارانەی بە خۆوە خەریك‌و سەرگەرم کردوە، لە ڕێگای هێنانی بیرو ئەندێشەی نوێ‌و کەم ناسراوەوە، کاریگەریی لەسەر ڕوانین‌و بیری ڕووناکبیران‌و خوێندەوارانی کوردستان هەبووەو، بە ئامانجی هەرچی زیاتر سوود وەرگرتنی خوێنەری کورد لە بەرهەم‌و دەسکەوتە فکری، ئەدەبی، هونەری‌و زانستی‌یەکانی گەلانی دیکە، دەچێتە پێش.

لەو نێوەدا کەم‌و کووڕی‌یەکی زۆر بەرچاو هەیە. ئەویش نەبوونی ئەو کارانەن کە بۆ پەروەردە کردنی وەرگێڕو ناساندنی هونەری وەرگێڕان پێویستن. ڕاستە کە وەرگێڕەکان نەك لە پەیمانگەو زانکۆکان دا بەڵکوو لە ڕەوتی کارو کردەوەو وەسەریەکنانی ئەزموون دا، پێ دەگەن، بەڵام ئەوە بە مانای ناپێویست بوونی کۆلیژی تایبەت بە وەرگێڕان نیە، کە لە کوردستان هەم بە ژمارە ئەم جۆرە کۆلیژانە کەمن، هەم تازەکارن. ئەو پرسیارەش لە جێی خۆی دایە کە ئایا کۆلیژەکانی وەرگێڕان ئەو کەم‌و کووڕیانە دەبینن کە ئێمەی کورد لەبواری وەرگێڕان دا هەمانەو، داخوا بۆ چارەسەری ئەوان بەرنامەیان هەیە یان دەتوانن هەیانبێ؟ مەبەستم لە کەم‌و کووڕی‌یەکان، نەبوونی ئەو جێگایانەن کە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان هەڵ دەسەنگێنن‌و ڕەخنەیان لێ دەگرن، ئەزموونی وەرگێڕە بەتواناکانمان دەخەنە بەر سەرنجی وەرگێڕە تازەکارەکان‌و هۆگرانی وەرگێڕان، ئەو بوارانە دەست نیشان دەکەن کە دەبێ لێیان وەربگێڕین.ئەو هەوڵە زۆرە، بەڵام بەربڵاوانەی لە بواری وەرگێڕان لە کوردستان دا هەن بە جۆرێك لە جۆرەکان پێکەوە دەبەستنەوەو، واکەن لە ئاستی کوردستان دا پلان‌و پڕۆژە بۆ پێگەیاندنی وەرگێڕ، ویراستارو ئەنجامدانی کاری وەرگێڕان هەبێ. بە ڕاستی چ شتێك هەیە ئەو هەموو دەزگاو ناوەندی تایبەت بە وەرگێڕان‌و بڵاوکردنەوەو سەدان وەرگێڕو هەزاران ئۆگری وەرگێڕان‌و ژمارەی زۆری خوێنەران لێك کۆ بکاتەوەو، ببێ بە تریبونی هەر هەموویان بۆ ئاڵو گۆڕی بیروڕاو قسەکردن لە لایەنە بە هێزو لاوازەکانی ئەم بوارە؟ تەنانەت گۆڤارێکی وەرزانەی زانستی‌و کەلتووری بۆ ئەم مەبەستەمان نیە! ئایا بە ڕاستی پێویستیمان بە ناوەندێکی ئەوتۆ نیە؟ ئەگەر پێویستی‌یەکە هەیە، بۆچی دڵسۆزان‌و خەمخۆرانی ئەو بوارە، هەنگاوی بۆ هەڵ ناگرن؟

## خەڵات وەرگرانی حەفتاوحەوتەمین خولی ئوسکار











شەوی یەك شەممە ٢٧ی فێوریە، حەفتاوحەوتەمین خولی بەخشینی خەڵاتەکانی ئوسکار لە هولیود بەڕێوەچوو و فیلمی "کچی میلیۆن دولاری" (MILLION DOLLARY BABY) لە دەرهێنانی کلینت ئیستوود، ئەکتەرو دەرهێنەری ئەمریکایی، خەڵاتی باشترین فیلمی وەرگرت. ئەم فیلمە کە بۆ ٧ خەڵاتی ئوسکار کاندیدا کرابوو، خەڵاتەکانی باشترین فیلم‌و باشترین دەرهێنانی وەدەست هێنا. "هیلاری سوانك"و "مۆرگان فریمەن" ئەکتەرانی کۆنەکاری ئەمریکاییش، سەبارەت بە بەشدارییان لەم فیلمەدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنی ڕۆڵی یەکەم‌و باشترین ئەکتەری پیاو (لە ڕۆڵی تەواوکەردا)یان وەرگرت. چیرۆکی ئەم فیلمە لە بارەی کچێکەوەیە کە ئارەزوو دەکا ببێ بە قارەمانی وەرزشی بۆکس.

هیلاری سوانك بەسەر چەند ڕقەبەرێکی وەك ئانت بنینگ، کیت وینسلت‌و ئیمیلدا ستونتون دا سەرکەوت‌و بۆ دووهەم جار خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنی وەرگرت. هیلاری ساڵی ١٩٩٩یش ئەم خەڵاتەی بۆ فیلمی "کوڕەکان ناگرین" وەرگرتبوو. لە بەشی باشترین ئەکتەری ژن (لە ڕۆڵی تەواوکەردا) کیت بلانشت سەبارەت بە بەشداری لە فیلمی "ئاسمانگەر"دا خەڵاتی ئوسکاری وەرگرت.

ئوسکاری باشترین ئەکتەری پیاو لە ڕۆڵی یەکەم دا، ئەمساڵ درا بە جیمی فاکس بە بۆنەی وەرگرتنی ڕۆڵی "ڕی چارلز" گۆرانیبێژی ڕەش پێست لە فیلمی "ڕی"دا.

**باشترین دەرهێنەر**

کلینت ئیستوود بۆ جاری دووهەم خەڵاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرت. ناوبراو ساڵی ١٩٩٢یش بەبۆنەی فیلمی "نەبووراو"، ئەم خەڵاتەی پێدرابوو.

فیلمی "ئاسمانگەر" کە ڕقەبەری سەرەکیی فیلمی "کچی میلیۆن دولاری" بوو و مارتین سکور سیزی دروستی کردوە، بۆ ١١ خەڵاتی ئوسکار کاندیدا کرابوو کە ٥ خەڵاتی وەرگرت: (باشترین ئەکتەر ژن لە ڕۆڵی تەواوکەردا)، باشترین دانان (تدوین) باشترین دەرهێنانی هونەری، باشترین جلوبەرگ، باشترین وێنەهەڵگرتن. چیرۆکی ئەم فیلمە باسی ژیانی "هوارد هیوز" میلیۆنێری ئەمریکایی دەکا کە پێشڕەو بوو لە سنعەتی ئاسمانگەری‌دا.

خەڵاتی باشترین فیلمی دەرەوە، درا بە فیلمی ئیسپانیایی "دەریای دەروون" کە ئەلیخاندرۆ ئامنابار دروستی کردوە. لە ڕێورەسمی حەفتاوحەوتەمین خولی بەخشینی خەڵاتی ئوسکاردا، خەڵاتی تەمەنێك تێکۆشانی هونەری درا بە سیدنی لومت دەرهێنەری کۆنەکاری ئەمریکایی.

B.B.C persian

## مرواریی دەریای وشە

### پەندی پێشینیانی میللەتان

**هەتا ڕکە (قەفەس) تەنگتر بێ، ئازادی خۆشەویست تر دەبێ. (ئاڵمانی)**

**بوختان وەك ڕەژی وایە، ئەگەر نەشت سووتێنێ، ڕەشت دەکا. (ڕووسی)**

**بە خۆشی ڕابواردن لە کۆخێکی بچووك، باشترە لە گریان لە کۆشکێکی ڕازاوەدا. (فەرانسەیی)**

**چاکە لە جیاتی چاکە لە دەست هەموو کەس دێ، بەڵام وەڵامدانەوەی خراپە بە چاکە، کاری جوامێرانە. (تورکی)**

**خەوتووەکان، بەشیان لە سەرکەوتن دا نیە. (ئاڵبانیایی)**

**لە کاتی دادگایی کردنی مریشك دا، نابێ ڕێوی قازی بێ. (چینی)**

**ئەسپی توندڕەوی پێشبڕکێ، بار نابا. (سکاتلەندی)**

**ئەگەر دەتەوێ لەبەر دەم قازی نەوەستی، هەمیشە لە پشتەوەی قانوون بڕۆ. (ئینگلیزی)**

**جەهەننەمی ڕاستەقینە ویژدانی ئازارچێژە. (ئاڵمانی)**

**ژن‌و ژیانیان گوتوە. (کوردی)**

## کۆچی دوایی دامەزرێنەری ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون



شەوی هەینی ٢٥ی فێوریە، پیتێر بینانسون، دامەزرێنەری ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون لە شاری ئاکسفوردی بریتانیا، لە تەمەنی ٨٣ ساڵی، کۆچی دوایی کرد.

بینانسۆن پارێزەرێکی بریتانیایی بوو. ساڵی ١٩٦١ دوای ئەوەی ڕاپۆرتێکی لەبارەی گیرانی دوو خوێندکاری پورتەغالی خوێندەوە، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوونی بنیات نا. ئەم ڕێکخراوەیە، بەرەبەرە لە سەرانسەری جیهان دا خۆشەویست بوو و ورەو ئازایەتیی بە میلیۆن مرۆڤی قوربانیی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە خەبات دژی ستەم‌و بێعەداڵەتی‌دا بەخشی.

"ئێرێن خان" سکرتێری گشتیی ئەم ڕێکخراوە ڕایگەیاند: "ژیانی پیتێر بینانسۆن، شایەدی‌یەکی ئازایانەیە لەبارەی وەفاداری‌و دەروەستیی ناوبراو لە خەبات بە دژی بێعەداڵەتی‌دا. بینانسۆن خەڵکی لەو ئازارو ئەشکەنجانە ئاگادار دەکردەوە کە لە بەندیخانە تاریکەکان، لە ئەشکەنجەگا ترسناکەکان‌و لە ئۆردووگاکانی مەرگ دا هەن. "خان" گوتی: دامەزرێنەری ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون پیاوێك بوو کە ویژدانی لە جیهانێکی تاریك‌و سامناك دا دەدرەوشایەوە. بینانسۆن بڕوای بە توانایی خەڵکی ئاسایی بۆ پێکهێنانی گۆڕانی گەورە هەبوو.

بینانسۆن لە ٢٨ی مانگی مای ١٩٦١، وتارێکی لەژێر ناوی "بەندی‌یە فەرامۆشکراوەکان" لە ڕۆژنامەی ئابزێروێردا بڵاوکردەوە. بانگەوازەکەی ئەو، بزووتنەوەیەکی وەڕێخست کە هەزاران ئەندامی لە سەرانسەری جیهانەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

پیتێر بینانسۆن لە ٢٥ ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەی‌دا، شەمێکی هەڵکرد کە بە تەلدڕوو دەوری درابوو. ئەم شەمەو تەلدڕووەکەی دەوری، ئێستا بوون یە ئارمی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون لە چل‌وچوارەمین ساڵی تێکۆشانی‌دا گەورترین ڕێکخراوی سەربەخۆی پشتیوانی مافی مرۆڤ لە جیهان دایەو زیاتر لە میلیۆنێك‌و دووسەد هەزار ئەندام‌و لایەنگری لە سەرانسەری دنیادا هەیە.

